هەندێ ووتارو چاوپێکەوتنی وێژەیی

خالید دلێر

١٩٨٥

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردي - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

هەندێ ووتارو
چاوپێکەوتنی وێژەیی

بەشی یەکەم

خالید دلێر

١٩٨٥

لە چاپخانەی (الحوادث) لە بەغدا لەچاپدراوە

پێشکەش بە

ئامینەی کچی ئەمین چاوشینی کوڕی مستەفای یاسینی بێ

— لە شاری کۆیە لە دایك بوو بوو ، تەمەنی بە لێکدانەوەی من لە دەور و بەری چل ساڵ دا بوو .

— ئافرەتێکی هێمن و لەسەر خۆ و خۆڕاگر و دڵ پاك و سادە و مشوور خۆزی ژیانی ماڵ و منداڵی خۆیو کەی بانووی چاك بوو .

— هەموو سەردەمی ژیانی لە کوێرەوەریدا بە سەر برد بوو مردنەکەشی هەر بە ئازار و ئەشکەنجە گەیشتەکام .

— تا ئەمڕۆ ، وەك سەربازێکی نەناسراو ، ژنێکی باش و خزمەت گوزار و بێ ناوە .

— ئەمڕۆ ، هەر بە ڕێکەوت ، ئەم کتێبەلە بیرەوەری ٢٩ ساڵ تێپەڕ بوون بە سەر کۆچی دوایی ئەودا (٥/ی/حوزەیرانی/١٩٥٥) نووسینەوەی تەواو بوو .

— ئەو ئافرەتە دایکی من بوو .

— ئەمەکی دایکایەتی و پیرۆزی و خزمەت گوزاری خۆی و

خۆشەویستی‌ی بێ سنووری بۆمن ، ڕێکەوتەکەشیان لەگەڵدابێ هەموو ئەمانە بەسەرم دا دەسەپێنن کە پێشکەش کردنی ئەم کتێبە وەك دیاری‌یەکی بچکۆلانە ، لە جگەرگۆشەکەی خۆیەوە ، کە هەتا هەتایێ خۆی بە قەرزاری ئەو دایکە دەزانێ ، تەنیا حەلاَل و زەلاَلی ئەوبێ ، وەك ئەو شیرە پاك و حەلاَڵەی کە داویەتی پێم • لەگەڵ دوو دڵۆپ فرمێسکی ڕێزلێنانیشدا •

— هەڵبەت خوێندەواری بەڕێزیش ئەم ڕاستی‌یە لەبەرچاودەگرن کە ئەوی دڵسۆزی بۆ دایکێکی وەها نەبێ ، بۆ کورد و کوردستان و بۆ هیچ مەسەلەیەك و بۆ هیچ کەسی دیکەشی‌ی نابێ •

سلێمانی ـ ٥ی حوزەیرانی ـ ١٩٨٤

« سەرەتا »

نەتەوەکەی ئێمە ، بە تایبەتی چینە نەدارەکانی ، زۆر شتی چاك و پێناسی مرۆڤانەی تێدایە • یەك لەوانە ، بە ئەمەکی و بە چاکە زانینێکی قووڵە • هۆی ئەمەش بەشێکی زۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆر چەوسێنراوەتەوەو زیاتریش ئازار دراوە • هەر ئاغا ، بەگ ، شێخ، سەردار ، یان هەر لایەکی‌دیی ، ڕاست بووەتەوە ، کێشاویەتی بە تەوقی سەری‌دا و ئەوەندە لە هۆیەکانی ئەو بارە نا سروشتی‌یە پرسیاری لە خۆی کردوە ، بۆ بەم جۆرە مامەڵەم لەگەڵدا دەکەن ؟ تاوانم چی‌یە ؟ وە ئەوەندەش بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گەڕاوە و بیری کردۆتەوە ـ جا لەم هەوڵ دان‌و بیرکردنەوانە دا تا چ ڕادەیەك گەیشتووەتە مەبەست یان نا ئەوە ، جێگەی تێڕەنی‌یە ـ مرۆڤی بیر کەرەوەش هەستی وورد و ناسك دەبێ ـ بەم جۆرە ، هەستی مرۆڤانەی نەتەوەکەمان ـ مەبەستم چەوساوەکانە ـ بە ڕادەیەك ناسك و سرك و هەستیار بووە ، کە بچووکترین چاکەی لە یەکێك دیبێ ، بە لایەوە کردارێکی زۆر گەورە بووە و بێ‌ی زانیوە و دوو چەندانە و چەند چەندانە گەورەی کردۆتەوە ئەمە بە پێ‌ی ئەو ڕاستی‌یە کە زور جار شتی باش و خۆش بە زۆر دیتن و چەشتنی شتە‌خراپ و ناخۆشەکەی پێچەوانەیەوە دەزانرێ یان هەستی پێ دەکرێ • وەك یەکێ کە تاریکی زۆر دیبێ نرخی ڕووناکی لە یەکێکی دیی باشتر دەزانێ ••• و هتد •

لەگەڵ ئەمەشدا ، دیاردەی درەنگ بە خۆ کەوتنیش هەیە بۆ چاکە و پاداشت دانەوەی • ئەمیش هەر بە هۆی زۆر چەشتنی تاڵی و سوێری چەوساندنەوە و ستەم لێ کردن و سەر لێ شێواندنیەوە ، یان بە هۆی نەبوونی و دەست نەڕۆیشتنەوە کە ئەمیش بەری تاڵی هەمان درەختی نا ڕەسەنە • بە هۆی تێدا بڵاوبوونەوەی گیانی گوێ پێ نەدان و پشت بە ڕۆژگار بەستن و بەڕەڵلایی و ناڕێکی و شێواوی لانەکانی ژیانی و پاشماوەکانی دیکەی خووڕەووشت و پێناسەکانی ژیانی جووتیاری و ڕژێمی دەرەبەگایەتی‌یەوە • زۆر جار لە پاش تێپەڕبوونی هەل و مەرج و دەرفەتی گونجاو ، ئەوجا دەکەوێتە خۆیەوە و کە ئەو کاتەش هەڵێکە لە دەستچووە و تازە بە پەنجە بۆ کرۆشتن و دەست لە دەست دان نایێتەوە •

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دوو دیاردەیەی سەرەوە ، دەگەینە ئەو ڕاستی‌یە کە نەتەوەکەمان ، زۆر ، وە زوو هەست بە کردەوە و بەرهەمی پاشی پیاو چاك و زانا و شاعیر و بوێژ و هونەرمەندەکانی دەکا ، بەڵام درەنگ دەکەوێتە خۆی بۆ چاکە و پاداشت دانەوەیان • زۆربەی زۆری ئەو ڕۆڵە هەڵکەوتووانە ، هەتا لە ژیاندا ماون ، لە کوێرەوەری و نەبوونی و پەرێشانی‌دا دەتلێنەوە و سەر دەنێنەوە • لە پاش کۆچ کردنیان دا ئەوجا خەڵك دەکەونە کۆکردنەوەی بەرهەمەکانیان و ڕێز لێ نانیان • لەبەرچاومانە کە مامەڵە کردن لەگەڵ بە دەیان شاعیر و هونەرمەندی گەلەکەماندا ، بەڵگەی ڕاستی‌ی ، ئەم بۆ چوونەن کە بەر لە من خەڵکی دیش نووسیویانە و گوتوویانە •

بێ گومان هەتا زووتر و زیاتر ئەم باری چەوساندنەوە و لق و چڵە زەهراوی‌یەکانی کە لەگەڵیدان ، لەسەر نەتەوەکەمیان سووك ببێ و

زیاتر ڕووناکی زانست و بیروباوەری پێشکەوتن خوازی بگەنە ناوچە جیا جیا کانی کوردستانەوە ، خووە چاکەکان لەناویاندا باشتر دەچەسپێن و پەرە دەستێنن و خووەکانی کەم و کوری دەنوێنن خێراتر لە ناو دەچن و نامێنن .

ئەم ڕاستی یە بۆ ئەوە نا خەمە بەرچاو کە وەها لێك بدرێتەوە کە من مەبەستم ئەوەبێ هەتا لە ژیانم دا ماوم یارمەتی بدرێم و لەم جۆرە لێکدانەوە نا ڕاستانە . چونکە خەڵك لە ژیانی تایبەتی خۆیاندا کە نیشی بۆ خۆیان دەکەن من ئەمە بە یارمەتی دانی خۆم دەزمێرم کە یارمەتی منی پێ دەدەن . دوای ئەوە من خۆم بە بوودەڵە تر دەزانم لەوە کە بە هۆی ئەو ڕاستی یەی لەسەرەوە ڕوونم کردەوە ، خەڵك جێ و ڕێ یەکیان بۆداناوم کە بەپێی ئەوڕێ و شوێنە شایانی یارمەتی دان بم و لەم ڕووەوە من قەرزاری گەلەکەمانم .

ئەو ڕاستی یە بۆ دوو مەبەست دەخەمە بەر چاو . یەکێکیان ئەوەیە کە ڕێگەی کۆکردنەوە و پێداچوونەوەم بە هەندێ لە بڵاوکراوەکانم و چاپ کردنیان بەم شێوەیەی کە لەبەردەستان دایە ، بۆ پاك بکاتەوە . چونکە هەر وەك ووتم من خۆم لە ناو کۆمەڵدا وەك ئەوە دەبینم کە کەمێك لەمەوبەر ڕوونم کردەوە . بۆیە ویستم خۆم ووتار و نووسینەکانم کۆ بکەمەوە و بڵاویان بکەمەوە ئەم ئەرکە بۆ دوا ڕۆژ بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان بەجێ نەهێڵم ، بەتایبەتیش کە بە ناچاری ئەرکێکی زۆر گەورەی دیکەیان بۆ بەجێ دیلم کە ئەویش ئاگاداری کردنە لە (پاڵە)(*)ی کوڕم . ئەو منداڵەی کە سروشت هەموو ئازایەتی و بە توانایی

★ بڕوانە هۆنراوەی (پاڵە) ـ گۆڤاری بەیان ژمارە (٧٦) مانگی کانوونی دووەمی ١٩٨٢ .

خۆی بە سەر ئەم و هاو چەشنەکانی ئەو دا نوواندوە • چەندی لە توانام دا هەبێ هەوڵ دەدەم هیچ ئەرکێکی دی نە خەمە ئەستۆیانەوە • دووەمیشیان ئەمەیە :-

ئەوانەی نرخی وێژەی شۆڕشگێڕ و پێشکەوتن خواز بزانن و شتێکی لێ شارەزابن و پێوەندی یە بە هێز و پتەو و لە پسان نەهاتووەکەی نێوان کۆمەڵانی خەڵك و ئەو وێژەوانە بزانن کە خۆی بە لای کۆمەڵانی خەڵك دا ساغ کردۆتەوە و ئەو ڕێبازەی گرتۆتەبەر ، دەزانن کە بوونی متمانە و پشت بە یەکتری بەستنی ئەم دوو لایەنە چەند گرنگ و بنەڕەتی‌یە بۆ هەر دوو لایەکە •

ئەوەی شتێك لە نووسینەکانی منی خوێندبێتەوە ، بۆی دەرکەوتووە کە متمانە و پشت ئەستووری من بە جەماوەری نەتەوەکمان و بەر چاو ڕوونیم بۆ دوا ڕۆژی پڕ لە سەرکەوتن و بەختیاری ئەوەندە بەهێز و قایم و بێ سنوورە ، کە پێویست نابینم هیچی دیکەی لەسەر بنووسم و لێی بدوێم • وا بزانم هەر ڕوون کردنەوەی ئەم مەبەستە لێرەدا و بەم شێوەیە ، بەڵگەیەکی بەتین بێ بۆ ئەم ڕاستی‌یە • بەڵام متمانەی گەلەکەشم ، یان ئەو جەماوەرە بەش خوراو و چەوساوەیەی کە من قەڵەمەکەم بۆ خزمەتی مەسەلەکانیان تەرخان کردوە ، ئەو متمانە و بڕوایی پێ بوونەی ئەوان کاریگەرتر و لانی هەرە گرنگی سەرکەوتن و سەر نەکەوتنی هەموو وێژەیەکە • متمانەی جەماوەر بە قەڵەمەکەی من ، بە قەڵەمی خۆی دەزانێ یان نا ، بڕوایی پێ بوونەکە هەیەیان‌نا ؟ چەندە؟ چۆنە ؟ ئەمە هەر چەندێ بێ ، هەر چۆنێ بێ بەلای منەوە هەر کەمە و پێویستی بە هەوڵ دان هەیە ، بۆ پەیدا کردنی ئەگەر دوور بێ هەر نەبێ ، بۆ زیاد کردن و پەرە پێدانی ئەگەر هەبێ ، بۆ پتەو و قووڵتر

کردنەوەی ئەمە ئەگەر ئەو متمانەیە زۆربێ و بەمە شکۆداربم ، کــە بەلای منــەوە تەنیا ئەمــە ڕێی ژیان و بــە فیرۆ نــە چوون و تەمری ویژەوان و هەموو کەسێکی دیکەشە .

بۆ ئەم دوو مەبەستە ، کــە هیچ کامێکیان بەبێ ئــەوی دیی نایەتە دیی ، یان ڕاست هیوای هاتەدیی لێ ناکرێ . وائەم بەرگەم چاپ کرد بەمە ، مەبەستی یەکەم دێتە دیی ، بەڵام ئایا مەبەستی دووەمیش دێتە دیی و من شایانی ئەو بەرزی یەبم ؟ تێوە بڵێن ئەمە بێ ؟ دڵنیام لەوە کــە هەر بڕیاری جەماوەر ڕاست و سەرەکی و هەموو شتێکە .

بۆ ئاگاداریتان ، ئــەم ووتار و چاوپێــکەوتانە ، هــەموویان و بە تێــکڕایی ، بە تایبــەتی ئەوانەی بڵاوکراونەتەوە پاش ئەوەی پێیان دا چوومەوە و لێرە دا نووسیمنەوە ، هەوڵم دواە دەقەکانی کاتی نووسینیان بپارێزم و زۆر کەم نەبێ دەسکاریم نە کردوون . سوپاستان دەکەم .

خالید دلێر
سلێمانی / گەڕەکی کارێزمووشك

١٩ی حوزەیران / ١٩٨٤

پێشنیارێك (١)

ئەم ووتارە لە لا پەڕە یەكی ژمارە (١٢٠٠) ی ڕۆژنامەی (ژین) ی ڕۆژی پێنج شەممە —— ٢٠/٥/١٩٥٤دا بڵاوكراوەتەوە • بەبێ دەسكاری تێـدا كردن دەینخەمەوە بەر چاو • پەراوێزەكانی لە كاتی خۆی دا نـە نووسرابوون چونكە پێویستی‌یان بە نووسین نە دەكرد • لەم دوایی‌یەدا نووسیومن •

• وەكوو ئاشكرایە كـە یەكێك لەو هەقانەی كە گەلانی گیتی هەیانە (هەقی خوێندنە)بە زوبانی خۆیان وە خوێندنی مێژووی ڕابردووی باوكو باپیریانە.وە خوێندنی بوێژ(٢) (أ د ب) ی خۆیانە • ئەو بوێژەی كـە لە ناو جەرگەی هۆز وەردەگیرێ وە ئاوێنەی ژیانی ئەو گەلانەیە كە وێنەی چۆنیەتی ژیانی ئەو هۆزە ئەداتەوە •

یەك لـەو هۆزانەی گیتی هۆزە قارەمانەكەی ئێمەیە كـە هەتا ئێستا توانیویەتی زوبان و بوێژی خـۆی بپـارێزێ وە بەرەو پێشـەوە ببات • نەتەوەی كورد لە خوێندن و نووسین بە زوبانی خـۆی بێ بەشـە لـەم كـاتەدا • هـەر چـەند كاك (ع•ب)(٣) ئەڵێ لـە قوتابخانە دەست پێ كراوەكانی(٤) كوردستانی عیراق بە زوبانی كوردیە • بەڵام دیسان لـە هـەموو قوتابخانە ابتدائیەكان نیـە • بۆ نموونە نزیكترین جێگا لە كاك (ع•ب) لـە شارەكەی خۆی (كۆیە) كە هـەتا ئێستاش خوێندن لـە

قوتابخانەی کیژانی ابتدائی هەر بە عارەبیە • ئەمە جگەلەوەی کـە لە قوتابخانە ناوەنجی یەکان و بەرزەکان قوتابیەکانی کورد بێ بەشن لـە خوێندن بە زوبانی(٥) خۆیان • ئەمە لە لایەن خوێندنەوە •

بەلام لـە لایەن نووسین بە زوبانی کوردی ، ئەگـەر بڵێم نەتەوەی کورد بەشی لە نووسین زیاتر نی یە لە خوێندن بە زوبانەکەی لام وایە بە هەڵە نە چووبم چونـکە ئاشکرایە لە کوردستانی عیراق هەفتە و هەفتـە تاکە یەك ڕۆژ نامە دەر ئەچێ کە (ژینی خۆشەویستە) ئەویش لاپەڕەکانی چـوار یـەکی ڕۆژنامـە عارەبیەکـانە وە ڕۆژنامـەیەکی بوێژی و کۆمەلایەتی یە • وە ساڵەوساڵ سێ (٣)یا خود چـوار پەڕتوك (کتاب) بە زوبانی کوردی دەربچێ یاخود نا • ئەمـە باسێکی کورتی خوێندن و نووسینە بە زوبانی کوردی کە ئەم بارە لە بناغەوە بە پێچەوانەی هـەقی نەتەوایەتی کوردە کـە هەقی (خوێندن و نووسینە بە زوبانی خۆی) من یەکێـکم لـەو کوردانەی کـە پڕ بە دڵیان حەز ئەکەن زوبانی پشتاو و پشتی باوك و باپیریان بلاوبێتەوە و پێش کەوێت ، بە پێویستی ئەزانم کە هـەوڵ بدرێ بۆ ئیزن وەرگرتن لـە وەزارەتی کاروباری (الداخلیة) بۆ پێك هێنانی لیژنەیەك لە بوێژ و نووسەرە گەورەکانی کورد تا ئەم لیژنەیە هـەوڵ بـدات بۆ پێش خستی نووسینی کوردی چ هـەڵبەست و چ نووسین و ووتار و چ چیرۆك بە دانانی خەلات وە پشت گیری نووسەر و شاعیرە کوردەکان بکات بۆ بلاوکردنەوەی نووسراوەکانیان ئەم لیژنە یە ڕۆژنامەیەك یا گۆڤارێك بە زوبانی خۆیەوە دەربهێنێ وە هەوڵ بدات بۆسەندنی هەقی نەتەوەیی‌مان لە خوێندن بە زوبانی کوردی لە هـەموو پایەیەکی‌خوێندن دا بە هۆی بەرپا کردنی هێرش بۆ ئـەم هـەقە لە ناو مەجلیسی نوێنـەران (مجلس نیابی) وە لە ناو ڕەوشەن بیرانی عیراق وە لە خەڵك بگەیەنێ کە ئەو هـەقە هەقێـکی دەستووریو قانوونی و

نەتەوایەتی‌یە • ئەوەی شایانی باسە ، کە ئەم لیژنەیە گەلێك کۆ-ی دێتە پێش لە کاتی ئیش کردنی بەڵام من دڵنیام کە هیچ کۆسپەیەك خۆی ناگرێ لەبەر قوڵنگی ئیشکەران وە هیچ شتێك بە بێ زەحمەت وە دەس ناهێنرێ •

هیوادارم کە ئەم (پێشنیارە) جێگەی خۆی بگرێت وە من لەو پێشنیارەدا بە ڕاستم نەزانی کە چۆنیەتی ئیش کردنی ئەو لیژنەیە بنووسم • بەڵکوو ئەمە ئەکەوێتە سەر شانی ئەندامانی ئەم لیژنەیەو توانای ئەوان » •

- پەخشا -

ئەی خامــە

ئەم ووتارە ، شێوە پەخشانە ، لە ڕۆژنامەی : [ژین ـ ژمارە /١٢١١ ساڵی ٢٩ ـ پێنج شەمو ١٩آب/١٩٥٤ ـ لاپەرە (١)]دا بلاو کراوەتەوە ڕاست کردنەوەی ڕێنووسەکەی نەبێ ، ئەوەی دیکەی بە دەقی خـۆی دەخەمەوە بەرچاوی خوێنەر .

« دەستەوداماتبم ئەی خامـە ، ووردترو دوور بین تر بە ، لـە نووسینەکانتا . بۆ ئەوەی ژیانی گـەل دیار بخەیت بە تەواوی وە بە بێ کەم و کورتی . تاوەکوو باشتر گـەل لە ژیانی خۆی بگات ، هەروەهاش بەر چـاوی دوژمنی بخە ، تاوەکوو ئەویش بزانی کەوا گەل خامـەی وەك تۆی هەیە کە بەم جۆرە بە ووردی لە ژیـانی گەل ئەکۆڵێتەوە و بە نووکە باریکەکەت ڕێـگای ژیانی گەل بە دەر ئەخەی .

ئەی خامـە ! گـەل نووسراوە شینەکەی تۆی بـە نووسراوێکی ڕووناك دێتـە بەر چاو چونـکە ڕووناکی ژیانی لـە ناوا ئەبینێ . بەڵام دوژمنـانی گەل نووسراوە شینەکەی تۆیان بە شین ترو بە ڕەش دێتـــە بەرچاو ، چونکە دوژمن ئەزانێ کە نووسراوە شـینەکەی تۆ هەش[٦] بۆ ئەو کۆنەکانەوە کە ڕۆژێك دێت ئەو هەشە کۆکراوەیە بەسە ، بۆ سەری ئەو دوژمنەو نقوم بوونی لەشی ئەو لەناویا .

ئەی خامـە !

ئــەو دوژمنە ئەزانی کـە هـەر چەندە ێنی تۆ سستە ، بەڵام هیچ

نرخێك نیە بۆ ئەو ئیشە سستەی تۆ تەرخان بکرێت • لەبەر ئەوەیە ، بە هەموو توانای خۆی هەوڵ ئەدات بۆ کڕینت ، بە هەر نرخێك بێت چونکە بە هەر نرخێکی تۆی بێ بکرێت لای ئەو هەر کەمە • بەڵێ دوژمن هەستی بەوەکردوە ، گەلیش زیاتر هەستی بەوە کردوە • لەبەرئەوەیە گەل بە هەموو توانای خۆی پارێزگاریت ئەکات‌و تۆی کردۆتە ڕەهبەری خۆی •

ئەی خامە !

دوو بارە تکات لێ ئەکەم کە بە ووردی و ڕاستی ژیانی گەل دیاربخە و بە گەلی نیشان بدە • بنووسە لەسەر ژیانی ناهەمواری تیستەکەی و وێنەی ژیانی دوا ڕۆژی گەل بو گەل بکێشە ، ئەو ژیانەی کە لە سایەی‌فێنکی ئاسایش لە باخی خۆشبوکامەرانی‌دا دەحەسێتەوە •

ئەی خامە !

وەك تۆ بەڵێنت بە من داوە کە تکایەکانم بەجێ بگەیەنی وە لە نووکە باریکەکەت ژیانی گەل بە دیاربخەی ، منیش بەم جۆرە بەڵێنت پێ ئەدەم (کە هەرگیز بە هەموو سامان و دراوی دوژمنی دەوڵەمەندم نەت فرۆشم ، هەر چەندە نرخی تۆ ئەی خامە تەنها سەد فلسێکە) •

ئەی خامە !

تۆ زۆر حەز ئەکەیت نەشکێیت لەبەرئەوە بەڵێن بێ بەبێ وەستانەوە لە پێناوی ئاشتی دا تێ بکۆشم بۆ ئەوەی بت پارێزم لە شکاندن و لە کار کەوتن وە هەتا بتوانیی‌لە ژێر سایەی ئاشتی‌دا ئاواتم بهێنیتەدیی کە دوانە لەباری ناخۆشی ژیانی گەل » •

ـ گویە ـ

پسه پسێك (همسه) بۆ ناو گوێی ژین

ئەم ووتارەش لە لاپەڕە (١)ی (ژین)ی (ژمارە/١٢٢٨)ی پێنج شەمو ـ ١٦/ کانوونی یەکەم / ١٩٥٤ دا بلاوکراوەتەوە •

« ئەم ووتارە بچکۆلانەیە ، لە ڕێگەی ئەو ڕۆژنامەیەوە ، کە ڕۆژنامەیەکی وێژەیی‌و کۆمەڵایەتی بوو ، خەڵکی لە هێرشی ئەو سەردەمە ئاگادار دەکردەوە کە ئیمپریالیزم و داب دەزگا بە کرێگیراو و کۆنەپەرستەکانی لە عیراق‌و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دا بە دەستیانەوەبوو بۆ سەر گەلانی ئەو ناوچەیەی‌بەن • لە پاش ئەو ووتارە ، زۆری نەخایاند ـ وەك لە بیرم مابێ ـ کە پەیمانی سەنتۆ لە تاران‌دا مۆرکرا » •

دەقی ووتارەکە :ـ

ژینی خۆشەویست ! ئەی تاکە ڕۆژنامەی کوردی لە کوردستانی عیراق دا ، هەر وەك خۆت ئەزانی ، پێویستی‌یەکی زۆر گەورە و گران لەسەر شانی تۆیە ، کە پێویستە وە هیواداریین بە گورجی وە بەبێ باکی هەڵی گری و لە هیچ کۆسپ و کەندێك نەسلەمیتەوە • چونکە لە کۆسپ سلەمینەوە پیاو ترسنۆك و شەرزە ئەکات ، برینگانەوە لە ڕۆیین بەرەو ئامانج ، لەش‌و بیر فێری تەمبەڵی و درێغی کردن ئەکات •

ئەو پێویستی‌یە گەورە و گرانەی لەسەر شانی تۆیە ، کە بەرز

کردنـەوەی زوبان و وێژە (أ د ب)ی کوردییـە (لەسەر شێوەی تازە) وەشان دانە بەری باری کـەچی کۆمەڵایەتیمانە ، بۆ ڕاست کردنەوەی وە دووانە لەو شتانەی بوونەتە هۆی کەچیی و خواری ئـەم بارە ، وە ئاشکرا کردنیانە بۆ کۆمەڵانی خەڵك ، تاوەکوو ئەوسابگەشێتەوە بە وەی کـە ئەگەی بە ئامانج و ئەو سا کە هیچ گومانی تیانییە کە هیچ زارێك نا توانێ گلەیی لە ناو بێتە دەر •

هـەر چـەندە ئێمە ئەزانین لـە گیتی ، هەتا سەر هەر بەهار ، یا هەر هاوین ، وە یا هەر پاییز نابێ (لەم ڕۆژەدا) پاییز بەسەر چـوو ، ئێستا بـەرەو زستانئەڕۆین ، سـەرما دەستی کردەوە بە گوێچـکە و لووت و پەنجـە تەزاندن ! ! بەڵام کـە ئێمـە ڕێبوارین • نابێ لـەو سەرمایە بترسین ، بەڵکوو پێویستە بڕۆین بەرەو ئامانج و قۆناغمان چونکە ئەگەر هەر لەسەر ڕۆینی خۆمان ڕۆیشتین لەشمان گەرم دادێتو سەرمـا کارمان لێ ناکا ، بەڵام ئەگـەر بۆی دانیشتین ، ئـەو ا هـەموو لەشمان ئەتەزێ وە سەرما خۆی لەسەرمان ئەکا بە شێری نەبەز

ئێمـە ئەو پـە پـەت لە گوێ ئەکەین ، ناڵێین لەو چوار چێوەی لەدەوریان کێشاوی سەربهێنە دەرەوە ، بەڵکوو داوای ئەوە ئەکەین لـە ناو چوار چێوەکەدا بجووڵێتەوە ، هەتا سەر ، وە بە بێ درێغی کردن •

ـ گەڕگوولا ـ

هـــيوا

ئەم بەخشانە لە مانـگی تشریـنی دوومی ١٩٥٦ دا نووسـراوە و لە نـامیلکەی (گزنـگی هـەتاو) (٧)دا بلاوکراوەتەوە ٠

هـــيوا

به هێزه

له هەموو هێزێ بە هێزترە

هێزانی ـ هایدرۆژین ـ ئەتۆم ، ئەلەتریك

چ هێزێك لە ئەوان بە هێزترە ؟

هیچ هێزێك لە ئەوان بە هێز تر نیە لەو کاتەدا تەنها

هیوا نەبێ ٠ هیوا لە ئەوان بە هێز ترە چونکە :ـ

٠ ئەوەی هێزی هایدرۆژین و ئەتۆم و ئەلەتریکیشی

دروست کرد ، هیوا بوو ، ٠

هەر هێزێکی تر دروست بکرێ یا بدۆزرێتەوە

بە هۆی هیواوە ئەبێ ٠

لە هەموو تینێ تواناترە

چ شتێك ئیمڕۆ لە مرۆڤ تواناترە ؟

کە دروست کەری ئەو شارستانیەتەیە کە مرۆڤایەتی هەتا ئیمڕۆ

شارستانیەتی وەهای نەدیوە •

کە دروست کەری ئەو پێشکەوتنەیە لە هەموو لایێکی ژیانەوە

مرۆڤ لە هەموو شتێ تواناترە •••• بەڵام

هیوا لە مرۆڤ تواناترە ••• چونکە :ـ

هیوا مرۆڤایەتی لێ خوڕی وە باڵی پێوەنا بۆ دروست

کردنی ئەو شارستانیەتە • وە هەر ئەو لە دوا ڕۆژا

ئەو شارستانیەتەمان پێ دروست دەکا کە ئێستا خەوی

پێوە ئەبینین

هیوایە ، کۆڵەگەی ڕاگری تەلاری ژیان

مرۆڤ بە خوێن و دەمار و گۆشت و ئێسقان ناژێ ، بەڵکو

مرۆ بە هیوا ئەژێ • هەر مەردومێك هیوای نەبێ

مردوە ، با خوێن و گۆشت و ئێسقان و هەموو پێویستی‌یەکی

تری ژیانی هـەبێ •

ئەوانەی هیوایان نیە لە تاریکی‌یەکی بێ سنووردا ئەژین •

ژیان له تاریکیشا مردنه •

جیاوازی چیه بەینی تاریکی گۆڕ و تاریکی سەرزەوی ؟

مەردوم به نەبوونی چاو کوێرنابێ •

به نەبوونی هیوا کوێر ئەبێ •

گەلێ کوێری دڵ بڕ هیوامان دیوه ، کرداری وەهایان کردوه ، که

چاوی چاو ساغەکان بڕوایان به ڕاستی ئەو کردەوه نه

کردوه و سەریان سوڕ ماوه •

گەلێ کوێری هیوادار هەنه گەیشتوونەته پلەی وەها ،

چاو ساغەکان که سەیری شوێنەکانیان ئەکەن ،

کڵاویان لەسەر بەر ئەبێتەوه !!

هیوا

ڕووناکی چاوه

هۆی ژیان و پێش کەوتنه

تواناترین تینه

به هێز ترین هێزه

ـ کەرکووك ـ

ملاحظات حول القصة الكردية

أين الروايات والقصص الطويلة في الادب الكردي

من المعلوم ان فن القصة هو احد الاعمدة الرئيسية التي ترتكز عليها عمارة الأدب الحديث الشامخ بصورة عامة .

والقصة تعد احدى الوسائل المهمة التي يستطيع بها الاديب ان يعبر عن افكاره وآرائه واحاسيسه وملاحظاته حول مشاكله الخاصة ومشاكل ابناء مجتمعه ويبين بها طرق حلها وتسهيلها ويوضح تطلعات شعبه وآماله.

ونظراً لتطور الحياة ومتطلباتها الكثيرة . ومشاكلها وارتباط هذه المشاكل بعضها بالبعض وسعة ميدان التعبير في القصة ، فقد احتلت القصة لنفسها هذا المكان البارز المهم في الادب الحديث .

والقصة في الادب الكردى مع كونها متأخرة ، فقد خطت بعض الخطوات في مضمار التطور والتقدم غير انها لازالت بعيدة عن احتلال مكانها وعاجزة عن اشغال الفراغ الواسع الذي يحيط بها . وسرعة تطور القصة في عصرنا هذا اقل من سرعة تطورها في العهود السابقة بكثير . ففي الوقت الذي نرى ملاحم قصصية رائعة كثيرة من امثال (مم وزين) ، تركها لنا ادباء شعبنا في العهود الماضية لاتزال تحرك اعماق سامعيها وتنال استحسانهم ، نرى القصة الكردية الحديثة متأخرة بكثير .

ولا اقصد بالقصة الكردية الحديثة هذه المجموعات القليلة التي نشرت مؤخرا ، اذ انني والحق يقال لم اقرأ معظمها لحد الآن ولم اسمع من احد ما يشجعني على قراءتها . وانما اقصد المجموعات التي نشرت في سنوات ما قبل ثورة تموز ١٩٥٨ ، وبعدها بقليل . اقول ذلك دون ان انسى وجود بعض القصص الجيدة ، منها على سبيل المثال قصة خانزاد ، للسيد جمال بابان وبعض قصص السيد محرم محمد امين و ـ بووكى زێردەوارى رەش ـ اى عروسة الخيمة السوداء ، التى لا اتذكر مع الاسف ، اسم كاتبها

وارجو ان تكون القصة الكردية قد دخلت فترة الارهاص ، لاسيما بعد ان شاهدت كردستان مآس وآلام في السنوات الماضية تجدر بأن تكون مواضيع تخلق منها روائع قصصية ، وتتمخض في المستقبل القريب عن قصص جيدة تضع نهاية لازمة القصة الكردية .

الملاحظ في القصة الكردية المنشورة لحد الفترة التى ذكرتها سابقا بل واقول لحد الآن ، ان اكثرها قصص قصيرة ولم تنجح الادب الكردى لحد الآن مع الاسف الشديد في انتاج قصص طويلة أو روايات .

والملاحظة الثانية في القصة الكردية هى ان معظمها يتحدث عن مشاكل وآلام دون اعطاء الحل الجذرى او الحل الكامل لها .

غير ان ذلك يجب ان لا يمنع الاديب الكردى من قول كلمته الحقة الفاصلة . وبهذه المناسبة اقول ان رسالة الاديب المقدسة لا تنحصر

في كشف نواقص الحيــاة وعيوبها والتعبيــر عن آلام الشعب وطبقاته المضطهدة لان ذلك هو جزء من رسالته . اما الجزء الأهم فهو تبيان طرق الحل ووسائله والعمل على ادخال هذه المفاهيم عن طريق الانتاج الأدبي في اذهان المجتمع .

اما الملاحظة الاخيرة التي لاحظتها في القصص الكردية القليلة التي قرأتها في المجموعات التي نشرت مؤخرا أي بعــد ايقاف حرب اقتتال الاخوة ، ومع ان الملاحظة تطبق على عدد قليل جدا من تلك القصص ، غير انني ارى من الضروري عرضهـا . والملاحظــة هي تسرع بعض القاصين في الكتابة دون ان يقـوموا بتمحيص دقيق لمجمل الفـكرة او الموضوع الذي تدور حوله القصة ، مما اوقعهم في اخطاء كبيرة . كاحدى قصص السيد احمد اسماعيل المنشورة في كراسته ـ داره‌كه‌ی به‌ر ماڵمان ـ الشجرة المواجهة لبيتنا ـ اذ انه يساوي فيها بين احــد الفدائيين المناضلين وبين احد خونة الشعب وكذلك احدى قصص السيد كاكه مـه‌م فه‌خری المنشورة في مجموعته ـ بوومه له‌رزه‌له گۆمی مه‌ندا ـ زلزال في بركة هادئة ـ ومع كون القصة تقدمية الا ان سياق الفـكرة قاد القاص الى تهويل دور الارهاب والبطش واظهاره بمظهر العامل الحاسم فــي مسألة الصراع بين الحق والباطل .

وختاما اتمنى التحرك الأنشط والاكثر دقة لقصصينا وتقدما مضطردا لهم وآفاقا جديدة للقصة الكردية .

« نشرت لي جريدة النور (العدد ٣٨٦ ـ في ٢٢ـ١ـ١٩٧٠) هذه الاسطر باللغة العربية ، ورايت من الانسب عـدم ترجمتها الى اللغـــة الكردية ، بل ابقائها واعادة نشرها نصا وهي باللغة العربية » .

وجه الي ، في حينه : من ادعى بـانه مراســل جريـدة العـراق ، الصفحة الادبية ، بعض الاسئلة ، حول القضايا الادبية المطروحة في تلـك الفترة ، وهذه هي اجوبتي عليها ، التي لم تنشر في حينه والتي حبـذت بقائها باللغة العربية •

الجواب الاول : ـ

الجواب الثاني : ـ

انتمي الى مدرسة الواقعية الاشتراكية ، وانني مكرس أدبي المتواضع لخدمة المستثمرين والمضطهدين (بفتح الميم والهاء) • ولكون تلك المدرسة هي الوحيدة التي يستطيع من خلالها الاديب والكاتب ـ كل حسب امكانياته واسلوبه ونوع ادبه ـ ان يساهم في عرض قضايا هؤلاء البؤساء والمعدمين وتبيان حلولها ووسائل تحقيقها بشكل جلي وواضح امامهم ويخلق فـي نفوسهم وافكارهم الرؤيا الواضحة والاندفاع والتوثب للقضاء على كـل اشكال الاستغلال والاضطهاد • ويتمثل ذلك اليـوم في التصـدى الحازم للامبريالية والصهيونيـة والرجعية وان يطور الاديب مـن خلالها نفسه وادبه تمشيا مع حاجة تطور المجتمع الى ذلك • فهذه هي المدرسـة التى تشد من تلاحم الشعب والاديب ويدفع هذا التلاحم الاديب الى قمـة الابداع • فتوخيا لتحقيق هذه الاهداف والامنيات وغيرها ، التى اعتبرها قمة ما ابتغيه في الحياة انتمى الى هذه المدرسة •

الجواب الثالث : ـ

الشعر الكلاسى الكردى ـ هى تلك الحديقة الزاهرة ، البديعـة ، التي استطاع فيهـا البستانيون ـ وهم الشعراء الكلاسيون الاكراد ـ العائشين في طبيعة كردستان الباسمة ، ان ينبتوا ويربوا فيها أروع الورود والرياحين ـ وهى قصائدهم ـ التى تعتبر وتعبر عن اعلى واجمل واكمل

ما توصـــل اليها الذوق الشعري الـكردى والقريحة الـكردية في تلك الازمـــان .

امـــا الشـــعر الحـــر الـذى اعـاد ظهوره في دنيـــا الادب وهـــو المعبـر الشعرى الصادق عن معاناة وافـكار واهـــداف شعرائنا الشباب عمرا ، وهو محق كل الحق ـ في هذه الايام والحياة المعقدة ـ في المطالبة بالحرية والانعتاق من بعض قيود الشعر الكلاسى ، ولـكن لا اوافق على اهمال جميع شروط الشعر الكلاسى وعلى الاخص ، الموسيقى الشعرى ، ليكون حقا شعرا لذيذ الطعم وطيب الرائحة ويعبر عن ذاتـــه وعن اماني واهداف الشعب في هذه الحياة السريعة التطور .

الجواب الرابع : ـ

ان الكثيرين من مجموعة (روانـكه) هم مـن اصدقائي ومعارفي ، واقدر النواحي الايجابية في انتاجاتهم الادبية . ومع ذلك فهذا لا يمنعني من قول ما اعرفه عنهم بصراحة . واعتقد ان هذا هو الواجب لا بالنسبة لي ، وانما بالنسبة لكل اديب ولكل انسان ملتزم . ومع ان المجموعة لم تبق كمجموعة موحدة منذ مدة ، غير ان توجيهكم للسؤال بهـذا الشكل يضطرني الى التحدث عنهم بايجاز

ان المجموعة ظهرت ، أول ما ظهرت ، ككتل انتخابى ـ وكان هذا حقا مشروعا لهم ـ للفوز في المؤتمر الاول لاتحاد الادباء الاكراد الـذى كان من المقرر عقده في بداية (حزيران ١٩٧٠) على ما اتذكر ، كانت المجموعة ، بصورة عامة تتكون من عدد من الادباء الشباب ، غير موحدى الفكر والنهج . اما بيانهم الأدبي ، الذى نشروه ، ورفضوا فيـه الواقع الادبي السائد آنذاك فكان وسيلتهم للظهور ككتل ادبى يجلب الانتباه ،

وعندما لاقوا بعض التشجيع من لدن بعض الشباب ، ادعت المجموعة بانها هي التي خططت النهج الادبي الكردي الحديث الذي يرفض الواقع الادبي برمته .

فكانت المجموعة فكريا وطبقيا من البرجوازية الصغيرة ، وكانت مجموعة تائهة ، ففي الوقت الذي رفضت الواقع الأدبي بمحاسنه ومساوئه لم تستطع ، وهي في هذه الحالة الفكرية ، ان تأتي بواقع كنلوكي بل تاهت في متاهات تصوراتها . اذ ان رفض الواقع برمته - اي واقع كان - لا يصح ، ولا يمكن حتى الثورة عليه دون الاعتماد على بعض الاجزاء الصالحة منه ، او الممكن اصلاحها لذلك الواقع . ولا يشعر الان بوجود المجموعة ، ولعل اهم عوامل ذلك هو عدم وجود الفكر بين افرادها كما قلت . وقد سبقت وان ظهرت حالات مماثلة في ادب كثير من الشعوب الاخرى .

الجواب الخامس : -

اهم قصائدي التي الفتها الى هذا التاريخ ، حسب رأيي ، هي قصيدة لم تنشر لحد الآن وهي بعنوان (هدية أيار المتواضعة) وتتكون من ثلاثة فصول . ففي اولاها تعرض قضية الطبقة العاملة كقضية بصورة عامة . وقد تم نظم هذا الفصل ويتكون من مائتين وستون بيتا (٨) والفصل الثاني يعالج فيه كيفية حل هذه القضية . اما الفصل الاخير فيوضح العلاقة القوية بين هذه القضية وبين المسألة الوطنية . وآمل ان انجز نظم الفصلين الاخيرين ايضا .

١/ تشرين الاول / ١٩٧٦

فۆلكلۆرەكامان تۆماری تۆمار نەكراو

فۆلكلۆر   ، ئــەو ووشەیەی كە لە ساڵی ١٨٤٧
ی ئینگلیزی دایهێناوە ، لــە میــراتی دێرین و لە
مێژینەی نەتەوایەتی زۆر و زەبەند داءئەو هونەر و پیشەسازی و كردەوەو
یاری‌یە جۆر بــە جــۆر و ، نەریت و بابەتی تێــگەیشتن و بەند و وباوە
خاوەن نا دیارەكان دەگرێتەوە كە لەگەڵ جۆری ژیان و سروشتی دەروونی
و ئارەزووی سروشتی‌یانە و سەلیقەو پلەی تێگەیشتنی جەماوەری میللەت
دا دەگونجێ ، بە پێی سەردەم ، هەر سەردەمە هی خۆی •

ئەوەی ڕاستی بێ ، تا ئێستاش ، پسپۆڕانی فۆلكلور ، سنوورێــكی
دیار و ئاشكرای ئەو تۆیان بۆ فۆلــكلۆر نەكێشاوە ، تــا بە بێ ئــەرك
كێشان و بیر كردنەوە لە با بە تەكانی دیكەی سامانی نەتەوایەتی دا ، وەك
كەلەپوور و وێژەی میللی و •• هتد جیا بكرێتەوە • ئەو مەرجــانەی
تا ئێستا ئەو پسپۆرانە لەســەری یەكن كــە دەبێ لە فۆلكلۆر دا هەبن ،
هــەر ئەمەندەیە كــە دەڵێن دەبێ ئەو فۆلــكلۆرە   لەگەڵ سەلیقــەی
سروشتی و زەان و پلەی تێگەیشتنی توێژەكــانی ژێرەوەی جــەماوەری
میللەت دا بگونجێ و بێ خاوەنیش بێ •

بێ ئەمەك نەبین ، كــە ئەمە لە هەمووشتێكی خراپ نا شیرین ترە،

داهێنەرانی فۆلکلۆر لە یاد نەکەین کە سەربازی نەناسراوو خەڵکی لە خۆ بوردوو ، مۆمی تواوەی ڕووناکی و خۆشی و ئاسوودەیی بەخشی ژیانمان و سامانێکی زۆری بێ ئەندازەیان بۆ بەجێ هێشتووین ، بێ ئەوەی هەر تەنیا ناوێك بۆ خۆیان ، لە پاش مردنیان بەجێ بهێڵن •

بە شەکانی فۆلکلۆر ، چی ئاکە تاکەبێ و چی بەتێکڕایی بێ ، بۆشایی‌یەکی زۆر لە ژیانی گەلەکەی خاوەنی دا پڕ دەکەنەوە و کارێکی زۆر دەکەنە سەر ژیانی و ڕۆڵەکانی ئەو گەلەحەزبکەن یا حەزنەکەن ، تا ڕادەیەکی زۆر دەستیان هەیە لە کێشانی نەخشەی ڕەوتی ژیانی سەردەم و دووا ڕۆژیشدا •

ئەم سامانە زۆر و زەبەندە ، لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی ژیانی خەڵکدا هەر لە زۆر بوون و گەشە کردن و پێش خستن دایە • نەوە لەدوای نەوە ، ماوە لە دوای ماوە ، دەیخەنە سەری و بارستایی ئەو خەرمانە پڕ لە خێر و فەڕە بەرز دەبێتەوە و ژمارەی سەربازە نا دیارەکان ، کە داهێنانی میللی و سادە و ئاسایی هەر لە خۆیان دێ ، زیاد دەبن • فۆلکلۆر لەگەڵ هەر گۆڕان و پێشکەوتنێکیدا ، زیاتر لە ژیانی سەردەمی گۆڕانەکە نزیك دەبێتەوە و کەڵکی بۆ ئەو ژیانە زیاتر دەبێ •

فۆلکلۆریش دەسکاری دەکرێ • بەڵام نابێ هەر کەسی لە خۆیەوە بەبێ ئەوەی ئامادەیی هەڵسان بەم ئیشەی لە باردا هەبێ ، دەست بەسەر ئەم ئەرکە دا بگرێ • ئەوەی ئەم فرمانە بگرێتە خۆیەوە ، دەبێ شارەزایی‌یەکی زۆر و قووڵی لە فۆلکلۆردا هەبێ و سەلیقە و زەوقێکی سادە و میللی یانە و بێ خەوشی هەبێ و لە هەموو لایێکی پێویستی ژیانی سەردەمی گۆڕان تێدا کردنەکەدا شارەزابێ و چەندی و چۆنی گۆڕانەکە وەستایانە هەست پێ‌بکاو و دەست نیشان بکا و

زۆر مەرج و پێویستی دیکەش بۆ ئەنجام دانی ئەم فرمانە پێویستن • پێویستە فۆلکلۆر بە هەموو جۆر و بەشەکانیەوە پێش بخرێ بە مەرجێ تام و چێژی ڕەسەنی خۆی لە دەست نەدا و ئەوەندە پێش خستەی بخرێتە سەری کە زیانی ئەو سەردەمە گەرەکیەتی ، بەو مەرجە تامو چێژەکەی هەر لە تامو چێژی پێشوی وەرگیرابێ و ئەوی تێدا دیار بێ • بمانەوێ و نە مانەوێ ، فۆلکلۆر هەر پێش دەخرێ و گۆڕانی هەر تێدا دەکرێ • وە لە پێش ئێمەش گۆڕانیان تێدا کردوە • بە نموونە دەڵێم : جلو بەرگی کوردی کە لەباوك و باپیرانەوە بۆمان بەجێ ماوە دەسمایەیەکی فۆلکلۆریمانە ، لەسەرەتادا ، کە داهێنراوە وەك هی ئەمڕۆمان نەبووە • لە پاش گۆڕان کاری و دەسکاری تێدا کردن ئەمڕۆ جل و بەرگێکی جوان و ڕێك و پێك و لەبارمان بۆسروشتی ژیانی ئەمڕۆ هەیە •

یا هەندێ لە ئاوازە کوردی‌یە ڕەسەنەکانی بۆمان بەجێ ماون ، ئێستا گۆڕانیان تێدا کراوە و بەسەر ئامێرەکانی مۆسیقەی ئەم سەردەمەدا دابەش کراون و تامو چێژێکی نایاب دەبەخشن کە هەر لە تام و چێژەکەی هەوەڵی خۆیەوە هاتووە •

سەرچاوەی فۆلکلوری کوردی ، گەلێ زۆرن ، فرەوانن ، فرە ئاون و جێگەی دڵ خۆشی و مایەی شانازی گەلەکەمانن • ئەگەر بە چاوی پێویست سەیریان بکرێ مایەی پێشکەوتن و کەڵك بەخشینی گەورە و زۆرن لە ژیانی گەلەکەماندا بۆ نموونە دەڵێم :ـ دەتوانرێ لە ڕێگەی پێشخستنی فۆلکلۆرەوە ، ڕەوشنبیری کوردی ، هەروەها هونەری کوردی ، وەك شانۆگەری و هەڵپەڕکێ و گۆرانی و مۆسیقە و وێنەکێشی و ••• هتد هەنگاوی گەورە بەرەو پێشەوە بنێن ، چونکە لەو

بارو دۆخەدا ، وە لە پاش دەست کەوتنی ئەو ئەنجامە باشە ،ئەو لانانەی ژیانی گەل کــە ناومان بردن ، لە فۆلکلۆرێکی پێشکەوتوو گونجــاو لەگــەل پێویستی‌یەکانی سەردەمدا ، کەرەستەی زۆر بە کەلکیان لەبــەر دەستدا دەبێ و لە گەشەکردنی خۆیاندا کەلکی لێ وەردە گیرێ • چونکە ئەو لانانە لەگــەڵ فۆلکلۆردا بە هیچ شتێك لە یەکتری جیا ناکرێنەوە

لــەم سەردەمەی ئێمەدا ، فۆلکلۆر ، مافی تەواوی خــۆی لــە گوێ پێدان و خزمەت‌کردن نەدراوەتێ • بەلام هەندێ لە بەشەکانی کــەم تا زۆر بەرەو پێشەوە پاڵیان پێوە نراوە و ئەم پال پێوەنانە هەموو بەشەکانی وەك یەك نەگرتۆتەوە ، بۆ وێنــە خواردەمەنی‌یە فۆلکلۆریەکان بــەرەو لە ناوچوون دەڕۆن • وەك (سەمەنی ـ کــە لــە زۆربەی شارەکــانی کوردستاندا دەکرا) ، یان (تەڕە ساز ـ کــە ئــەمیش خواردنی زۆربەی خەلکی کوردستان بوو)یان (بڕمان ـ Birmam) ـ کە لە سرکەی هەنار و ـ دەنکە هەناری ووشك کراوە دروست‌دەکراو ـ خواردنێــکی زستانانی خۆشناوەتی و ناوچــەی‌کۆیەو ••• هتــدبوو) و ••• زۆر چەشنە خواردەمەنی دیــکەش یان ئــەو خزمــەتەی کــە هی گۆرانی و مۆسیقەی فۆلکلۆری کوردی کراوە ـ لەگــەل کــەمیی خۆشبەوە ، وە لەگــەڵ بوونی ســەرنجی تایبــەتیم لەبارەیانەوە ـ هی بەیت و بەندە فۆلکلۆری یەکــان نەکراوە • دەبوو تا ئێستا گــەلێ چیرۆکی شانۆیی و تابلۆی سەماکردن و هی وێنەیی جوان جوانیان لێ دەربهێندرێ •

فۆلکلۆر ، وێژە و هەنەری سەلیقەی ســادە ترین تۆێژەکــانی جەماوەری میللەتن • بۆیە ڕاست‌ترین شێوەی ، زەوق و هەست و نەست و خواستی ئــەوان بەبێ پێچ و پەنا دەردەبڕن ، هــەر بۆیەش پاك ترین و ڕووترین ئاوێنەی ژیانی سەردەمی کۆمــەلانی خەلــکن • لە فولکلۆر دا

هەموو لایێکی ژیانی گەل دەردەکەوێ • فۆلکلۆر جۆر و بابەتە ژیانێك دەر نا بڕێ کە گەلەکە خۆی نەیدیوە و بەسەری نەهاتووە و بەو قۆناغەدا تێ نە پەڕیوە •

لێرەدا ، بە مەبەستی پاراستنی ڕووی گەش و ڕوونی فۆلکلۆری میللەتەکەمان ، نا چاریی پالم پێوە دەنێ کە هەندێ لە بیروباوەڕێك بدوێم کە هەوڵ دەدا ، کۆمەڵانی خەڵك وابێ بگەیەنێ – بە مەبەستی هەڵە کردن و ڕاستی لێ شاردنەوەیان ـ کە فۆلکلۆری کوردی پەیوەندی نەبووە بە زۆرانی چینایەتی‌یەوە ، ئەو زۆرانە لەو ئاوێنەیەدا ، هیچ وێنەیەك ، یان تارمایی‌یەکی نە نواندوە ، کەواتەئەو زۆرانە ، لە سەرەتادا و لەمێژووی کوردستان دا هەر نەبووە و بیروباوەڕی سۆشیالیستی زانستی ، کە دەڵێ ئەم زۆرانە لە ناو کۆمەڵی دوو چینەدا ، یان فرە چینە دا هەر هەبووە و هەر دەش‌بێ ، هەتا چەوساندنەوە لە ناو نەچێ ، نا ڕاستە و نیشانەی ڕاستی‌ی نە پێکاوە !! لە پاش ئەمەدا ، ئەمجا مەبەستەکەی دەردەبڕێ لە شتێکی وەها دا کە بڵێ چەوساندنەوەی چینایەتی خوێنمژینی خەڵکی ڕەش و ڕووت هەر نەبووە و ئێستاش نی‌یە و کەواتە ••• هتد •

هەر نووسەرێك کە هەلگری ئەم بیروباوەڕە بێ ، یان ڕاستر هاندەری ئەو بە ناو بیروباوەڕەبێ ، چی دەڵێ و چی دەنووسێ لە وەرامی ئەم ڕاستی یانەی کە لە خوارەوە دێنە بەرچاومان و چۆن وەرامی پرسیارەکانی خەڵکی دەداتەوە ، کە لەو ڕاستی‌یانەدا دەردەچن :

ئەو بەشانەی فۆلکلۆر کە دژی زۆر داری کردنن هی چەوساندنەوەی چینایەتی بێ ، کە زۆربەی زۆرداری کردنەکانی

هەموو سەردەمێك ، لە چوار چێوەی ئەم دا دەژمێردرێن ، یا هەر چەشنە زۆرداری‌یەکی دیکە بڵێین ، بێ گومان لـە مێشك و دەروونی ئـەو کەسانەوە سـەری هـەڵداوە و هەڵقوڵیوە و تەقیوەتەوە که خۆیان جەوروستەم و چەوساندنەوەیان دیوە • ئەو بەشە نەمرانەی فۆلکلۆر لە دەروونی ئازار و ئەشکەنجە دیو دا جنگڵی داوە و هەڵقوڵیوە • ئـەوەی کـە دڕندەی برسیەتی بە نینۆکەکانی وورگ و ڕیخۆڵەکانی نە ئەنجنیبێ ، نازانێ بڵێ (زگی برسی ، هیچ نابڕسوی)(٩) وە هـەر بۆشی نایە ، یان ئەوی جیاوازی یەکی چینایەتی قووڵ ، کارێکی قووڵتری تێ نە کردبێ، نازانێ و بۆی نایە بڵێ : «زگی تێر ئاگای لە برسی نی‌یە»(+) • ئەوانەی مارانـگازی زۆرداری و ستەم نەبن ، چۆن دەتوانن ئەو قسەیە هەرگیز نەمرە بـکەن کـە وتوویانە : «ناو بتبا لـە پردی زاڵم ـ نامەردیش گوتراوە ـ مەبەڕەوە • »(١٠) •

کۆمەڵگایەکی جووتیاری داغ کراوی هەتا سەر ئێسقان نەبێ ، کە ڕژێمی ئاغایەتی داغی کردبێ ، کێ دەتوانێ ئەو قسەیە بکا کە لە هەموو وولاتی کۆیەدا باوە کە ووتوویانە : «ئاغا لوولاقی بشکێنی ، گووسـەکی تێـدایە !! »(١١) • یـان هـەر جەماوەرێـکی برژاوی ناو کوورەی چەوساندنەوەی دەرەبەگایەتی نەبێ ، وەك ئەوەی سەرەوە کە تازە باس کردنی ڕەت بوو ، کە بە مەرگی ئاغا کەیان خۆش بوون و لـە ترسی خزم و کەس و جەندرمەکانی ئاغای مردوو نەیان توانیوە بە ئاشکرا ئـەو بێ‌خۆش‌بوونە دەربڕن ، ئەم جەماوەرە نەبێ ، کێ دەتوانێ قسەیەکی وەك (ئاغاڕۆ ••• خوا شوکور)(١٢) بدۆزێتـەوە یان بۆی بێ ، کـە ئەم بۆ هاتنەش هەر لەباری زیانەکەوە هەڵقوڵاوە و بەو قسەیە ، لە سەرێکەوە ،

(+) قسەیەکی پێشینانە •

دەست و دایەرەی ئاغای پێ هەڵخەڵەتێنێ ، وەك ئارمایی‌یەکی ئەمومژی کە بەسەرقسەکەدا کێشاویەتی ، وە لە سەرێکی دیکەشەوە خۆشحاڵی و پێخۆش بوونی خۆی و زۆر لێکراوەکانی برای تێدا دەربڕێ ؟!!

میللەتێکی چەوساوە و داغ لە دڵ دژی زۆرداری و خۆڕاگرو کۆڵنەدەر و دوور بین نەبێ ، کێ ئەقڵی بۆ ئەوە دەچێ ، کێ ئەمەندە زیرو هێزاو بلیمەت دەبێ کە ئەمەندە قووڵ بوویێتەوە و بڵێ :ـ «هەموو شتێك لە باریکی دا دەپسێ زۆردار لە ئەستووری ؟!!»(١٣) وە زۆر شتی دیکەش کە لە بارەی زۆرداری و زۆرانی نێوان خوێنمژراوو خوێنمژ دا گوتراون و بێ گومان ئەو قسەنەستەق و نیشان ئەنگوانە هەر لەلایەن چەوساوە و زۆر لێکراوانەوە گوتراون .

چۆن «ماران گاز لە خشپەی گوریس دەترسێ»(١٤) وە جۆرە سرکی ، یان سڵی‌یەکیان تێدا پەیدا دەبێ کە لە هەموو شتێکی مارو هەر شتێکی دیکەی کە بە هی ماریش بچێ سڵ بکانەوە ، خەڵکی جەوْر و ستەم دیدەش هەروەها جۆرە سرکی یەك ، یان جۆرە هەست ووردی‌یەکی لەلا پەیدا دەبێ و ژیری یەك لەو چەوساندنەوەیە فێردەبێ ، بە پێی «هەر ئەقڵە لە خەسارەیەك» کە وەهای لێ دێ ، بە چاکی دەمار و ماکی چەوساندنەوە و چەوسێنەرەوە دەناسێ .

لە لایەکی دیکەشەوە ، زۆرداران و چەوسێنەرەوەکان ، لە کوردستانیشدا ئەوەندە لە ناو چەوساندنەوەی خەڵك‌و مژینی خوێنی زەحمەت کێشاندا کولاون و شارەزابوون ، بە ڕادەیەك گەیشتوونەتە پلەی ئەوە کە نەخۆشی سادیزم(*) تووش بوون . خۆشی و ئارامی دەرونیان

★ (سادیزم = Sadism) نەخۆشی یەکە ئەوانەی تووشی دەبن خەڵك ئازار دانیان لەلا خۆش دەبێ . پێچەوانەکەی (ماسۆشیزم = Masahism)، کە لەزەت لە ئازار پێگەیشتن وەردەگرێ .

لـە چەوساندنەوە و ئازاردانی خەڵك دا پێ‌گەیوە • بوون بە پسپۆڕی ڕەش و ڕووت چەوساندنەوە •

ئەوەی نەگەیشتیتە ئەم پلەیە و خـاوەنی ئەو هـەموو ئەزموون و تاقی کردنەوەیە نەبێ لـە خـەڵك چەوساندنەوەدا ، ناتوانێ و نازانێ ناچێتە سـەر ئەوە کە بڵێ : « زەلاّم ئەگـەر گوندۆرەی لـە باخـەڵیدا بوەستێ بە کەڵکی مسکێنی نایە »(**) زەلامێك کە حاڵی خۆی وەهابێ لـە ڕووتی و پەرێشانیدا ، دەبێ حاڵی ماڵ و منداڵی و ئەو کەسانەی لە زیان و گوزەرانیان دا بەر پرسیارە ، چ حـاڵێ بێ ؟ زەلامێك ئاوەهـ نەبێ ، بەنان‌و زگ ، هـەموو شتێك بۆ ئاغـا ناکا ، کەواتە بە کەڵـکی مسکێنی نایە !!

هەڵگری ئـەو بیروباوەڕە ، قـەی وەها دەڵێ کـە مانای ئەوە دەگـەیەنێ کـە ئەو قسانەی لە بارەی چەوساندنەوەوە لە فۆلـکلۆری کوردیدا هەنە ، چەوسێنراوەکان خۆیان نەیان گوتووە ، ئەمان ئەگـەر ئەمـەیان زانیبا خزمـەتی ڕژێمی دەرەبەگایەتی و چەوساندنەوەیان نـە دەکرد • بەڵکوو ئەوقسانە ، پیاوی‌چاك و کەسانی دادپەروەر کردوویانە و هیچی‌تر •

نازانم ئەمڕۆ ، بۆ ئەو کرێکارانە دەڵێن چی کە لە کارگای وڵاتانی سەرمایەداریدا بـە نا چـاری ئیش دەکـەن و ئـەم ئیش کردنەیان بێ گومان خزمەتی سەرمایەداری تێدایە و بەشی زۆری ڕەنجیان بۆ ئەوانە ، ئایا ئەم کرێکارانەش ، وەك برا چەوساوەکانی پێش خۆیان ، هەست بـە چەوساندنەوەی چینایەتی خۆیان دەکەن یان نا؟ وە ئەو خۆ نیشان‌دان و

★★ قسـەیەکی پێشینانی سەردەمی ڕژێمی دەرەبەگایەتییە • وتا ئەم دواییەش دەگوترایەوە •

مانگرتانەی دژی ئـەو چەوساندنەوە و لـە پێناو نە هێشتنی ئـەو چەوساندنەوەیەی لەو وولاتانەدا دەکرێن ، ئەوانەش هـەر « پـیـاوی چاك و دادپەروەر » لە جیاتی کرێکارەکان و بۆکرێکارەکانی دەکـەن و هەڵدەستن ئـەم جلـکە شڕو ووڕانە لەبەر دەکەن و ڕەنگ و ڕوویان ئاوەها دەگۆڕن و هەڵدەبزرکێنن و خۆیان بـە پۆلیسیئەو وولاتانـە بـە دارکاری کردن دەدەن و داوای ماف بۆ کرێـکارەکان دەکـەن !! یان کرێکارەکان خۆیان هەست بە چەوساندنەوەی چینایەتی سەردەم دەکەن و هـەر خۆشیانن بەم خۆپێشاندان و مانگرتنانەهەڵدەستن ؟

ئەمـە ئەگەر کرێکارەکان خۆیان نەبن ، پیاو دەبێ بسەلمێنی کـە ئەو « پیاو چاك و دادپەروەرانە » لە ڕاستیدا ئەکتەری چاکن !!

لەوانەیە کە من لێرەدا نەتوانم وەکوو کـە خۆمدەمەوێ وەرامی هەموو ئەو بۆچوونانەی ئەوانە بدەمەوە • بۆیە وەرامدانەوەی هەندێکیان بۆ هەلێـکی دیی دوادەخەم • بەڵام بۆ ئەوەی کە ئەو قسانە پیاوی چاك و کەسانی دادپەروەر کردبێتیان ، ڕازیم لەسـەر ئەو قسەیە هەیە کـە ئەو کەسە چاك و دادپەروەرانە ، هەر چەوسێنراوەکان خۆیان بن خـۆ ئەگـەر مەبەستیشیان خەڵـکی دیی بێ ، کـە ئازار نەدیوبن ، ئەوە دەیانگەڕێنمەوە بۆ ناوەڕۆکی چەند پەرێگرافێکی پێش ئێستامان و دەڵێم کـە سانی چاك و داد پەروەر هەنە و لەوانەشە حـەز بە یارمەتی دانی چەوسێنراوانیش بـکەن • چـاکی ودادپەروەرییەکـەشیان بـە ڕادەی دیتیان و هـەست پێ کردنیـانە بۆ چەوساندنەوە و جـەوروستەم • چ لەسەردەمێکی زیانی خۆیاندا لە خۆیان کرابی وە چ لە خەڵـکی دیکە کرابێ و ئەوان بە چاوی خۆیان دیبێتیان و کاری تێ کردبن • هـەتا زۆر ترو قووڵتر چەوساندنەوەیان چەشتبێ و دیتبێو هەستیان پێ کردبێ

و کاری تێیان کردبێ ، پیاو چاکتر و دادپەروەرترن وە ئەمانە ئەگەر وەها نەبن نازانن و ناتوانن ئازار و تامەزرۆیی و هەستی قووڵی چەوسێنراوەکان دەربڕن • هەموومان خۆێنیشان دانەکەی جەماوەری شاری پاریس دەزانین کە لەبەردەمی باڵەخانەی لویسی شانزەهەمدا داوای نان و هەرزانیان کردبوو ، وە (ماری ئەنتوانێت)ی ژنەکەی پاشا کە لە مەسەلەی ئەو جەماوەرە ڕەش و ڕووتە نەگەیشتبوو ، وە لە ئازاری ئەوان شتێکی نەدەزانی ، (زگی تێر ئاگای لە برسی نی‌یە)(*) ، چۆن گوتبووی « ئەو خەڵکە ئەگەر نانیان دەس ناکەوێ دە با کێك بخۆن !! » •

یان چۆن کوێرێکی زگماك ، بائەمەنی زۆریش بێ ، ناتوانی باسی ڕەنگەکان بکا ، بۆ ئەم مەسەلەیەی ئێمەش کە تا ئێستا لە بارەیەوە دەدوێین ، هەروەهایە • بۆیە ئەو قسانە ، ئەو بەرهەمانە تەنیا لە لایەن چەوسێنراوەکان خۆیانەوە گوتراون و بەڵگەی‌ئاشکراو بێ دەمەتەقێن لەسەر ئەوە کە لە زۆر دێرینەوە ، لە کوردستان دا چەوساندنەوە بووە •

بیستوومە کە فۆلکلۆریان کردوە بە سێ بەشەوە ، بەڵام نازانم چی نووسەرێکە و ناش زانم چۆنی دابەش کردووە • من لە سەر سێ بەشەکە ڕازیم و بە ڕاستی دەزانم کەسێ بەشە • بەلای منەوە سێ بەشەکە ئەوانەن بەشێکیان خزمەتی بەرژەوەندی چەوسێنراوە و بەش خوراوەکان دەکا ، وەك ئەوانەی کە لەسەرەوە هەندێکیانم خستە بەر چاو • بەشی دووەمیش ، ئەوانەن کە خزمەتی خوێنمژین و زۆرداران دەکا ، وەك ئەوەی کە دەڵێ «نا عیلاج بە جوولەکە دەڵێ بە ڕیشی مەردانەت قەسەم »(۱۵)یان « دەسێ کە نە توانم بیبڕم ،

★ زگی تێر ئاگای لەبرسی نی‌یە = قسەیەکی پێشینانە •

ماچی‌دەکەم » (١٦) و هەندێکی دیکەشی • بەشی سێ یەمیشی ئەوانەن کە هەر لایەك لە دوولای زۆرانی‌یە چینایەتی‌یەکە ، خوێنمژراوو خوێنمژ ، دەتوانێ بۆ بەرژەوەندی خۆی کەڵکی لێ وەربگرێ • کە زۆربەی فۆلکلۆر لەم بەشەیانە • وەك ئەوە کە خوێنمژراوێك لە کاتی تەنگانەدا دەتوانێ بڵێ : ـ « خوا کڵاوی بۆ بەڕووش کردووە » (١٧) ، یان « کەڵە شێریش نەبێ ڕۆژ هەر دەبێتەوە » (١٨) • زۆردارێکیش لە کاتێکدا کە تووشی تەنگانە بێ ، دەتوانێ بە هەمان قسە دڵ خۆشی خۆی بداتەوە •

با فۆلکلۆرەکەمان ، کە سەرچاوەی پاك‌و ڕوونی رابردوومانە کە تۆماری ڕاستەقینەی هەموولایەنێکی ژیانی ڕابردووی نەتەوەکەمانە و تا ئێستا تۆمار نەکراوە ، خزمەت بکەین ، نەیەڵین دەستی شێواندنی بگاتێ، گەشەی پێ بدەین ، جۆگەی لەبەر هەڵگرین و بۆ خزمەت کردنی ئەمڕۆ و دوا ڕۆژمان کەڵکی لێ وەربگرین و ئەو قسەیەمان هەمیشە لەیاد بێ کە گوتراوە :ـ « تەنیا شۆرشگێڕی ڕاستەقینە دەتوانێ کەڵکی تەواو لە فۆلکلۆر وەربگرێ » •

مانگی نیسانی / ١٩٧٧

(سکاڵا)

« شەوی ١٩٧٨/٢/١٥ بۆ سەردانی خزمان چوومە قەڵادزێ . کچۆڵەیەکی پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە خزمەکانم ، داوای نووسینێکی لێ کردم کە بۆ قوتابخانە پێویستی پێ هەبوو لە ژێر ئەم ناوونیشانەدا . نووسینەکە ئەمەی بەردەستان دەرچوو کە هەر لەو دانیشتنەدا نووسیم » .

« سکاڵا ، مانای دەربڕینی نارەزایی‌یە بەرامبەر بە شتێك ، جا هەر شتێك بێ ، وە ئەو سکاڵا دەربڕینە بە هەر ڕێگە و هۆ و جۆر و شێوەیەك بێ .

بە شێوەی قسە ، بە شێوەی شیعر و چیرۆك و پەخشان ، بە شێوەی تەمسیل کردن ، کە ئەمانە هەمووی شێوەی ئاشکراو بێ پەردەی دەربڕینن .. یان لە ناو پارچە یەك مۆسیقەدا ، یان لە ناو تابلۆیەکی نایابدا ـ ئەو جا لە دوایدا ـ پێت دەڵێم کە بۆچی بەو تابلۆیەی سکاڵا دەردەبڕێ دەڵێم «نایاب» . یان بە شێوەی ڕوو گرژ کردن و چرچ و لوچ خستنە دەم و چاوەوە ، کە ئەمەیان ، سادەترین و ئاسانترین شێوەی سکاڵا دەربڕینە .

سکاڵا ووشەیەکی پڕ لە دەنگ و زەنگ و ئاهەنگ و مۆسیقەی سادەیە ، وا بزانم هەر لە زمانی کوردیشدا ئەم مۆسیقە و دەنگە خۆشەی هەیە و وەها ناسك و تەنك و شلکە .

دەربڕینی سکاڵا ، بە بێ ئەوەی هیچ پەنا و پێچ و نا ئاشکرایی و ناڕوونی یەکی مەبەستی دەربڕینی سکاڵاکەلێك بدەینەوە و بخەینە بەر چـاو ، هەر خۆی نیشانەی ناڕەزایی و ـ دەردی کوردە کە ووتەنی ـ نا شکوری یە بەرامبەر بەو شتەی کە سکاڵاکەی لە بارەیەوە دەر دەبڕدرێ ، ناڕەزایی و ناشکوریش ، کە لەبارەی هەر لاتێکی ژیانی گەلێکی دوا کەوتووی وەك ئێمە بێ ، نیشانەی ئەوەیە کـە سکاڵا دەربڕەکە هیوای پێشکەوتن و دروست کردنی بارێکی لە بارتری هەیە • کـــە ئەمەش نیشانەی چـاك بوون و نیشانەی ژیان و نیشانەی جووڵانەوەی پیرۆز دەبەخشێ • هــەر بۆیەش بوو بەو تابلۆیەم گوت «تابلۆی نایاب» کـــە ناڕەزایی و سکاڵا دەردەبڕێ •

خۆزیا هــەموو لاتێـکی ژیانی گەلەکەمان خۆش و گـەشاوە و نایاب و جوان و بریسکەدار دەبوو • هیچ لاتێـکی وەها نەدەما کـە سکاڵای لە بارەیەوە بکرێ !!» خۆزیا ئەو ئەو ووشـەیە نەك هـەر نـە زمانی کوردیدا نەدەما ، بەڵـکوو لـە هەموو زمانێکی ئەم جیهانەدا هیچ ووشەیەك نە دەما کەدەقا و دەقی مانای ووشەی (سکاڵا)ی کوردی بدابایە و ژیانی هەموو نەتەوە و گەلێکی ئەم جیهانە خۆش و بەختیارو کامەراندەبوو •

بەڵام ئایا (خۆزیا)ی ڕووت کـە هیچ کردەوەیەکی بە کەڵـکی لەگـەڵدا نەبێ ، کـە دارێك لەسـەر بەردێك دانەنێ ، هیوا و ئاوات و ئامانج دەهێنێتەدی ؟!! « •

لەگەڵ باسەکەی خا دکتور کوردستان موکریانیدا

پێشەکییەکی پێویست :

ئێوارەیەك ، ڕۆژ و مانگەکەیم لە یاد نەماوە ، لەسەرەتای سالی ١٩٥٤ دا ، لە کۆلێجیقانوون ، لە بەغدا ، (نازك الملائكة) ، خا شاعیری عەرەبی عیراق ، کۆڕێکی بۆ سازدرابوو ، شیعری خۆی دەخوێندەوە، منیش لە کۆڕە کەدا ، دانیشتبووم ، لە دڵی خۆمدا دەم گوت « کەی دەبێ ئێمەش ـ مەبەستم نەتەوەی کورد بوو ، وەك ئەمە ئافرەتمان تێدا هەڵکەوێ و کۆڕ ببەستێ و بەوشێوەیە قسەبکا و شیعربخوێنێتەوە و خەڵك گوێی لێ بگرێ ؟ » .

ڕۆژگارێکی دور و درێژ بەسەر ئەو ئێوارەیە دا ڕەت بوو بەڵام وەك دەردەکەوێ ، ئەو خواستە لە ناو دەروونی مندا جێگایەکی بۆ خۆی هەڵکەندبوو .

بەیانی ڕۆژی (٢١/٤/١٩٨٠)بەشداراني میهرەجانی یەکەمی ڕۆشنبیری کوردی لە هۆڵەکەدا دانیشتبوون لە هەولێر منیش لەگەڵیاندا ، میوانێکی بانگ کراوبووم و گوێمان لە ووتارەکەی خا دکتور کوردستان ڕاگرتبوو .

لەبەر هەندێ هۆی گشتی و تایبەتی ، تا ئەو بەیانی‌یە ، مـن لە هیچ کۆڕێـکی وەها دا ئامادە نەبوو بووم کە ئافرەتێکی کورد قسـەی تێدا بکا ، یان شیعری تێدا بخوێنێتەوە • لەبەر ئەوە ، ئەو خۆزگەیەی لـە کاتی کۆڕەکەی (نازك الملائكة)دا بە بیرم دا هاتبوو ، هەر گورج لە دانیشتنەکەدا سەری هەڵدایەوە و هاتەوە بیرم ، ئای کە خۆشە ، خۆزگە و ئاواتە گەورە کانیشم بێنەدیی و بە چاوی خۆم بیان بینم ، با دێرو زۆریش بخایەنێ •

لەگـەڵ ئەوەشدا کـە مەبەستم بوو گوێ بۆ ووتارەکە ڕابگرم جاروبار بیرو هۆشم هەر بۆلای ئەو خۆزگـە دێرینە دەگـەڕایەوە و دیمـەنی کۆڕەکەی پێشووم بە هێنەکەی بەردەمم بەراوورد دەکرد لەو کاتەدا پسوولە کاغەزێکیان دایە دەستم ، کە لە پەیامنێری ڕۆژنامەی (هاو کــاری) یەوەبوو کەتێـدا داوای نووسینی شتێـکی لەبارەی ووتارەکـەوە لێـکرد‌بووم • بێ گومان ـ وەك دەبینن ، حەزم دەکرد هەموو کەلێن و قوژبنێـکی ووتارەکـە بە دڵی من بایە • پێشم خۆش نەبوو ئـەم داوایەم لێ کرا ـ نەوەکوو بکەومە سەر کـەمو کوڕیو هەڵەکانی ناو ووتارەکە • هەروەها بێ گومان داوا کارەکانیش ئـەم هەستەی منیان نە دەزانی ، دەنا لەوانەبوو ، ئەمداوایەیان لە شاعیر ، یانلە نووسەرێکی دیکە کردبایە •

هـەر لە کـاتی میهرەجانەکـەدا ، نووسینەکەمدایە دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی • چاوەڕانم دەکـرد ، لەگـەڵ باسەکـەی خا دکتۆردا ، هەر دووکیـان بەیەکەوە ، لـە گۆنارێـکی دەزگایەکەدا بڵاوبکرێنەوە ، کە چی وا نەبوو • باسەکـە لـە گۆڤـاری (بەیان ـ ژمارە ٦٢ ـ حوزەیرانی ١٩٨٠)دا بڵاو کرایەوە ، نووسینەکەی

منی لەگەڵدا نەبوو • ووتم نەوەکا ، نووسینەکەیان لە بیر نەمابێ ، یـان کەوتبێتــە لایەکەوە ، جارێـکی دیـکە ، لەگەڵ هۆنراوەی «سیروان»دا نووسیمەوە و بەدەستیی بۆم ناردن • ئەم جارەش ماوەیەکی درێژی بە سەردا تێپەڕی ، هیچ دەنـگی نەبوو •

لـــەو کـاتەدا ، لـــە یەکێتـی نووسەرانی کورد ، لە ڕێـگەی برادەرایەتی‌یەوە ، داوای بەرهەمێـــکی لێکۆڵینەوەیان لێ کردم کـــە لەیەکێك لـە ژمارەکـانی خولی دووەمی گۆڤاری «نووسەری کورد»دا بڵاوی بکەنەوە • منیش هەر هەمان ئەو دوو بەرهەمەی باسم کردن ، دام بە ئەمانیش و پێم‌ووتن کـە ئەم بەرهەمانەم داوە بەدەزگای باس کراوو دەستم لەوە شوشتوە ، کە لێکۆڵینەوەکەیان بڵاوبکەنەوە •

گۆڤاری (بەیان ـ ژمارە ٦٨ ـ کانوونی دووەمی ١٩٨٠)دەر چوو ، نووسینەکەی تێدا بوو • چـەند ڕۆژێکیش لەپاش ئەو ، ژمارەی تایبەتی بە لێکۆڵینەوەی ، نووسەری کوردیش دەرچـوو(*) هــەمان نووسینی تێـدا بوو •

لە لاپەڕەکانی دوایی ئەم گۆڤـارەدا ، هەندێ گلەیی‌یان لە یەکێك لە نووسەرەکان کردبوو ، وە پێ‌یان گوتبوو کە ئەو لـە پێناو وەرگرتنی پاداشتی نوسین و دەسکەوتنی ناوو ناوبانگ و ••• شتی وەهـای‌دیی ، هەڵپە دەکا بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە بڵاوکراوە کوردی‌یەکاندا و ••• هتد • لـە دوایی ئەو ووتارەدا ڕستەیەکیشیان ئاراستەی مـــن کردبوو ، وەك لە بیرم مابێ ، دەڵێ : (هەمان گلەییش ئاراستەی کـاك خالید دلێر دەکەین) •

★ نووسەری کورد ـ ژمارە (٦) شوباتی ١٩٨١ / خولی دووەم •

لەبەرئـەوەی لـە شـەوی ١٩٨٣/٢/٢٥ ، لە بارەگـای یەکێتی نووسەرانی کورد لـە سلێمانی ، بە ئامـادەیی دەستەی بەڕێوە بـەری یەکێتی‌یەکە لەسلیمانی و دکتور عزالدین و ... هتد ، کاك محمدی مەلا کەریم ، کە نووسەر و بڵاوکەرەوەی گلەیی‌یەکە بوو لە گۆڤارەکەدا !! داوای لێ بوردنی لێ کردم و دڵنەوایی کردم . لەم بارەیەوە هیچم لەبەر دڵی‌دا نەماو ئەم مەسەلەیە کۆتایی هات .

بەڵام لێرەدا ، زۆر بە کورتی ، هەندێ ڕاستی دەخەمە بەر چـاوی خوێنەرەوە ، بۆ مەبەستی وەرامدانەوەی کاك محەممەد نا ، کە ووتم ئەمە کۆتایی هـات و نەمـا . بەڵـکوو تەنیا بۆ مەبەستی پارێزگـاری لـە خۆکردن ، کە ئەمـە مافێکی ڕەوای هەموو مرۆڤێکە . هەر بایی ئەوەندە کـە ئەو پارێزگاری‌یە لە خۆم بکەم بەرامبەر بە نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەوگلەیی‌یە . وە بۆ ئەوەی خەڵك وا نەزانن کە بێ دەنـگیم لە قبووڵ کردن و ڕازی بوونەوەیـە لـەو شتانەی کـە وەپاڵیان داوم وە بـە پێویستی دەزانم کە ئەم چەند ڕستەیەش بنووسرێن و بڵاوبکرێنەوە بۆ دوا ڕۆژ و هیچی‌تر .

داوای لێ بوردنیش لە خوێنەر دەکەم ، چونکە لەم جێ‌یە باشتر و لەبارتر و ئاسانترم بۆ هەڵنەکەوتەوە ، بۆ ئەم بڵاو کردنەوەیە . بە تایبەتی هەر نەبێ لەبەر ئەوە کە ئەوگلەیی‌یە پێوەندی‌یەکی کەمی بە نووسینەکەی من و باسەکەی خا دکتور کوردستانیشەوە هەیە .

لەبەرئەوەش لـە پێش دیتەکـەی کاك محەممەد وەرامم نەدایەوە ، چونکە جێگایەکم شك نەدەبرد ، گۆڤاری نووسەری کوردیشیان لەگەڵدا بێ ، کـە ئەو وەرامدانەوەیەم بۆ بڵاوبکاتەوە . ئەمجا دەڵێم :

. بۆ هەڵبە کردن لە بڵاوکردنەوەی بەر هەمەکانم ، دەتوانم خـۆم

لەو کەسانە بژمێرم کە کەمترین هەوڵ دەدەن و دەرفەت وەدەست دەخەن بۆ ئەم مەبەستە • بەڵگەشم لەم لایەنەوە گەلێ زۆرە ، ئەمانە هەندێکیانن:ــ

١ ـ ماوەی نزیکی سێ ساڵ ڕۆژنامە نووس بووم ، کەمترین بەرهەمی وێژەییم لەو ماوەیەدا بڵاوکردۆتەوە ، هەروەها لە گۆڤاری ڕزگاریدا ، کە دەمتوانی زۆرترین بەرهەمی لەو بابەتەیان تێدا بڵاوبکەمەوە • لەم بارەیەوە نەك هەر هەڵپەم نەکردوە ، بەڵکو دەیەکی ئەو دەرفەتەم نەقۆستووتەوە کە لەبەردەستم دابووە •

٢ ـ لە هەموو ماوەی خولی دوور و درێژی یەکەمی گۆڤاری نووسەری کورد دا لەگەڵ ئەوەشدا کەمن یەکێك بووم لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتییەکە ، تاکە یەك بەرهەم چییە ، هی منی تێدانییە • یەکەمین بەرهەمم کە لەو گۆڤارەدا بڵاوکرابێتەوە، ئەو نووسینەیە ، کە گلەییەکەم لەسەری بۆ ئاراستە کرا • پاش ئەوەش یەك هۆنراوە «سیروان» یشم لەو گۆڤارەدا بۆ بڵاوکراوەتەوە • ئەگەر ئەمە هەڵپەکردن نەبێ • ئەدی گوایا چیشتێك هەڵپەکردنە ؟!

٣ ـ لە هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەردەمی نێوان (١١ی ئازاری ١٩٧٠) وە هەتا (مانگی نیسانی ١٩٧٥) ـ کە هۆنراوەیەکم لە گۆڤاری بەیاندا بڵاوکردەوە کە دەکا ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵ ، لە سەرجەمی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا ، یەك بەرهەمی منیان تێدا نییە • ئەمە لەبەرئەوەنا کە ئەوان بۆیان بڵاونەدەکردمەوە ، بەڵکو لەبەر ئەوە کە من بەرهەمم بۆ نە دەناردن •

بۆ یاداشت وەرگرتنیش ، هەروەها دەتوانم بڵێم لە ناو هەموو شاعیر و نووسەرەکانی کە لە پلەی من دان ، کەمترین یاداشتی دراویم لە بلاوکردنەوەی بەرهەمی ویژەیی دا وەرگرتووە ، ناڵێم یاداشتی ڕێز لێنان و پاڵ پشتی گرتنی بۆ چوونەکانم و لەم جۆرە شتانە • تا کاتی ئاراستە کردنی ئەو گلەیی‌یە بۆم لە نووسەری کورد دا ، هەموو ئەو یاداشتە دراوی‌یەی من لە هەموو ژیانم‌دا لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا وەرم گرتووە (ـ۲۷) دینار ، تەنیا بیست و حەوت دینار بوو • حەوت دیناریان لە ڕۆژنامەی عیراق ، ئەویتریش لەگۆڤاری (بەیان) • لەوانەیە بەڵگە نامەی پارە وەرگرتنەکان مابن ، ئەوی بروانەکا دەتوانێ پێ‌یاندا بچێتەوە • بە ڕاستی ئەو بەڵگە نامانە شتی بە نرخن و زۆر شتی سەیر بۆ خەڵك دەر دەخەن • هیوادارم لەناو نەدرێن و بمێنن •

جا کە من ئەوانەی سەرەوە هەڵویستم بووبێ ، وابزانم هەر ئەو دوو هەڵوێستە ، بەتایبەتی هەڵپە نەکردنم بۆبلاوکردنەوەی بەرهەم و بەشداری نە کردنم لە زۆر کۆنگرە و میهرەجانی ویژەیی‌دا کە تیایان‌دا بانگ کراوم ، وا بزانم بەسە بۆ ئەوەی‌خوێنەواری بەڕێز دڵنیابێ لەوە دا کە من هەڵپە ناکەم بۆ ناوبانگ و شتی لەم تەرزە بابەتە • هەر ئەمەندە دەڵێم و هیچی‌تر • بۆ دوا ڕۆژ ، بۆ مێژوو • جارێکی دیکەش داوای لێ بوردن لە خوێنەر دەکەم بۆئەوە کە ئەم پێشەکی‌یە زۆر درێژ بۆوە • • ئەمجا با بێینە سەر خودی نووسینەکە :ـ

لە بەیانی ڕۆژی دووەمی میهرەجانەکەدا ، (۱۹۸۰/٤/۲۱) ، خا دکتور کوردستان باسێکی جوانی بە ناوی (دەنگی ئافرەتی کورد لە نێو هۆنراوەکانی‌دا) پێشکەش بە بەشدارانی یەکەم میهرەجانی ڕۆشنبیری کورد کرد • منیش لەسەر داوای بەیامنێری ڕۆژنامەی (هاو کاری) ، کە

له کاتێکی کەم دەرفەتی دا ، داوای نووسینی شتێکی لێ کردم لەسەر باسەکەی خاءدەکوردستان ، وا ئەم چەند لایەنەی خوارەوە پێشکەش بە خوێنەری کورد دەکەم ، ئومێد دەکەم ئەو کاتەی لێ بە فیڕۆ نەدەم کە تیایا دەیخوێنێتەوە و دکتۆریش دڵی نەیەشێت چونکە من باری سەرنجی خۆم تەنیا لە ڕووی بەرژەوەندی مەسەلەی ئافرەتەوە دەخەمە ڕوو ، کە بەرژەوەندی میللەتەکەشمانە .

جارێ پێش ئەوەی بچمە ناو باسەکەوە ، ئەمە تان عەرز بکەم ، کەوا لەمەوبەر بە ژنە دەرەبەگ و بەگزادە و شێخە زل و خوێنمژەکان دەگوترا (فلان خان) . بەڵام ووشەی (خاتوون) کە کورتیش دەکرایەوە، دەبوو بە (خاتوو) بەو ئافرەتانە دەگوترا کە دەست ڕەنگین و هێمن و کەیبانووی باشی ماڵی خۆیان بووون ، زور جار خاتووەکەش کورتتر کراوەتەوە و بووە بە (خا فلان) وەك (خا فاتم) ، (خا بەسێ) و ... هتد . جا بۆئەوەی بزانین کە فلان دکتور ، یان ئەندازیار ، ئافرەتە یان پیاو ، بەتایبەتی کە ئێستازۆر جار ناوەکەش ئەمە دەرنا خات ، خراپ نییە کە ووشەی (خا دکتور)یان (خا مامۆستا) ، (خا ئەندازیار) لە پێش ناوەکەدا بەکار بهێنرێ ، ئەم ڕایەم بە ڕاست زانی ، بۆیە لەسەرەوە بەم شێوەیە ناوی دەکوردستانم برد . کە ئەمە یەکەم جارە ، ئافرەتێکی کوردی خاوەن ئەم جۆرە شەهادە بەرزە بەم شێوەیە ناوی ببرێ . خۆشتر دەبوو کە ئەم پێشنیازە لە لایەن ئافرەتێکەوە پێشکەش بکرایا .

خا دکتور کوردستان لە باسەکەیدا چەند جارێك ووشەی (خان)ی بە گەڵ ناوی شاعیرە ئافرەتەکان داوە ، وەکوو ئەوە گووتویەتی (نەجیبە خان) ، (مهرەبان خان) و ... تاد . دەبوو خا دکتور دڵی بڕوایی نەدا ئەم ووشەیە وەباڵ ئەوان بدا و شایانی ئەوانی نەبینێ و لە

پێش ئێمە و مانانَدا بیر لـە بەلاوە نانی ووشەی (خان) ی بەد فەســاڵ بـکانەوە !!

هــەر لــەم بارەیەوە ، ئەمــەش عەرز بکەم کە لە ناوچەی کۆیە و پشدەرایەتی و موکریانیش ووشــەی (یا ، یای)بۆ ڕێز نان لە ئافرەت بەکار دەهێنرێ و بە مانای خوشکی گەورە دێ •

بێ گومان هەندێ کەس دەپرسن و دەڵێن :ـ

باشــە ئەم نیشانەی لەیەك جیـا کردنەوەی ئافرەت و پیـاو بۆچی هەبێ ، مادام کە ئێمە بڕوایمان بە یەکسانی‌یان هەیە ؟ لە وەرامدا دەڵێم جیاوازی لە نێوان ئافرەت و پیاوی کورد دا بە چەشنێك هەیە و زۆرە کە خۆ لێ هەڵە کردنی تاوانێکی گەورەیە • چارەسەرکردن و نەهێشتنی ئەو جیاوازی‌یانە بەوە نابێ کە بشاردرێنەوە ، بەڵکوو بەوە دەبێ کـە خـەباتی زانستیانە و گونجاو لە پێناویاندا بکرێ •

باسەکەی خا دکتور ، باسێکی بەکەڵکە • هەندێ مەسەلەی گرنـگی تێـدا خستووەتە ڕوو • بەڵام بە پەلە ، لە شتێکەوە بازی داوەتە ســەر شتێکی تر ، بێ ئەوەی مافی تەواو لە شی کردنەوە و ڕوونکردنەوەیان بداتێ • هــەندێ مەسەلەی زۆر بنەڕەتیشی هەر باس نەکردوە • ئومێد دەکەم ، هۆی ئەمانە ، کــەم دەرفەتی‌ی بووبێ و لە پێش چاپ کردنی دا ، بە شێنەیی چاوێـکی پێدا بخشێنێتەوە •

ئەو خاڵانەی لەم سەرنجدانە خێرایی‌یەدا بەر چاوم کەوتن ، کــە بەلای منەوە دەبێ لێ یان بدوێم ، ئەمانەن :

١ ـ ناوو نیشانی باسەکە ، کــە مەبەستی بەرهەمی ئافرەتە بـە گشتی لەگــەڵ ناوەرۆکەکەی‌دا نا گونجێ • ئەمیـان زیاتر پێوەندی بـە

بەرهەمی خا دکتۆر خۆیەوە هەیە • ئەگەر بەرهەمی خا شاعیر (خانم) نە ژمێرین ، کە چوار جار نموونەی لێ هێناوەتەوە ، ئەو نموونانەی خا دکتور لە هۆنراوە کانی خۆیدا هێناوەتیەوە بە تەنیابە ژمارە بەرامبەر هەموو ئەو نموونانەیە کە هی هۆنراوەی شاعیرە ئافرەتەکانی ترە • ئەگەر ناوونیشانی باسەکەی (دەنگی ئافرەتی کورد لە نێو هۆنراوەکانی دەکوردستان موکریانی و شاعیرانی دیکەی ئافرەتی کورد دا)بایە گونجاو تر بوو •

٢ ـ لەو مەسەلە گرنگانەی هەر باسی نە کردوون یەکێکیان هۆنراوەی نیشتمانی‌یە لە بەرهەمی ئافرەتدا • خا دکتور خۆشی لە وەرامی پرسیارێك دا کە لە پاش تەواو بوونی خوێندنەوەی باسەکەدا ، ئاراستەی کرا ، دانی بەوە دا نا کە زۆربەی بەرهەمی هۆنراوەی ئافرەتە شاعیرەکانمان هۆنراوەی نیشتمانی‌یە • باشە کە ئەمە دەسەلمێنێ بۆچی لە باسە کەیدا ، تەنانەت هەر پەنجەیەکیشی بۆئەم ڕاستی‌یە درێژ نەکردبوو ؟!

٣ ـ باسی لایەنی ئابووریشی نەکردوە کە تا چ ڕادەیەکی زۆر و سەرەکی کاری کردۆتە سەر بەندەگیەتی و دیلیەتی ئافرەتی کوردستان • لەو شەش کۆمەڵە هۆنراوە چاپکراوەی ئافرەتانی کورد و ئەو هەموو فۆلکلۆرەی کە بە ناوی ئافرەتەوە ، یا لەلایەن ئافرەتەوە گوتراوە و لە شیعرەکانی خۆشیدا ، خا دکتۆر دێڕە هۆنراوەیەکی دەست نەکەوتووە ، بیکا بە بەردەبازی ئەو ڕێگایە و بۆی بپەڕێتەوە و هەر نەبێ هەندێ ئەم لایەنە گرنگەش باس بکا ؟ لەبەر ئەوەی من بۆی نەگەڕاوم ، بۆیە ئەمە وەکوو پرسیارێك

ئاراستەی خا دکتۆر خۆی و خوێنەران دەکەم • پێویستە و دەبێ ئافرەت تێ بگەیەندرێ کە سەربەستی ئابووری بنچینەی هەموو سەربەستی یەکانی دیکەیەتی ی • گەرەکە ئافرەتی دەشتەکی بزانێ کە ئەو توزقاڵە سەربەستی یەی لە لادێیەکانی کوردستاندا هەیەتی و لە تۆی عەباو پەچە هاتۆتە دەرەوە ، بە هۆی ئەوەوەیە کە ئیش دەکاو بەرهەمەی ئابووری وە دەست دەهێنێ • ئەو ئافرەتەی ئەو هەموو ئیش و فرمانە لە لادێ دا بەجێ بهێنێ ، پیاوەکان و گەورە کانیان ناتوانن دەم و چاو و دەست و قاچیان بە پەچە و عەبابەستەوە !! هەروەها دەبێ ئافرەتی شارەکانیش ئەوانەی دکتور و ئەندازیار و مامۆستا و فەرمانبەر و کرێکاری میرین ، تێبگەیەنرێن و تێبگەن ، کە ئەو سەربەستی یەی بۆئیش کردن ، بە مەبەستی پارە پەیدا کردن هەیانە ، بۆ هاتو چۆکردن و گەڕان نیانە هەر لەگەڵ هەمان کوڕ و پیاوانی دایرە ، یا کارگا کەیاندا ، کە بە ڕۆژ ، شەش حەوت سەعات بۆ پارە پەیدا کردن لەگەڵیاندان • زۆر مەرجە کە ئافرەت بەگشتی و بە ڕوونی بزانن کە لە ژێر سایەی ڕژێمێکی ئابووڕی سوشیالیستی زانستیدا نەبێ ، لە هەموو ڕوویەکەوە یەکسانیان لەگەڵ پیاو دا محاڵە و خەیاڵە •

بەلای منەوە نەدە بوو ، وە ناش بێ لەباس کردنی هەر لایێکی بەرهەمی ئافرەت ، یا هی ژیانی ئافرەت ، مەسەلەی ئابووری و پێوەندی بە ئافرەتەوە بخرێتە پشت گوێوە •

٤ ـ خا دکتور ، باسەکەی ئابلۆوقە داوە بە بەرهەمی شاعیرە ئافرەتە ناسراوەکان (مەبەستم نا فۆلکلۆری یە) ـ هەڵنەستاوە لە جیهانی

هۆنراوەی فۆلکلۆری نەتەوەکەماندا ، هەندێ نموونە لە شیعری ئافرەت بهێنێتەوە لـە بارەی ئەولایەنانەوە کـە لێیان دواوە • بێ گومـان لـە لاوك و حـەیران و هۆنراوە و بابەتەکانی دیکەی فۆلکلۆری دا گەلێ نموونەی وەهامان دەسدەکەوێ • بۆ نموونە لە لاوکی «گەنجخەلیل»دا کـە هونەرمەندی بـە ناوبانگ (کاوەیس ئاغـا) ووتوویەتی ، ئەو دیمـەنە پڕ لە سۆز و هەستی نیشتمانی و کوردایەتی و خۆشەویستی‌یەی کچە کە بە خەیاڵ «گەنج خەلیل»ی ئامۆزای خۆشەویستی‌ی بەند کراوی ڕۆمیان ، لە بەندێ دێنێتـە دەرەوە ، پێی دەڕازێنێتەوە ، نەوەکـا ڕۆمیـان بیێژن : **« گـەنج خەلیل » سوارەکی کوردە ، چەندی بێ کاروبارە »** چ شاعیرێکی ئەم سەردەمە ، ئەم جۆرە بەرهەمەی لەبەردەست دێتە دەر ؟ مـن وای بۆ دەچم کە هۆنراوەی ئەم لاوکە فۆلکلۆرێ •

ئەگەر خا دکتور ، ئەمەی بکردبایە و هەندێ خۆی ماندووتر بکردایە ، باسەکەی قووڵتر و فرەواتر دەبوو •

٥ ـ خا دکتور ، لە یەك دوو جێگای باسەکەیدا ، پاکانە دەکا بۆ لاسایی نە کردنەوەی هۆنراوەی پیاوان لە لایەن خا شاعیرەکانەوە !!• لەم لانەوە دەڵێم لەبەر ئەوەی ئافرەت و پیاو لـە یەك بارو جۆری ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ••• هتـددا دەژین کـە لە بەشی کوردستانەکەی لای خۆمانداهەیە ، وە بەرهەمی ویژەییش چ هی ئافرەت بێ و چ هی پیاو ، ڕەنگدانەوە و ئاوێنـەی هەمـان جۆر و باری ژیانە و هەر دوو بەرهەمەکە ئاوی یەك سەرچاوەنەو (بانێك و دوو هەوا)(١٩)نی‌یە • بۆیە دەبێ بەر هەمی هۆنراوەیان و ••• هتد لە یەك بچێ • وە لەبەر ئەوەی پیـاو کۆت و زنجیری بیر و

دەست و قاچی کەمتر و باریکترە لە هی ئافرەت ، بێ گومان دەبێ بەرهەمی وێژەیشی‌ی بە هێزتر و بە پێزتربێ • بۆیە ئەم بارە بەسەر ئافرەتدا دەسەپێنێ کە لاسایی بەرهەمی پیـاو بکاتەوە • هـــەر کەسێك بڵێ کە ئەو لاساییە ناکرێتەوە ، دەبێ گوناهی ئەوە وەباڵ ئافرەت بدا کــە لە بەرهــەمی چاکی پیاو ناگـا ، یان هــەوڵ نادا پێش بکەوێ ، کە ئەمە گوناە وەباڵ داتێکی ناڕاست و نا ڕەوایە و ئافرەت لە هەموو ڕوویەکەوە چاك و خراپ دەناسێ • بۆیە بەلای منەوە ئەو لاسایی کردنەوەیە دیاردەیەکی زۆر ئاسایی و سروشتی و چاوەڕوان کراوە • ئەم پاکانە کردنە بۆ لاسایی نەکردنەوە ئەگــەر لە لایەن یەکێکی دیکەوە بکرابایە ، لەوانە بوو بە سەرنج درشتی‌ی بۆ بژمێردرێ ، بەڵام بۆ یەکێکی وەك خا دکتۆر بە هەڵە دەدرێتە قەڵەم •

٦ ـ لە چــەند جێگایەکی باسەکەدا ، هەندێ ڕاستی لە بارەی ئافرەتەوە ، بە تەواوی یان بە نا تەواوی باس کردوە وەك ئەمانە خا دکتۆر دەڵێ •

أ ـ ئافرەت بە شێوەیەکی قووڵتر و فرەوانتر و هەست پێ کراو تر باسی ووشەی (سەربەستی) خۆی دەکا • ئافرەت سەربەستی خۆ ڕازاندنەوە و خۆ جوان کردن بە سەربەستی ڕاستەقینە نازانێ • چونکە ئەم جۆرە سەربەستی‌یەی تەنیا بۆ ئەوەیە (ڕاست تر وابوو بڵێ «تەنیـا بۆ ئەوە ئەدرێتێ»)زێتر پێ‌ی ڕابــوێرن •

ب ـ پێویستە ئافرەتی کورد بە تایبەتی ، وە ڕۆژ هەڵاتی بە گشتی لە بەرهەمی هۆنراوەیاندا خەم و سۆزی دڵ و دەروونیان ئازایانەتر و چاو نەترساو تر دەربڕن بۆنەوەی خۆیان نوێنەری دەنگی خۆیان بن • لە دوایشدا دەڵێ :**وە پیاو لە بریتی ئەوان دەنگی هەڵنەبڕێت** • من لەگەڵ ناوەرۆکی ئەم ڕستەیەی دواییدا نیم • بەلای منەوە دەبێ پیاو دەنگ بۆ مەسەلەی ئافرەت هەڵبڕێت و ئافرەتیش دەبێ دەنگ بۆ مافی خوراوی پیاو بەرز بکاتەوە چونکە وەك لەسەرەوە ووتم هەر دوو ڕەگەزەکە لەیەك نیشتماندا دەژین و بەرەو ڕووی هەمان مەسەلە و گیروگرفتن • بۆ دەبێ بەم شێوەیە لەیەك جیا بکرێنەوە بە تایبەتی لەلایەن یەکێکەوە کە حەز بکا،یەکسانی و جوونیەکیی لە نێوان ئافرەت و پیاودابنیات بنرێ ؟ شایانی گوتنەوە و ڕێز لێ نانە کە خا دکتور ناوەرۆکی ڕستە درێژەکەی سەرەوەی جەخت کردۆتەوە و دەڵێ خۆی خاوەن کێشەکەیە (مەبەستی لە مەسەلەی جیاوازی ئافرەتە لەگەڵ پیاودا) هەروەها دەڵێ سەربەستی نادرێ و دەسەندرێ ، واتە سەربەستی ئافرەت دەبێ ئافرەت خۆی بسەنێ •

(ج) چەند جوانی ووتوە کە دەڵێ :« **بەرهەمی هۆنراوەی ئافرەتی کورد پێویستی بە لێکۆلینەوەی زانستیانە هەیە** » وە ئەگەر هاتبایە ئەم ڕستەیەی خوارەوەشی بخستبایە سەری ، ئەوەندەی دیکە جوان و ڕاست و دروست تر دەبوو « بێ گومان بەرهەمی هۆنراوەی پیاوەکانیشیان هەروەها » • داوا دەکەم

بۆ گرنگیدان بەو ڕستەیەی سەرەوەی خا دکتور. خەتێکی لە ژێر دا بکێشرێ •

٧ ـ لەو هەموو دەرفەتەی کە هەی بووە چەند ڕستەیەکی نەنووسیوە کە ڕاستەو خۆ ئافرەتان ئاراستە بکا ، کە بە زیرەکیو ژیری و هێمنیی و ووریایی و دڵسۆزی و فیداکاری و لە خۆ بوردنیان بۆ مەسەلە گرنگەکانی گەلەکەمان و قۆناغەکانی ژیانی ، جێ پێی خۆیان لە ناو کۆمەڵدا بکەنەوە و لەگەڵ ژیاندا زۆران بکەن •

جارێکی دیکەش ئومێد دەکەم خا دکتور کوردستان موکریانی دڵی لە نووسینەکەم نەڕەنجێ و هیوای پێشکەوتنی بۆ دەخوازم • سوپاسی پەیامنێری (هاوکاری)ش دەکەم کە ئەو هەلەی بۆڕەخساندم کە ئەم ووتارەی تێدا پێشکەش بە خوێنەران **بکەم** •

هەولێر ١٩٨٠/٤/٢٢

بەیانی ڕۆژی (١١-٢-١٩٨٢) کاك لەتیف هەڵمەتی شاعیر ، نێردراوی مەکتەبی سلێمانی - دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە وەزارەتی ڕاگەیاندندا : ئەم پرسیارانەی بۆ هێنامە دایەرە منیش وا لێرەدا ، دەقی پرسیار و وەڵامەکانم دەخەمە بەرچاوی خوێنەرانەوە •

ئەو پرسیار و وەڵامانە لە گۆڤاری (بەیان - ژمارە ٨٢ی مانگی ئابی ١٩٨٢) دابڵاوکرانەوە •

س١ خالید دلێر شاعیرێکی ناسراوە ، بەڵام حەز دەکەین ، خۆتان زیاتر خۆتان بە خوێنەری شیعرەکانتان بناسێنن ؟

٢ - ئەگەر ڕەخنەگر بن ڕاتان دەربارەی شیعرەکانی خالید دلێر چی دەبێ ؟

٣ - ڕاتان چی‌یە دەربارەی شیعری کوردی بە شێوەیەکی گشتی ، چ شیعری کۆن و چ شیعری نوێ ؟

٤ - ڕاتان چی‌یە دەربارەی ڕەخنەی کوردی بە شێوەیەکی گشتی چ ڕەخنەی ساڵانی سەردەمی لاویتان و چ ڕەخنەی هاو چەرخ ؟

٥ - ڕاتان چی‌یە دەربارەی تەموز لە ئەدەبدا ؟

٦ - چەند بەرهەمتان لە چاپ داوە و بە لای خۆتانەوە جوانترین بەرهەمتان کامەیە ؟

٧ ـ پرۆژەی ئەدەبی داهاتووتان چی‌یە ؟

٨ ـ لەم سەردەمەدا گەلێ ڕێبازی ئەدەبی پەیدا بووە و لە ئەورووپاوە بە وولاتی ئێمـــە گەیشتووە ••• ڕاتان چی‌یە دەربارەی لاســـایی کردنەوەی کوێرانەی ئەو جۆرە ڕێبازانە ؟

٩ ـ چۆن تەماشای شیعری پەخشان دەکەن ؟

١٠ـ جگە لە شیعر هیچ بەرهەمێکی کەی ئەدەبی یا هونەریتان هـــەیە و ••• ئایا دەکرێ لەو لایەنەوە چمکێکمان بۆ ڕوون کەنەوە ؟

١١ـ ئەدەبی کوردی بە گشتی ، لـە چـاو ئەدەبی جیهانی دا لـە چ ئاستێکدایە (بەتایبەتی‌شیعر) ؟•

١٢ـ تکایە وێنەیەکی خۆتان لەگەڵ وەڵامەکاندابێ !

وەرامی پرسیاری یەکەم

لەبەر ئەوەی ، وەرامی ئەم پرسـیارە ، لەگۆڤاری (بەیان)ی ژمـارە باس کراودا بڵاونەکرایەوە ، منیش بڵاوکردنەوەی بۆ دەر فـــەتێکی دی هەڵدەگرم •

وەرامی پرسیاری دووەم

شیعرەکانی ـ خالیددلێر ـ بەلای منـەوە ! ! ـ ئەم تایبەتی‌یانەی خوارەوەیان تێدا هـەیە ••• ، ناڵێم ئەمانە تەنیـا تایبەتین بە شیعرەکانی ئەوەوە • هەر خاسـیەتە ، کەم یا زۆر لە شیعری شاعیرەکانی دیـکەشدا هەیە • بەڵام هەموو خاسـیەتەکان بە کۆمەڵ وەك لە شیعرەکانی ئـەم دا کۆبوونەتەوە ، لە هی شاعیرەکانی دی دا کۆ نەبوونەتەوە • جـا من لە خوارەوە دەیانخەمە بەر چاوی خوێندەوارانەوە ، چونکە بڕیاری ئەوان ،

خۆیان ، چ بە تاك و چ بە کۆمەڵ نرخی ڕاستەقینەی شیعرەکانی دلێر دەر دەخەن لەگەڵ ڕەچاو کردنی کات و شوێندا •

لە پێش ئەوەی بچمە سەر باس کردنی تایبەتی‌یەکانی شیعرەکانی ئەو ، با بە بیری خوێنەرانی بهێنمەوە کە لە زووەوە گوتراوە : «کەس بە دژی خۆی ناڵێ ترشەوە لەوانەیە ئەم قسەیەی پێشینانە منیش بگرێتەوە !!

١ ـ شیعرەکانی بەیەك شێوە زمانی تایبەتی نەنووسراون • بە کوردی یەکی تێکەڵ لە زۆربەی شێوە کوردی‌یە جیا جیاکان نووسراون ، ئەمە یەیێ ئەوەی بۆ ئەم مەبەستە زۆر لە خۆی بکا •

٢ ـ لەگەڵ ئەوەشدا کە دلێر شیعری تازە ، ئەوەی پێ‌ی دەڵێن ، «شیعری سەربەست»ی زۆرە و لە پایزی ساڵی ١٩٥٩ وەئەم جۆرە شیعرەی بڵاو کردۆتەوە ، بەڵام هەر چۆنێ بێ شێوەی شیعری کلاسی بەسەردا زاڵە •

٣ ـ بە شوێن دروست کردنی وێنە و تابلۆی جوان دا ناگەڕێ کە بە شیعر دروستیان بکا و زۆر بۆ ئەم مەبەستە خۆی ماندوو ناکا • ئەمەش زۆربەی لەوە وە هاتووە کە شیعر بەلای ئەوە وە جەکی خەباتە ، چەك گرنگ نیە جوان بێ ، گرنگ ئەوەیە کاریگەربێ •

شیعر بەلای دلێرەوە لە پێش ئەوەی تابلۆبێ ، بیروباوەر و جۆری سەرنج و ئامانج و هەڵوێستە • ڕەچاو کردنی ئەم ڕاستی‌یە تا مەودایەکی باش ، دلێر لە ڕیزی شاعیرە کلاسی‌یەکان دوور دەخاتەوە •

٤ ـ شیعرەکانی لە ڕیزی هەرە پێشەوەی شیعری نیشتمان پەروەری و شۆڕشگێڕیی ساڵانی شەست و هەفتاکانەوەنە • دوژمنداریەتی کردنی ئیمپریالیزم و داگیر کردن و کۆنەپەرستی و چەوساندنەوەیان بە زەقی تێدا دیارە •

٥ ـ لە شیعرەکانی دا ، کەڵك لە کەلەپووری خۆمانە (وەك قسەی پێشنیان و •• هتد)و هی گەلانی دیکەش وەردەگرێ • بە لایەوە وایە کە ئەمانە ئەنجام بە چاکی و بە خێرایی دەدەن بە دەستەوە، بە تایبەتی کە کۆمەڵانی خەڵك تاقی کردنەوەی تایبەتی و ڕۆژانەی ژیانی خۆیان لەگەڵ ئەو کەلەپوورانەدا هەیە •

٦ ـ ڕەمز و تەم و مژ و مەبەست شاردنەوە لە تۆی گەڵا سلق و قاپلکە پیاز و باینجاندا بەکار ناهێنێ ••• بە لای ئەوەوە شیعر یابراغ لێنان نیە کە بەبێ پێچانەوە نەکرێ • ئەگەر شیعر بۆ کۆمەڵانی خەڵك بنووسرێ نابی شاردراوەبێ ، دەنا ئەومەبەستەی کە لێی ڕەچاوکراوە نایەتەدیی ، یان درەنگتر دێتەدیی •

٧ ـ شیعرەکانی بە پێزن و زۆر شتیان تێدایە ، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی کە پشت بە زانستی و فەلسەفەی زانستی دەبەستێ بۆ پاڵ پشتی کردنی بۆ چوونەکانی خۆی • ئەم ڕاستییە لە شیعرەکانی دلێـر دا زۆر ئاشکرا و ڕووترە تا لە شیعری بڵاوکراوەی شاعیرەکانی دیکە دا • بۆیەش یەکێك لە ڕەخنەگرەکان دلێری بەو شاعیرە داناوە کە دەرگایەکی تازەی بەرەو ڕووی شیعری کوردی کردۆتەوە ، کە ئەویش دەروازەی فەلسەفەی

زانستی‌یە[٢٠] • جـا لەگـەڵ ئەوەشدا کە شیعرەکانی تا ئەو ڕادەیە کە دەرفەت هەبێ ڕوون و ئاشکرا دەنووسێ ، لەبەر ئەو هۆیە هەندێ لە خەڵك هەر بەسانایی‌تێ‌ی ناگەن •

جـا لەم وەرامدانەوەیەدا ، ئەگـەر لانی چاکی و باشیم لە شیعرەکانی دلێر دا زاڵ کردبێ بە سەر لانی کەم و کوڕی و لاوازی یاندا ، ئەوا لە پێشەوە پاکانەم بۆ خۆم کرد • لە دوایی هێنان بە وەرامی ئەم پرسیارەدا ئەم قسەیەی پێشینان دەهێنمەوە کە گوتوویانە « ئەگەر کچ بە پێ‌ی مەدحی دایکی بێ خاڵ بۆ خۆی دەیخوازی !! »(*) •

وەرامی پرسیاری سێ‌یەم

شیعری کوردیش وەك کورد خۆی ، بە تایبەتی چەوساوە و زۆر لێکراوەکەی ، قارەمانە ، نەبەزە ••• خۆ گرە ، هیوای ژیان و ووزەی تێکۆشـان و تاسـەی دڵداری تێدایە • بـە تایبەتی ئـەو شیعرە ڕیالیزمەی کە ئاوێنەی ژیانی ئەو چینە ئێشکەرانەیە • لە هەموو سەختی و تەنگانەیەکدا ، خۆی دەپێچێتەوە و ئـەو لایەن و ئەندامانەی لەشی ، کـە سـەرما بردەڵە و لاوازن و بەرەو گەردەلوولەکە دەکەون ، خڕ و گرمۆڵەیان دەکـاتەوە و دایان دەپۆشێ و خـۆی کۆ دەکـاتەوە بۆ قۆستنەوەی هەر هەلێکی بووژانەوە و خـۆ کردنەوە و گەشە کردن و پێشکەوتن کـە لە ئەنجامی باری خودی خۆی و دەوروپشت (الظرف الذاتي والموضوعي)دا دەڕەخسێ •

بەڵـگە لەسەر ئەم ڕاستی یانـەی سەرەوە زۆرن ، لێرەدا بـە تایبـەتی تەنیا یەك بەڵگەیان دەڵێم کـە زۆر سادە و ئاشکرایە و لەبەر

★ قسەیەکی پێشینانە •

چاوی هەموو مانە ، ئەویش ئەوەیە کە ئەدەبی کوردی بە گشتی و شیعری کوردی بە تایبەتی ، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو هەموو دوژمنەی هەیە و ئەو هەموو بارە نالەبارانەی بەسەردا تێدەپەڕێ ، هەرماوە و سەر بەرزە و وورەی زۆران گرتن و تێکۆشانی بەر نەداوە . کە ئەم ڕاستی‌یەش زۆر بەی بەری درەختی ڕەسەنایەتی ئەدەب و شیعری کوردی و باری خودی خۆیەتی (الظرف الذاتی)تا ئەوەی هی هیچ شتێکی دیی بێ . ئەم بارە خودی خۆیی‌یە گەلێ لە بارەکانی دەوروپشت بە هێز تر بوون کە جارو بار ، بەرێکەوت بۆی هەڵکەوتووە و تاوێ لە ژێر سایەی‌دا حەساوەتەوە و پشتێکی بۆ بەرزکردۆتەوە .

ئەم ڕەسەنایەتی‌یەی شیعری کوردی ، لە پێش هەموو شتێکی دیی ، هۆبووە بۆ مانو بۆ جاروبار بووژانەوەی خۆی و ئەدەبی کوردی بە گشتی‌ی . هیچ کاتێ وێژەوانی کورد بە وێژە و شاعیری کورد بە شیعرەکانی نە ژیاوە و تەنانەت ئەمڕۆش . زۆربەی جاریش لەسەر شیعر نووسین و دەست گرتن بە ئەدەبە کەیەوە ، لەقە لە نانی دراوە و تووشی ئازار و ئەشکەنجە هاتووە ، کەچی هەر ماوە و هەر سوارچاکی مەیدانی ژیان و زۆرانە ئەم دوو سێ پەرێگرافەی سەرەوە ، زۆر پێویست بوو بنووسرێن و خوێنەوار بیزانێ . لە سەرێکەوە وەك ڕاستی یەکی پڕ لە شانازی و دڵ خۆشکەر ، لە سەرێکی دیکەشەوە وەك ڕێ خۆشکەرەوە یەك بۆوەرامدانەوەی یەکێکی دیی لە پرسیارەکان .

شیعری کوردی ماوەیەکە لە قاوغە تەسك و تەووسکەکەی جارانی هاتۆتە دەرەوە و پەڕ و باڵەکانی لێك داوە و قووڵتر بۆتەوە و لە

بارەی زۆر لانی دیکەی ژیان و مەبەست و ئامانجی نەتەوەیی و چینایەتی و مرۆڤایەتی دەدوێ و دەنگی هەڵدەبڕێ ، ڕێباز دەست نیشان دەکا و دەرمان بۆ هەندێ دەردان دیاری دەکا و هەستی بە پەیامە پیرۆزەکەی کردووە کە لەسەر شانیەتی لە خزمەت کردنی چەوساوە و گەل و نیشتمان و مرۆڤایەتیدا .

ئەمە لە باری شیعری کوردییەوە بە گشتی ، بەڵام لە بارەی دوو جۆرەکەی شیعری کوردی (شیعری کۆن و شیعری تازە)وە ، ئەگەر مەبەست لە پرسیارەکەتان ڕوونکردنەوەیان بێ ، ئەوا دەڵێم :ـ

شیعری کۆن ، شیعری کاریگەر و خاوەن تاقی کردنەوە و جێگای دیاری خۆیەتی لە ناو هەست و مێشکی گەلەکەماندا .کە دەڵێم شیعری کۆن ، مەبەستم ئەو شیعرە کلاسییانەیە کەلە سەدەی نۆزدەهەمەوە ، کەڵە شاعیرەکانی کورد بە چڕی و زۆری دەستیان بە دانانیان کرد .

هەندێ لەو شیعرە کلاسییانە ، ئەوانەی هەر لە سەرەتاداووزە و پێزێکی ئەوتۆیان تێدا نەبووە ، یان مردوون و لە ناو چوون ، یان پێیان لەسەر لێواری گۆڕە . شیعری کۆن ، ئەگەر بشڵێم شیعری پیرە (واتە پیر بووە) ، لە هەمان کاتیشدا دەڵێم ، پیری لەش و قەد لەگەڵ پیری ئەم شیعرانەدا جیان . پیری لەش و قەد ، مردنی لە دوایە بەڵام پیرییەکەی ئەمان ، پیرییەکی نەمرە . ووشەکان و شێوازەکانیان پیرن ، بەڵام ناوەرۆك و گیانەکانیان نەمرن . هەندێ شت بە ڕوخساربیردەبن ، بەڵام بە جۆش و خرۆش و ئاهەنگنا .

کێ بە شۆڕشی کۆیلەکان دەڵێ پیربووە یان مردوە کە لە ناو هەموو شۆڕشێکی ئازادی و پێشکەوتن خوازی ئەمڕۆشدا خۆی

دەنوێنێ(*) ؟! کێ بەو سەربازە نە ناسراوە دەڵێ مردووە و لە ناو چووە کە بۆ جاری یەکەم لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەستی لە ڕووی زۆرداردا ڕاست کردۆتەوە ؟! ئەگەرچی ئێسقانیشی گەلێ جار تێکەڵاوی خۆڵ بووەتەوە •

یان کێ بەم شیعرە جوانە تەڕ و ئاودارە دەڵێ پیر و خێر پێوە نەماو کە شاعیرەکەی دەڵێ •••

ترازا بەندی سوخمەی ئاڵی گوڵناری بە ئاهی من
کەچی دەستی لەسەر دانا ، لە سەیری باغ و بەی کردن !!(٢١)

شیعری کۆن ، خاوەنی ڕەنگ و ڕوو و بەژن و باڵا و ئادگار و بۆن و تام و چێژی تایبەتی خۆیەتی ، کە بەم شتە تایبەتی‌یانە ، لە چیرۆك ، پەند ، پەخشان و پەخشانە شیعر و ئەوەی کە پێی دەڵێن شیعری نوێ جیا کراوەتەوە و هەر بەمانەش دەوری گرنگ و مێژوویی خۆی دیوە و تا ئێستاش درێژە بە دیتنی‌پاشماوەی ئەو دەورە دەدا • ئەمە لەگەڵ ئەوەشدا کە دەربڕینی هەستو باری سەرنجی ئەم سەردەمە ، وەك ئەوەی کە پێویستە وە تا ئەو ڕادەیەی کە پێویستە ، بەم شێوە شیعرە و باراستنی هەوو مەرج و کۆت و پێوەندەکانی کارێکی گرانە بەڵام ئەگەر شاعیر زانیاری باش و زۆر و سەرنجی قووڵ و ووردی هەبێ و زمان زانی چاك بێ و تاقی کردنەوەی باشی لەگەڵ شیعر نووسین‌دا هەبێ ، سەر بە کۆسپ و تەگەرەکانی ئەو شێوە شیعرە دا دەنوێنێ • ئەگەر جار و بار سەر کەشی‌یەکی کرد ملی پێ کەچ دەکا و

★ ئەم شۆڕشە لە سەدەی یەکەمی پێش زایین‌دا : بە سەرۆکایەتی (سپارتاکۆس) کە یەکێك بووە لە کۆیلەکان : ڕوویداوە •

به ئارەزووی خۆی و هەر چۆنێکی بوێ وەهای دا دەڕێژێ .

لەوانەیە لە لای هەندێ کەس سەیر بێ ، ئەگەر بڵێم : شاعیرانی کۆنمان بەتەواوی و دەتوانم بڵێم وەك شاعیرانی ئیمڕۆمان ، هەستیان بە ئەرکی خۆیان کردووە بۆ دەستوورە گرانەکانی شیعری کۆن و حەزیشیان کردوە خۆیانی لێ دەرباز بکەن بەڵام لەبەر ئەوەی خوێندەواری ئەو سەردەمەی کورد ، لەگەڵ کەمی خۆیانەوە قوتابی (حوجرە = سوختە خانە)و مزگەوتەکان بوون و بە شیعری ئیسلامی ، کە شیعری عەرەبی بووە و بە شیعری دیکەی لە شێوەی ئەو ماوەیەکی دوور و درێژ گۆش کرابوو ، چێژی هەر لەو جۆر و تەرزە شیعرە وەرگرتووە و بڕی بڕیان شکاوە . با ئەمە لێرەدا بمێنێ ، تا لە وەرامدانەوەی پرسیارێکی دیکەدا ، بە درێژیتر لێی بدوێم . ئەوانیش چار و نا چار لەسەر بەکار هێنانی ئەو داب و نەریتە بەردەوام بوون . سەرنج بدەن ، بزانن حاجی قادری کۆیی (١٨١٥ - ١٨٩٧)[٢٢] چۆن سکاڵا لە دەست (سەروا = قافیە)دا دەکا :-

جەبینی ماهو ڕووی میهرە ، زولفی دەیجووری
سەبەب بە قافیە تەنگی بوو (حاجی) نەینووسی[٢٣]

لێرەدا نابێ ووتنی ئەوەمان لە بیر بچێ کە لەبەر ئەوەی شیعری بە شێوە کۆن ، مەرج و پێویستی و ئەرکی گرانی هەیە . داڕشتنی پێویستی بە توانایەکی زۆر و بوخت هەیە . هەموو کۆلکە شاعیرێك ، ناتوانێ قەرەی لە قەرەی بدا و لە دەستە و یەخە بوونیدا خۆی بۆ ڕاناگیرێ شیعرەکە دەیدا بە زەویدا .

به حوکمی عادەت و لێ ڕاهاتن و بە گوێ خۆشی ، تا ماوەیەکی

دور و درێژی دیکەش جەماوەر هەر بە هۆگری ئەم جۆرە هۆنراوەیە دەمێنێتەوە و پارێزگاری لێ دەکا و لە باوەشی خۆی دەگرێ • • بەڵام هەر چۆنێ بێ ، بە شێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە شیعرە ، یان شیعر بەم شێوەیە ، هەتا جیهان و ژیان بەرە و پێشکەوتن بڕوا و زانیاری و تەکنیکیهەمەجۆرە بڵاو بێتەوە و هەستی خەڵك بەرەو ناسك تری و وورد تری بڕوا ، شەپۆلی شیعری کۆن بەرەو سەرچاوەکەی دەکشێتەوە ، شیعرە زۆر گرنگ و قووڵەکانی ئەم جۆرە شیعرە نەبێ ، ئەوانەی دیی ، پەردەی لەبیر چوونەوەیان بە سەردا دەدرێ •

شیعری نوێ ، ئەگەر بتوانین ئەم ناوەی لێ بنێین ، شیاوی ئەم سەردەمە و شیعری دەربڕینی هەست و نەستی نیوەی دووەمی چەرخی بیستەمی ناسراو بە سەردەمی ئازاد بوونیگەلان و بڵاوبوونەوەی زانستی و تەکنیك و قووڵ بوونەوە و گەشە کردنی هەموو لایەنێکی ژیانی مرۆڤ و خێرایی و گورج و گۆلییە •

ژیان سەخت بووە ، ئاڵۆز بووە ، پانی و بەرزایی و قووڵی ، لە سنووری جاران دا نەماوە • خەڵك هوشیار بوونەتەوە دۆست و دوژمن و چاکە و خراپە ناسراون ، لەمەش زیاتر ، هەر یەکێك لەمانە بە چەند جۆر و تونێکڵ و هەر یەکەیان لە ڕیزێك بە پێی کات و شوێن دانراون و جێی گۆرکێیان بێ دەکرێ جا دەربڕینی هەست و مەبەست و بیروباوەڕ و زانیاری ئەم سەردەمە و چۆنیەتی گۆڕانە جۆر بە جۆر و خێراکان و هەڵوێست بەرامبەریان ، بە تایبەتی ئەگەر لەو دەربڕینەدا حیسابێکیش بۆ دوا ڕۆژ و گۆڕانەکانی تێدا بکرێ • ئەم دەربڕین و داڕشتنە وورد و ناسك و قووڵانە بە شاعیری زۆر بە توانا و قووڵ و دەست ڕۆیشتوو نەبێ • بە شیعری لە شێوە کۆنی خاوەن کۆتی

قافیه و زنجیری کێش و گوریسی ووشەی قەبە و مۆسیقەی تایبەتی دا نا ڕێژرێ . لەبەرئەوە ، شیعری نوێ ، شیعری ئازاد بووە ـ تا ڕادەیەك لەو کۆت و زنجیر و گوریسانە . جۆری زیانەکە وا دەخوازێ کــە شاعیر لە دانانی شــیعر دا ، ئەوەندەی بــە شوێن ڕاستی و تەواوی دەربڕینی مەبەست و هەستی دا بگەڕێ ، ئەوەندە بــە شــوێن ســەرواو پاراستنی کۆتەکانی دیکەی شیعر دا نە گەڕێ .

شیعری تازە ، دەبێ هــەر ئەو شیعرەی خۆمان بێ ، بە هــەموو کەرەستەکانیەوە ، تەنها هەندێ کۆت و زنجیری لە قاچ و دەست و قوفڵی لــە دەم بکرێتەوە ، بۆ ئەوەی بتوانێ بە پێی ئەم سەردەمە قسە بــکا و مەسەلە گرنگەکان و بۆ چوونەکان لە جاران ڕوونتر بکاتەوە و کەڵکی ئەم قۆناغە و دوارۆژێکی نزیکی هەبێ .

لە ناوەڕاستی ، ساڵی ١٩٧٠ دا ، لە لایەن کۆمەڵێك لاوەوە ، لــە گەرمەی هاوینی بەغدا دا ، تەپ و تۆزێکی وێژەیی بە ناوی (ڕوانگە) وە بەرپا کرا !!. گۆیا دەیان ویست شیعری کۆن و وێژەی کۆن بە دەم و چــاوی گەلەکەمان دا بدەنەوە و وەهای لە قەڵەم بدەن کە ، هــەتا ئەو ڕۆژەی کــە ئەوانی تێدا هاتەکــایەوە ، هــەر چییەکی گوتراوە یان نووسراوە ، لە سامانی وێژەیی گەلەکەمان دا لــە شەقلی بەقلی بــەو لاوە ، شتێکی دیی نەبووە ، هــەر وەك ئەوەی کە خۆشیان لەو زەمینە ئەدەبی یەدا نە ڕوابن و پێ نە گەیشتبن و لە پڕێ بووبن بە کوڕێ !! بەڵام لە پاش ماوەیەك گەردە لوولەکە نیشتەوە و ئەو بۆێژ و نیمچە بوێژە لاوانە گەڕانەوە سەر ڕچە ڕەسەنەکــەی وێژەی کوردی کــە بە پێی یاسایەکی سروشتی و گشتیهاتووە و بریتییە لەم ڕاستییە کــە هەموو شتێکی تازە دەبێ لە شتێــکی لە خۆی کۆنتر ببێ و لە ناو منداڵ دانی

ئەو دا درووست بێ و بێتەدەرەوە • من ئەم ڕاستی‌یەم لەم کۆپلە شیعرەدا داڕشتووە •

هەتا بێ لە دوو دەستم
ئەمن تازە پەرستم
ئەوەشم هەر لە بیرە
ئەمامی تازە ڕواو
کۆرپەی دارێکی پیرە !!

کە دەگوترێ شیعری نوێ ، مانای ئەوەنی‌یە ، هیچ داب و دەستوور و مەرجێکی نی‌یە و لە هەرچی ڕێك وپێکەی (نظام)بە بە دوورە ، نەخێر !! شیعری نوێش یاسا و نەرێت و جۆرە مەرج و خاسیەتی خۆی هەیە • ئەم خاسیەتانە ئەگەر لە دانانی شیعردا لەبەر چاو نەبن و پارێزگاری‌یان لێ نەکرێ ، ئەوە ئەوشتە نووسراوە ، لە شیعر دەر دەچێ و دەبێتە قسەی ئاسایی یان جۆرێکی دوا کەوتوو لە پەخشان•

چۆن مەرج و دەستوورە قورس و گرانەکانی شیعری کۆن لە سەرەتای پەیدابوونیان دا ، زەوق و سەلیقەی خەڵك و ڕۆژگاری ئەو ڕۆژە وەهای دەویست کە دەبوو دەستیان پێوە بگیرێ و لە بەر چاو بن و ئێستاش وا دێ بین بە کۆت و زنجیر و ڕێ لە پێشکەوتنی شیعر بگرن و تا دێ گرنگی‌یان لە شیعر دا کەم دەبێتەوە • هەروەهاش دەستوورەکانی شیعری تازە (بیروباوەڕی پێشکەوتن‌خوازی و ئامانجی ڕاست‌و گونجاو و سەرنجی وورد و قووڵ کە بە شیعری شێوەی کۆن نەتوانرێ دا بڕێژرێ ، وە بوون و باراستنی مۆسیقەیەکی خۆش و ناسك لە شیعردا و تا ڕادەیەکیش بوونی جۆرە کێشێکی هاو بەش‌لە نێوان دێڕەکانیدا و نە خستنە پشت گوێی سەرواش ئەگەر لە خۆیەوە بێتە

دەست و مانا و مەبەستی شیعرەکە نە گۆڕێ) •

دەڵێم ئەم دەستوورانەش ئێستا دەبێ بە چاکی پارێزرێن و ڕەفتاریان پێ بکرێ • ئەمە هەر چەندە لە دوا ڕۆژدا ، ئەم دەستوور و مەرجانەش دەبنە ڕێ گرو کۆسپ لەسەر ڕێگەی پێش کەوتنی شیعری ئەو سەردەمە و دەبێ لا ببرێن و دەستوور و مەرجی دیی ، کە ئەو قۆناغە دەست نیشانیان دەکا ، دێنە کایەوە •

شیعری تازە ، لا یەنگرەکانی بیانەوێ و نە یانەوێ کوڕی شیعری جارانە • دەبێ هەندێ شێوە و ئادگاری لەو بچێ و هەندێ خاسیەت و مەرجی ئەوی تێدابێ ، دەنا بە زۆڵ و بیژیی لە قەڵەم دەدرێ و جەماوەری کوردستان بە شیعری خۆیانی نازانن •

لە باس کردنی شیعری تازەدا ، باس نە کردنی (ڕوانگە) ، مەبەستم ئەو کۆمەڵە ئەدیب و نیمچە ئەدیبەیە کە خۆیان بە خاوەنی ڕێبازێکی ئەدەبی داهێنەری تازە دەدایە قەڵەم و لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٠دا بە کۆمەڵ لە ژێر ناوێکی ئاوا دا بەیانێکیان لە بارەی ئەدەبەوە بڵاو کردەوە ، تەنانەت باس کردنێکی زۆر کورتیش بێ ، بە هەل لە دەست دانی دەزانم بۆ خۆم ••• ئەمە جگە لە هۆی گشتیش کە بەهۆی ئەدانیشمەوە حەز بە ڕوونکردنەوەی بەرەی ڕوانگە دەکەم • بە تایبەتی کە لەوانەیە منیش لە بارەی ئەو کۆمەڵەیەوە هەندێ شت بزانم (وەکوو کۆمەڵ باسیان دەکەم نەك وەکوو تاك)کە ڕەنگە تا ئێستا کەس ڕووتی نەکردبێتەوە و بێ گومان خۆشیان نەیان گوتووە ، منیش تا ئێستا دەرفەتێکی وەك ئەمەم بۆ هەڵنەکەوتووە کە ئەو خاڵ و ڕاستییانەی تێدا بە خوێنەران ڕا بگەیەنم وە بە تایبەتی کە ئیتر دواخستنی بۆ ماوەیەکی دیی هەڵناگرێ •

پێشەکی داوای لێ بووردن لە خوێنەری بەڕێز و لەو کەسانە دەکەم کە پرسیارەکەیان ئاراستە کردووم ، ئەگەر لە سنووری پرسیارەکەدا چوونە دەرەوە هەبێ . ئاشکرایە بڵاوکراوەکەی ڕوانگەیی‌یەکان کوت و پڕ ، بە دروشمێکی سەرنج ڕاکێشەرەوە (ووشەی نوێ ، بیری نوێ ، کرداری نوێ) ، ڕەنگە لە مەی دووایی‌یاندا ، مەبەستیان (بەر هەمی نوێ)بوو بێ ، دەنا خۆ ئەوان پارتێکی سیاسی نەبوون ، هەتا داوای کردار و گورج و گۆڵی‌نوێ لە خەڵك بکەن !! بەیانەکە ، بەو شێوەیە و کوت و پڕ کەوتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەی هاوکاری‌یەوە !! بێ ئەوەی لەوەوبەر ، باسێك ، یا پێویستی‌یەك لە ئارا دا هەبووبێ کە ئەو کۆمەڵە یەك بگرن ، بەتایبەتی کە بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆجیەتیشیان یەك نەبێ .

دروست بوونی یەکێتی نووسەرانی کورد خۆی ، کە لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی ۱۹۷۰ داماوەی ئیش کردنی یاسایی پێدرا ، واتە پێش بەیان نامەکەی (۱۱/ی ئازار) ، کە ئەمە باشترین هەلێك بوو تا ئەو کاتە دەست ئەدیبی کورد کەوتبێ ، بۆ ئەوەی زۆر ترین ژمارەیان لە ناو ئەو یەکێتی‌یەدا یەك بگرن ، ئەمە ماوەی بۆ هیچ پێویستی‌یەکی دیکەی یەك گرتنی ئەدیبان نەهێشتەوە . بە تایبەتی کە یەکێتی‌یەکە تازە پێك هاتبوو وە جارێ یەکەم کۆنگرەشی نەبەستبوو وە بە تێکەیشتنی یاسایی ، داب و دەستوورەکەی کە بۆی دانرابوو ، شێوەی خۆی وەرنە گرتبوو وە تووشی زۆرانبازی بیروباوەڕی و ڕێبازی ئەدەبی نەبوو بوو هەتا خەڵك بۆ ئەوە بچێ و بڵێ لە ئەنجامی ئەوانەدا یەکێتی‌یەکە بەکی هەڵس و کەوتی کەوتبێ و ئەوکۆمەڵە چار و ناچار بیریان لە و کۆبوونەوەیە و یەك گرتنە کردبێتەوە ، بەتایبەتیش کە بەشدارەکانی هەڵگری یەك جۆرە بیروباوەڕی‌جنبایەتی نەبن . بۆیە دەبێ هاتنە کایەوەی ئەو یەك گرتنە ، لەو کات و بارە ئەدەبی‌یەدا ، بەم کوت و

پڕی‌یە و بەبێ ڕێگابۆ خۆش کردنەوە و بێ سەرەتایە ، بۆ مەبەستێك بووبێ کە لە پێویستی‌یەکانی خودی ئەدەبەوە نەبووبێ • بەڵێ ئەمە ڕاست وابوو •

لە پاش پێك هاتنی یەکێتی نووسەرانی کورد و ئیجازە پێ دانی کە بەیاننامەی (١١/ی‌ئازاری/١٩٧٠)ی بەسەردا هات پەلە کرا نە بڕیاردان بۆ گرتنی یەکەم کۆنگرەی یەکێتی‌یەکە، و ڕۆژی ١٩٧٠/٥/٧ی بۆ دەست نیشان کرا ، (وەك لە بیرم مابێ) •

جا ئەو کۆمەڵە ئەدیبە لاوە ، یەکیان گرت ، تاکوو لە کاتی بەستنی کۆنگرەکەدا ، کەڵکی لێ وەربگرن و دەنگیان هەڵبڕن و هەوڵدانیان کاریگەربێ و لیستەی تایبەتی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری گشتی خۆیان هەبێ ، چونکە بە تاکە تاکە خۆیان بە بێ هێز دەزانی بەرامبەر بە ئەدیب و شاعیرە ناودارەکان • من لەم مەبەستەیان گلەیی‌یان لێ ناکەم یەکگرتن بۆ مەبەستێکی وەها ، هیچ جێگەی ڕەخنە لێگرتن و توانج تێ گرتن نی‌یە • بەڵام نە دەبوو ئەوان باری کلۆڵی ویژەیی ئەو کاتەی کورد بقۆزنەوە و یاری بە عەقڵی هەرزەکار و لاوەکان بکەن و کەڵك لە کەمی‌ی ڕۆشنبیری ویژەیی خەڵك وەربگرن ، بۆ زیاتر سەر لێ شێواندن و گوم ڕا کردنیان • هەر وەکوو کردیان و ماوەیەکیش لەسەر کردنی‌بەردەوام بوون •

باری ویژەیی لە کوردستاندا ، هەر لەپاشساڵی (١٩٦٠)ەوە بەرەو کزیی و کەم بەرهەمی‌ی ملی‌نا • ماوەی دەساڵێك درێژەی کێشا ، لەو ماوەیەدا ، ساڵی وابووە ،تاکە هۆنراوەیەك ، یا تاکە چیرۆکێك چی‌یە تێیدا بڵاو نەکراوەتەوە ، وە ئەوەی پێی‌ی بووترێ ئەدەب ، جار و بارێکی زۆر کەم نەبێ کە لە ئەورووپاوە ، ئەگەر شتێك بڵاوکرابێتەوە

به دەستی جەماوەر نەگەیشتووە •

ئەو منداڵانەی لە ساڵی ١٩٥٨دا تەمەنیان چوار پێنج ساڵ بووە ، لە ساڵی ١٩٧٠ دا بوو بوون بــە لاو • ئەم تامـەزرۆ و برسی‌یانەی ئەدەبی کوردی لە هــەموو تەمەنی خۆیاندا ، شتی وەها پڕ لە قسەی زل و قەبە و تواندنی جــۆش و خرۆش و دەربڕینی دلسۆزی‌یەکی بێ سنــووری بەرامبــەر بــە ئەدەبی کوردی وەك بەیاننامەکەی ئەمانیان کەم دیبوو یا هــەر نەدیبوو ، بۆیە تا ڕادەیەك بــەرەو پیری‌یەوەچــوون و پشــت گیری‌یان لێ کرد • ئەمانیش ئەو بەرەو پیرەوە چوونەیان لە لا خۆش بووە و هــەر وەك بلێی ، مــەستی‌ی سەرکەوتن هــەلی گرتبــوون درێژەیان بە قسە زلە کانیان داو تا وایان لێ هات کەوتنە بلاوکردنەوەی شتی وەها کە هەرگیز لەگەل زانست دا ناگونجێ •

ئەدەبی کوردی ، لە پێش دروست بوونی ڕوانگە ، چی نووسرابوو، چی گوترابوو ، وە کوو لەمەو بەریش ووتم ــ هەموویان دەدایەوە بــە دەم و چاوی کوردا بە شتی بێ کەلکیان دەژمــارد ، بە پێچــەوانەی ئەوڕاستی‌یەی کــە لە سەرەوە ڕوونم‌کردەوە کە دەبێ بەرهەمی تازەی وێژەی کوردی و هی هەموو گەلێکی دیکەش ، لە بەرهەمی‌کۆن بێ‌و لەودا سەر هەڵ بدا •

(ووشەی نوێ) ، (بیری نوێ) ، (کرداری نوێ) ، ئەوەندە شتی بەڕواڵەت خۆشن ، کێ هـــەیە دلی پێیان نەکرێتــەوە ؟ ، بەتایبــەتی جەماوەرێــکی وەهــا بێ‌بەش و تینووی‌ئەدەب • بەلام ئایا ئەو هــەموو (نوێ) یــە کوت و بڕ و وەهادەست و برد دەست‌دەکەوێ ؟!! ووشە هەر ووشە کوردی‌یەکانی خۆمانە کە هەمانە و بەسەر لێوی شوان و گاوان و بیری و کاسبکار و کرێــکار و خوێندەوارانەوەیە • بیریش هــەر ئــەو

بیرو باوەڕانەیە کە لە ناو کۆمەڵە هەمە چینەکەماندا هەیە و هەر یەکەیان ئاوێنەی ژیانی ئابووری چینێك و چینەدۆستەکانیتی ، شیعر و بەرهەمی ئەدەبیش ئەبێ هەر لەو بیروباوەڕانەوە هەڵ قوڵێ و بەووشە کوردی‌یەکانی خۆمان دابڕێژرێ • کەواتە ووشەی نوێی چی و بیری نوێی چی ، کە ئەمانە نەبوون بەرهەم و شیعری نوێی چی ؟!

ئێستاش هەندێ لە لاوەکانمان ، لە ئەنجامی ئەو هاژ و هوژەی ئەوان بە ناوی نوێ خوازی و تازە خوازی‌یەوە بڵاویان کردەوە ، هەروا دەزانن شیعری نوێ ڕوانگەیی‌یەکان دایان هێناوە !!

شیعری نوێ لە ئەدەبی کوردی دا ، بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ دەی - بینین - تەم و مژەکەی نەبێ کە بەم خەستی‌یەی ئەمڕۆ نەبوو - چارەکە سەدەیەك بەر لە یەك گرتنی کۆمەڵەکەی ڕوانگە و بڵاو کردنەوەی بەیاننامەکەیان ، بوونی خۆی جارێکی دیکەش بۆ خەڵك دەر - خستووە و داهێنانی ڕوانگەیی‌یەکان نی‌یە • ئەم لایەنە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە و پێویستی بە بەڵگەی مێژوویی و ئاشکرا هەیە لە وەرامدانەوەی پرسیارەکەی لە بارەی شیعری پەخشانەوە کردووتانە - پرسیاری نۆیەم - لەودا باسی دەکەم

بەڵێ ، ڕاستە ڕوانگە بزووتنەوەیەکی لە ناو ئەدەبی کوردی دا دروست کرد ، بەڵام تێگەیشتنی هەڵە و نازانستی‌یانەشی لە ناو دا بەجێ هێشت • جا من بە هیوای ڕاست کردنەوەی ئەو تێگەیشتنەهەڵەو ناڕاستانە ، لە مێشکی لاوەکاندا ، گەڕامەوە سەر ڕوانگەیەك ، کە چۆن کوت و پڕ ، وەك بلقی سەرئاو پەیدا بوو ، هەر وەهاش کوت و پڕ ، یەکگرتنەکە هەڵوەشایەوە • دوا قسەم لە بارەی شیعری تازەوە ، ئەمەیە:

شیعری نوێ ، بە پێچەوانەی شیعری کۆن ، هەتا ژیان و جیهان

پێشکەوێ ، بیروباوەڕ و ئەقڵیەتی خەڵك گەشــەدار تر بێ ، برەوی زیاتــر و لــە ژیان کاریــگەر تر دەبێ • شیعری نوێ ، منــاڵ یان هەرزەکاری ئەمڕۆ و لاوی دوا ڕۆژی نزیك و پیاوی دوا ڕۆژی دوورە•

هەتا بێ لە دوو دەستم
ئەمن تازە پەرستم
ئەوەشم هەر لە بیرە
نەمامی تازە ڕواو
کۆرپەی دارێــکی پیرە

وەرامی پرسیاری چوارەم

وەرامدانەوەی ئەم پرسیارە ، پێویستی بەوە هەیە کە شتێك لە بارەی ڕەخنەگرتن خۆیەوە بدوێین :ـ

ڕەخنە گرتن هەڵــەنگاندنی ، کردەوە یەك ، بەر هەمێك ، باسێك یان مەسەلەیەکە بە هەموو لایەنەکانیەوە لەگەڵ حیساب کردندا بۆ کات و شوێن • مافی تەواو دانە لــە لانی ڕوون کردنەوەوە بە لق و چڵی هەر یەکێك لە دوو لایەکەی ئەو ڕەخنە لێگیراوە ، واتە لای چاکی و خراپی ، ڕاستی و نا ڕاستی ، بە کەڵــکی و بێ کەڵکی ، وەکوو خۆی کە هەیە ، بەبێ زیاد و کەم ، نە لێی داتاشرێ و بڕ نرێ و نە بخرێتە سەری و پێوەشی بنووســێرێ •

ڕووناکی خستنە سەر ئەو لایەنانەیە تێیدا کە خەڵــکی ئاسایی بــە سانایی نایبینن و هەستی پێ ناکەن • ڕێــگا خۆش کردنەوەیە لەبەردەم خۆڕاگرتنی لانە باشەکــە و بەرە پێدان و گەشــە پێ کردن و ووزە و تین فرە کردن و باڵ پێوە نانە بەرەو پێشەوەی بە مەبەستی دەست پێــوە

گرتنی • ئیشك خستنە سەر لانە لاواز و ڕەنج بە فیڕۆ دەرو نا ڕاستە کانیتی • ڕێ نیشان دانە بۆ چۆنیەتی نەمانیان ، بە سەردا زاڵ بوونیان ، یان خۆ دوور خستنەوە لێیان • هەموو ئەم شیی کردنەوە و ڕوونکردنەوانە بە شێوەیەکی وەها زانستی‌یانە و جوان و گونجاو لە ئەنجامی ڕەخنە لێگرتنەکە هەر بەتەواوی و بە دروستی ، دەق و قەبارە و چۆنیەتی ئەو مەبەستەمان بدا بەدەستەوە کە لەڕەخنەگرتنەکەدا گەرەکمانە و مەبەستمانە •

دوای ڕەخنە لێ گرتن ، ڕەخنە لێگیراو ، جا هەر شتێك بێ ، دەبێ هەموو لاێکی ، ئاشکرای ، شاردراوەی ، پەناوپێچی ، دوور لە ڕووناکی چەند و چۆنیەتی بۆ دەربکەوێ و بەتەواوی و بەرجەستە (مجسم) و وێنە گیراو و نیشان دراوبێ ، پەنجەی ڕوونکردنەوە بخرێتە سەر ئەو جێگەو خاڵ و پەنایانە کە لە شوێنەکانی دیی ڕوونکردنەوەیان زیاتر پێویستە •

جێبەجێ کردنی ئەوەی سەرەوە ، پێویستی سەرشانی هەموو ڕەخنە گرێکە ، کە دەبێ لانەکانی ڕەخنە لێگیراوەکە ، وەکوو چۆن هەیە بە شێوە و قەبارە و چەندیەتی و چۆنیەتی خۆی دیاریان بخا • جا ئەو ڕەخنە گرە هەلگری هەر چەشنە بیرو باوەڕێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبێ با ببێ ، چونکە ئەمە بەلای منەوە ، دەست پاکی ، یان دەست پیسی بەرزی‌یەتی یان نزمی و سووکی خوو ڕەووشتی ڕەخنەگرەکە نیشان دەدا • ئەمە وەك ئەمانەت وایە ، چۆن دەبێ هەموو کەسێك ئەمین بێ و دەست پاك بێ • بۆ ئەم لانەش هەمان پێویستی سەرشان لە ئارادایە • هەر کەسێك کە ڕەخنەگربێ و ئەم دەست پاکی‌یەی تێدا نەبێ لە دەرخستنی ڕاستی شتەکەدا ، من بەڕەخنە گری ناژمێرم •

لە پاش ئـەو هەنگاوەی سەرەوە ، پاش ئەوەی دەرد و نەخۆشی و سەرچاوەی کزی و لاوازی شوێنەکان یان بەشەکانی ڕەخنە لێگیراوەکە دیاری دەکرێن ، نەخۆشی و هـۆی لاوازی‌یەکـە چـی‌یە ؟ کوێ‌یە ؟ چـەندە ؟ چۆنە ؟ ... هتـد . ئەمجا نۆرەی دەست نیشان کردنی چۆنیەتی چارە سـەر کردنی بنەڕەتی ، ئەگەر نەبوو ، چـارە سـەر کردنی چارەکی‌ی (وەقت)دێ . ئەگـەر ئەمەش هەر نەکرا و لە توانا دا نەبوو ، دەبێ شتێکی وەها بکرێ کە نەخۆشی‌یەکە تەشەنە نەکـاتە لایەکانی دیکەی تەنەکە و ئەو شوێنانەش کە تووش هاتوون ، لێ یان پیس نەکاو و نەخۆشیەکە قاچی قووڵتر دا نەگرێ . خۆ ئەگەر ئەمەش هەر لە توانا دا نەبوو ، دەبێ چۆنیەتی خۆ لێ لادانیان ، یان کـەم کردنەوەی زەرەر و زیانیان دیاری بکرێ . ئەمە نەك هەر بۆ ڕەخنـە لێگیراوەکە پێویستە و بەس ، بەڵکوو بۆ خەڵکی تریش ، بۆ دەرس و پەند لێ وەرگرتن و لێ شارەزا بوون پێویستە .

ئەم لایەنە ، یان هەڵسان بەو ئیشەی لـە سەرەوە باسمان کرد بەشێکی گرنـگە لە ڕەخنە گرتن‌دا ، بەڵام بەشی لەمەش گرنـگتر ڕێ نیشان دان و پاڵ پێـــوە نانی ڕەخنـــە لێگیراوە بۆ بەرەو پێشەوە چوون و ڕووەو باشتر ڕۆیشتن .

ئەم چارە سەر کردنە ، یان کـێشانی نەخشەی چونیەتی خۆ لـێ لادانە ، بـە پێ‌ی ڕەخنە گر و بیروباوەڕەکەی دەگۆڕێ . کـە دەڵێم ڕەخنە گر ، مەبەستم ئـەو ڕەخنەگرەیە کە توانیبێتی بیروباوەڕ و ڕێبازی خۆی لە پاش لێکدانەوەیەکی ڕاست هەڵبژێرێ ، ڕەخنـــە گرێـکی پێشکەوتن خواز ، جۆرە ڕێـگایەك بۆ ئەو مەبەستە دیاری دەکا ، کەچی ڕەخنەگرێـکی کۆنەپەرست ، هەر هەمان ڕێگا بەرەواژ(٢٤) دەکاتەوەو

و ئەمیان بە ڕاست دادەنێ •

بە لای منـەوە ، دەبێ ڕەخنەگرتن زانستی‌یانە و مەوزووعی‌یانە و دوور لە هەڵەشەیی و پەلە پەل کردن بێ ، ئەمجا هیوای پێش کەوتن و خزمەت کردنی لێ دەکرێ دەنا ••• نا •

لە بارەی پێویستی بێ لایەنی ڕەخنەگرەوە لە سەیر کردنی ئـەو شتەدا کـە ڕەخنەی لێ دەگرێ ، زۆر گوتراوە و زۆریش نووسراوە ، بەڵام ئاشکرایە ڕەخنە گریش هەر گیزبێ لایەن نابێ • ئەمیش وەکوو هـەموو مرۆڤێـکی دیی ، خـاوەنی بیروباوەڕی چینـایەتی خۆیەتی و هەڵوێستی خـۆی بەرامبـەر بە هـەر شتێك ، ڕەخنە لێگیراوەکەشیان لەگەڵدا بێ ، لەبەر ڕۆشنایی و پاڵ پێوەنانی هەمـان بیروباوەڕ دیاری دەکـا •

ئەمـە کورتەیەك بوو لـە بارەی ڕەخنـە گرتنەوە بە گشتی ، کە دەبێ لە هەموو ڕەخنـە گرتنێـکی میللەتاندا ڕەفتاریان پێ بکرێ و لەبەر چاوبن • لە پێش وەرامدانەوەی پرسیارەکەتان کە لە بارەی ڕەخنـەی کوردی‌یەوە لێتان کردووم ، بە تایبەتی (ڕەخنەی سەردەمی لاویم و ڕەخنەی هاو چەرخ) وەك لـە پرسیارەکەتان دا هاتووە • ئەم قسەیەتان بۆ دەگێڕمـەوە •

وەهـا بزانم پاییزی سالی ١٩٧٦ بوو ، لە نزیك ئورزدی باکی سلێمانی لەگـەڵ (کاکە مەم فەخری) و (شێرکۆ بێکەس) و کوڕێـــکی دیکەشیان لەگەڵدابوو ، لەوەوبەر نەمدەناسی بەیەك گەیشتین ، لەگـەڵ ئەودا بـە یەکدی‌یان ناساندین کـە کاك (حەمەی حەمە باقی)بوو • کاکە مـەم ووتی ئەهـا بزانە مـەری سپی و پیریش بووە منیش ووتم

پیری‌یه‌تی به سه‌ری سپی نی‌یه • کاك شێرکۆ له‌و لاوه خێرا ئه‌و قسه‌یه‌ی کرده‌وه که له ناو خه‌ڵکدا بڵاوه و ووتی • ڕاسته به‌دڵه ، • منیش ووتم نه خێر به دڵیش نی‌یه • ئه‌وانیش پرسی‌یان ، ئه‌ی گوایه به‌چی‌یه ؟ وه‌رامم دانه‌وه ووتم :ـ پیری و لاوی‌ی به بیروباوه‌ڕه • پیری بیروباوه‌ڕ به هێز و به گوڕ و پێشکه‌وتوو ، لاوه • لاوی بیروباوه‌ڕ کۆن و بێ تین و ته‌پیوه ، پیره • لێره دا هه‌ر سێکیان ، چار و ناچار ڕاکه‌یان په‌سندکردم •

جا که‌واته هه‌ر هیچ نه‌بێ ، به‌و پێوانه‌یه ، له پرسیاره‌که‌تان دا ، بوختانتان پێ کردووم ، من پیر نیم ، خۆتان پیرن ، باوکتان پیره !!

ڕه‌خنه گرتن له ناو کوردیشدا ، وه‌ك هه‌موو دیارده‌یه‌کی دیکه‌ی سروشتی‌ی ئه‌م جیهانه ، به شێوه‌یه‌کی ئاسایی و سروشتی‌یانه هاتووه‌ته‌کایه‌وه • له ناو خۆماندا شه‌ڕه شیعر و شه‌ڕه په‌ند و حیکایه‌ت گێڕانه‌وه و شه‌ڕه شتی دیکه هه‌بووه • شه‌وانی درێژی زستانی به‌ته‌مه‌نی کوردستان ، خه‌ڵك کۆ بوونه‌ته‌وه و ئه‌و شیعرو په‌ند و حیکایه‌تانه‌یان هه‌ڵسه‌نگاندووه و به پێی ئه‌و توانا سه‌ره‌تایی‌یه و بۆ چوونه‌ی ئه‌وساکه ، که هه‌یان بووه ، بڕیاریان له سه‌ر داون •

هه‌ر وه‌ك ده‌زانین ، له نێوان شاعیره کلاسی‌یه‌کانماندا ، شیعر به یه‌کتری و به‌که‌سانی دیکه‌ش هه‌ڵگوتراوه • به‌تایبه‌تی شه‌ڕه شیعر بۆ شکاندنی یه‌کتری له نێوان ئه‌و شاعیرانه دا که زۆر به‌یان له سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی بیسته‌م دا ژیاون ، هه‌بووه • زۆر له خوێنده‌واران ، شه‌ڕه شیعره‌کانی نێوان (شێخ ره‌زای تاڵه‌بانی ١٨٣٣ ـ ١٩٠٩ز[٢٥]و (شوکری فه‌زڵی ١٨٨٢ ـ ١٩٢٦ز[٢٦]یان خوێندۆته‌وه •

هه‌ڵبه‌ت ، هه‌ر یه‌کێك له‌و شاعیرانه ، شیعره‌کانیان نیشانی زۆر له

خەڵکی خزم و دۆست و دەورو و پشتی خۆیان داوە و هەر شیعرە لایەنگر و ، نا لا یەنگر و (ئێستایەکی گوتەنی : ڕەخنەگر)ی هەبووە •

وەك دەر دەکەوێ ، لە شەڕە شیعرەکەی نێوان ئەو دوو کەڵە شاعیرە دا یەکێك ، یا چەند یەکێك ، هەبوون کە ئاگری لە نێواندا خۆش کردوون • دەنا ئەو دوو شاعیرە ، کە هیچ میرات و زەوی و ئاویان لە نێوان دا نەبووە هەتا ئەو شەڕە گەرمەی لە سەربکەن • ئەو ئاگر لە نێوان دا خۆش کردنەش هەڵبەت پێویستی بە شوی کردنەوە و هەڵسەنگاندن و پێداهەڵدانی شیعری بەرامبەرەکەی بووە ـ بە پێی پلەی ڕۆشنبیری و بۆ چوونی ئەوکاتە ـ بۆ ئەوەی ئەو شاعیرەهان پێدا هەتا وەرامی بەرامبەرەکەی بداتەوە ـ ئەگەر کەسێکی دی لەم ڕووەوە دوابێ و من لە یادم چووبێ ـ بۆیە لێرە دا ناوی نەهێنم ، داوای لێ بوردنی لێ دەکەم ـ دەڵێم لەوانەیە ئەو ئاگر خۆشکەر و ڕەخنە گرە ، لە نێوان ئەو دوو کەڵە شاعیرەدا ، شێخ مەحموود خۆی بووبێ ، بە تایبەتی ڕەخنە گرتن لە شیعری ئەو دوو شاعیرە پلە بەرزە ، لەو کاتەدا، مەگەر هەر لە یەکێکی گەڕیدەی ، خوێندەواری ووریای شاعیری وەك شێخ مەحموودی زیرەك بوەشێتەوە • ئەمە یەکێکە لەو بەڵگە ڕوون و ئاشکرایانەی کە هەمانە لەسەر بوونی ڕەخنەگرتن ، لەو سەردەمەدا بەڵام بۆچی هیچ ڕەخنە گرتنێکی لەو جۆرەمان بۆ بەجێ نەماوە و بۆ چوونەکانمان لەم بارەیەوە هەمووی هەر لەسەر بنچینەی لێکدانەوە و مەزندەکاری هەڵدەچنین ؟

هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە ، بۆ زۆر شت ، بەتایبەتی بۆ سروشتی ڕەخنە گرتن لەو سەردەمەدا • ئەو جۆرە بەرهەمانە نە دەنووسرانەوە و نە لە بەریش دەکران • لە شیعر بەولاوە بەرهەمێکی دیکەی ویژەیی لە

نووسینەوە و دەماو دەم کردن بێ بەش بوون ، بۆیە بە ئێمە نەگەیشتوون.

هەروەها لە یاری کردنەکانیشدا ، ڕەخنە گریان داناوە کە ئەو بڕیاری داوە کام یاری کەرەباشترە ، لە ئەوانی دی و بەو پێیە لە ناو خۆماندا جۆرە ڕەخنە گرتنێکی سەرەتایی هەبووە ، دوا جار بەڕەخنەی گەلانی دی موتوربە کراوەو گەشەی کردووە ، بەتایبەتی کاتی شەڕی دووەمی جیهانی و پاش کۆتایی هاتنیی کە دەرگای ڕۆشنبیری سۆشیالیستی و دیموکراتی لیبرالی ئەورووپای بۆ گەلانی ڕۆژ هەڵات ، بە کوردیشەوە کردەوە ، کە بۆ ئەو قۆناغەو ڕادەی تێگەیشتنی ئەو سەردەمەی گەلەکەمان ، تەنانەت دیموکراتیيە لیبرالیيەکەشی سوودی هەبوو . هەموو بەشەکانی ڕۆشنبیری کوردی بەم دەروازە بۆ کردنەوەیە کاری تێ کراو گەشەی کردوو جووڵانەوە و گوڕێکی تازەی تێ کەوت . ڕەخنەی کوردیش هەروەها .

ڕەخنەی وێژەیی کوردی بە قۆناغەکانی پێویستی هاتنەکایەوە و گەشە کردنو پێشکەوتنی خۆیدا تێپەڕبوە و خەریکە پێیدا دەڕوا . ئێستا خەریکی زۆرانە لەگەڵ ژیان و ئەو کۆسپ و تەگەرانەی لە پێشیدا قوت بوونەتەوە و هەوڵ دەدا تا ئەو ڕادەیەی بۆی دەلوێ کەڵك لە ڕووناکی و ڕۆشنبیری و گەشە کردن وەربگرێ و بە ڕێگاوەیە و دەڕوا .

ئەو ڕەخنانەی من لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری گەلاوێژ و ڕۆژنامەی ژین و ئەوانی دیکەدا دیومن کە لە هەندێ هەلی هەڵکەوتوودا دەرچوون ، ڕەخنەی سادە و یەك لانی بوون . یان بۆ پێدا هەڵدان بوون یان بۆ شکاندن . نووسەری بەرهەمەکە ، ئەگەر نزیکی ڕەخنە گرەکە بووبێ ، ئەوا زۆری بە بەرهەمەکەیدا هەڵگوتوە و

ئەگەر لێوەشی دوور بووبێ ئەوا سەر کۆنەی کردوە و سەر و گوێلاکی کوتاوەتەوە . کەم وابووە ڕەخنەی زانستی‌یانەی کاملمان بە بەرچاو کەوتبێ . لەگەڵ ئەمەشدا توند و تیژی‌یە کانیان سنوورێکیان بۆ هەبوو . بە تایبەتی ئەو ڕەخنانەی کە لە گۆڤاری گەلاوێژا دا بڵاو دەکرانەوە .

گرنگترین و قووڵترین ڕەخنەی ئەو سەردەمە ، واتە هی‌چلەکان و پەنجاکانی ئەم سەدەیە ، ئەو ڕەخنانەن کە بارتە سیاسی‌یەکانی ئەو کاتە لە هەڵوێست و بیروباوەڕی سیاسی یەکتری‌یان گرتووە . ئەمە لەوەوە هاتووە ، کە ئەو ڕەخنانە ـ هەر چەندە زۆر بەیان یەك لانەبوونە و بۆ شکاندن و جێ بێ لەق کردنی ڕەخنە لێگیراو بووە ـ نووسەرە کانیان کەسانێکی خاوەن پلەی باش بوون لە ڕۆشنبیری سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی‌دا . ئەم ڕەخنانە کارێکی زۆریان کردۆتە سەر ڕەخنە وێژەیی‌یەکەشەوە و تاڕادەیەکی باش باڵیان پێوە ناوە تا لە قاڵبە تەسك و ترووسکەکەی‌دا دەربچێ کە تێیدادەژیا ، هەر چەندە لە توند و تیژی‌یەکەشی زیاد کردوە ، کە ئەم توند و تیژی‌یە لەبەرهەمە ڕەخنەیی‌یەکانی ساڵانی ناوەڕاست و دوایی پەنجاکان دا دیارترن .

کاك (محرم محمد ئەمین ۱۹۲۱ـ ۲۳/۷/۱۹۸۰ز)ی(*) چیرۆك نووسی پێشکەوتن خواز ، لە بارەی بە هەڵە لە ڕەخنەگەیشتنی هەندێ لە نووسەرەکانی سەردەمی ساڵە کانی چل و پەنجاکانەوە نووسیویەتی

« داخەکەم ئێمە ڕەخنە زۆر بە هەڵە تێگەیوین ، زور کەس هەیە هەر کە ناوی ڕەخنەی لا ئەبەی ڕوو گرژ ئەکا و مۆن ئەبێتەوە .

★ ساڵی لە دایك بوونی لەکوڕەکەیەوە بۆم هاتووە و ڕۆژی کۆچ کردنی لە فایلی تەقاویتی‌یەکەی دا وەرم گرتووە .

چونـکه واتێ گەیشتوون کە ڕەخنە مانای دووەمی جنێوە ••• جارێکیان بە بۆنەی بڵاوبوونەوەی (ڕشتەی مرواری) مامۆستا (علاء الدین)ەوە لە نووسەرێـکم پرسی ڕەخنـەت هەیە لە (ڕشتەی مرواری) ؟ ووتی :ــ (استغفر اللە !) وەکوو پێی بڵێم خوانـە خواستە (هیچ جنێوت داوە بـە مامۆستا علاء الدین) ، ئەمەش هەروەی لەبەر ئەوەیە تا ئێستا لە ناو ئێمەدا ڕەخنە بۆ ئەم ئامانجە نا لەبارە بەکـار هێنراوە • هەندێ کەسی تریش هەن کـە لـە ڕەخنە سڵ ئەکـەنەوە لەبەر ئەوەیە بـە بەرهەمەکانیانا ڕاناپەرموون لە هێڵەکی ڕەخنە بدرێ نەوەکوو لە مرۆر بەو لاوە هیچی تری تیا نەبێنێتەوە و لەبەر چاوی خەڵکی بکەوێ »(٢٧) •

لە پێش ئەوەی باسی ڕەخنەی ئەو ساڵانە بەجێ بهێڵم ، بە پێویستی دەزانم کـە نموونەیەکیش لە شێوە و چۆنیەتی و پلەی ڕەخنەی گیراوی ئەو ماوەیە بخەمە بەر چاو کە ئەو ڕەخنـەیە هـەر لە خۆشم گیراوە • ڕەخنەیەکی دیـکەم هەڵنەبژارد ، نەوەکوو ڕەخنە لێگیراوە کە دڵـگیر بێ لە ژیاندنەوە و بەر چاو خستنەوەی ئەوڕەخنەیە کە ماوەی (٢٥،٣٠) ساڵێکی بەسەردا تێپەڕیوە • وە بۆ ئەوەشم هەڵنەبژارد ، وەك کۆنە قین هەتا لێرە دا بەر پەرچی بدەمەوە • ئەوەی ڕاستی بێ ، هـەتا چاوم بـە نووسینەوەی ئەم وەرامەدا نەخشاندەوە ، نە کەوتەوە بیرم وە تا ئێستاش لەوانەیە بە تەواوی نە چووبمە بنج و بنەوانی ڕەخنەگرە کەوە تەنانەت هەر بۆ ئەوەش کـە بزانم کێیە ، چونـکە مەبەستم نەبووە و لە سەرێکی دیکەشەوە ڕەوتی ڕۆژگار و پێویستی‌یەکانی گەشـە کردن و پێشکەوتنی زمانی کوردی لە بڕیارەکەی (کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لـە شەقڵاوە ــ ساڵی ١٩٥٩) بەر پەرچیان داوەتەوە و ئێستا ڕەخنە کە هیچ ووزەو گیانی تێدا نەماوە • ئەگەر ئەوە نەبێ بە نموونە دەی هێنمەوە ، دەنا پێویست بە بەر پەرچ دانەوە ناکا •

وەکوو زانراوە کە چەند مانگێك لە پێش شۆرشی ۱٤/ی تەمموزی/۱۹٥۸ دا ، دوو نامیلکەی بچووکی چیرۆکی کورتم بلاوکردەوە ، یەکێکیان بە ناوی (کەوای نەکرای) ، واتە (کەوای نەکراو)ەوە بوو کە بریتی بوو لە چیرۆکێکی کورتی کۆمەلایەتی لە بارەی ژیانی خێزانێکی ڕەنجدەری ماوەیەك لەوەو بەر ، کە بە شێوە زمانی کۆیە نووسرابوو . بێ گومان بۆ ئەوەی کە گرنگی ئەو شێوەیە دەربخەم و خەلکی کوردستان بە تایبەتی خوێندەواران ، لە ووشە و زاراوەکانی ئەو شێوەیەش شارەزایی یەکیان هەبێ . (کاك شوان) کە هەر وەك لەمەو بەر گوتم ، لە وانەیە ئێستاش بە تەواوی نەزانم کێیە هەر لەسەر ئەمەندە کەچیرۆکە کە بەو شێوە زمانەیە نووسرابوو و هیچیتر ، نووکی قەلەمی لێ تیژ کردبووین ، ئەمە دەقی ڕەخنەکەیەتی، با خۆی پێتان بلێ چی نووسیبوو :ـ

ئەلف و بێ ...؟

: دەرد و دەرمان و دەستی بێگانە !

: وام زانی لە مێتیە ڕزگار بووین و جارێکی کە منەت باری نابینەوە ، لەبەر ئەوە سەر دەمێك بوو خۆشم تێ نە دەگەیاند ، هەر وەك هەندێ کەسی سپلە کە تا هیوایان بە یەکێك ئەبێ مەرحەبای لێ ناکەن ، وە کە فرمانێکیشیان بەو کەسە بوو بە دەست و پێو کلاشەکەیا دا ئەنووسێن . مێش لە دۆشاو و شیلە شەکر وا نە نیشتبێ . بەلام زۆری نە خایاند بە پەلە پرووزێ خۆم بە ـ ذ ـ گەیاندەوە بە هۆی ئیملاکەی مامۆستا توفیق وەهبی بەگەوە . مامۆستامان تیپێکی کەی لەم ڕەنگە بۆ خستووینەتە سەر ، یاخود ـ د ـی بۆ کردووین بە ذ . لە مەولا ئەبێ بنووسین :ـ ئەحمەذ ، گۆبەنذ ـ چونکە لە ناو بازێری

سلێمانیدا ، ئەم چەشنە دالانە بە ڕەنگێك ئەبێژن نە دالە و نە ذال .
جا بۆ بەجێ هێنانی عەدالەت و یەکانیلە ناو هەموو هۆز و تیرە و کووچەکانی کوردستانا پێویستە بکەوینە خۆمان بۆ تیپ دروست کردن.
بۆ وێنە ئەبێ بۆ دزەیی و هەورامی چەند تیپێکی کە پەیدا بکەین چونکە دزەیی - ح - بە - ع - ، وە - ع - بە - ح - وەهەورامی - س - بە - ث - ئەبێژن ، کە گۆڤار و نامەمان بۆ دزەیی نارد ئەبێ عەلی بە حەلی بنووسین ، وە بۆ هەورامیش - سلاو بە - ثلاو - ئەنووسین.ئەوسا زەنگنە و باجەلانیش ئەڵێن قووڵ و شووڵمان بە قول و شولبۆ بنووسن . بەم چەشنە شێوەی نووسینی کوردی زمانی کوردی لە ژمارە ئەچێتە دەرەوە و تیپەکانیش ئەگەنە ژمارەی تیپی چینی کە ئەڵێن - ٤٠٠ - تیپ ئەبێ ، وە بۆ جیهانی دەرئەخەین کە کورد بۆ نووسین و خوێندنەوە یەك شێوەی نییە بەڵکوو هەزار شێوەی هەیە . وە بە عەرەب و فەرەنگ ئەڵێن ئێوە بە هەڵە چوون کە بە یەك شێوە ئەنووسن و ئەخوێنەوە ، تا زووە واز لەو بیرە کۆنە بێ کەڵکە بهێنن !
شارەکانتان هاندەن هەر یەکە بۆ خۆی و لەسەر شێوەی خۆیان تیپ دروست کەن بۆ نووسین و خوێندنەوە . بەم ڕەنگە زۆری پێ ناچێ نامە و کتێبی هیچ شارێك بۆ هیچ شارێکیکە ناخوێندرێتەوە و لێی تێ ناگەن . ئا بەم چەشنە خوێندەواری بۆ گەلی نەخوێندەوارمان ئاسان و هەرزان ئەکەین زمانەکەمان بۆ نووسین و خوێندن ئەبێ بە یەك زمان !؟

ئەوسا کەسیش ناتوانێ بە - ناسرو مارمار - ەکەی ووردی و - کەوای نەکرای - خالد دلێر ناو بڵێ ئەمەچییە ؟!

شوان(٢٨)

ئەمە دەقی ڕەخنەکە بوو • کە هەر بە جوانیشی نازانم لە پاش تیەڕ بوونی بیست و شەش ساڵدا ، هەڵستم بەر پەرچی بدەمەوە •

بۆ ڕەخنەی هاو چەرخ ، ئەو ناوەی ێتوە بەکارتان هێناوە هەر وەك ئەوەی کە ڕەخنەکانی یەك دوو نەوە لە پێش ئێمەدا ، ڕەخنەی هاو چەرخ نەبن ـ ئەگەر چەرخ بە سەدە ، بزانین کە ئەم تێکەیشتنە لە وێژەی کوردیدا زۆر بەکار هاتووە ، لە پێش ئەوەی ڕاستە و خۆ بچمە سەر باس کردنیی ، ترە ، ئەم شوێنە ، ئەم کانە ، بە هەل دەزانم کە پێشنیازێك زۆر بە کورتی ڕوون بکەمەوە و بخەمە بەر دەستی بوێژەکان ـ ئەگەر کەس لە پێش من ئەمەی نەکرد بێ ـ بۆ ساغ کردنەوە و پەسند کردن ، یان پەسند نە کردنی پێشنیازەکەش ئەمەیە :ـ

وەکوو لە لاەان ڕوونە ، ماوەی ئەو هەشت نۆ ساڵەی کە بە هۆی باری ناهێمنی تایبەتی کوردستانەوە ، لە سەرەتای شەستەکانەوە ، ئەدەبی کوردی ، بە هەموو بەشەکانیەوە تووشی مەیین و بەستن و خەوتن هات، هەر وەك لەوەوپێشیش هەندێکی لێ دوام • ئەم بارە درێژەی کێشا هەتا دوا دوای شەستەکان ، واتە پێش ساڵی ١٩٧٠ ، کە لەو ساڵانەدا ، وێژەی کوردی دەستی بە جم و جۆڵ و بووژاندنەوە کردەوە و سەرەتای تەووژم و گوڕێکی تازەی ئەدەبی دەرکەوت •

چاك وایە ئێمە ماوەی ئەو هەشت نۆ ساڵە ، بە سنوور دابنێین لە نێوان وێژەی کۆن و وێژەی تازەدا ، بە هەموو بەشەکانیەوە چیرۆك ، ڕەخنە ، پەخشان ، شیعر • ئەگەر تێکەڵاوییەکیش هەبێ لە نێوان ئەو دوو ماوە مێژووییە ، یان ئەو دوو سەردەمە وێژەییەدا ، ئەوە هەر شتێکی زۆر سروشتی و ئاساییە • چونکە هیچ دەرکەوتێکی

گرنگ یەکاو یەك نابێ و پێویستی بە ڕێگا بۆ خۆش کردنەوە هەیە و نیشانەکانی تاك و تەرا و جار و بار دەردەکەون ، هەتا هەموو لانەکانی و بەشەکانی بە تەواوی یەك دەگرن و گۆڕانێکی چۆنیەتی تێدا دروست دەبێ • ماوەی ئەو هەشت نۆ ساڵە ، بە ماوەیەك دابنێین کە هەر وەهاشە، کـە تێیدا ئەدیبانی کورد خوێندویانەتەوە و سەرنجیان‌داوە و زۆرانیان لە مێشك و دەروونی خۆیاندا کردوە و گەشەیان کردوە و ئەوبارە نا سروشتی‌یە ، بە دەیان و بە سەدان ئەشکەنجە و موعاناتی لە مێشکیان دا دروست کردوە و لەبەر ئەوەی ماوەی بەرهـەم بڵاوکردنەوە نەبووە ، پەنگیان خواردووتەوە و کەرەستەی گۆڕانە چـەندی‌یەتیەکـە ، تەواو بەسەر یەکدا کەڵەکە بووە و لەو ساڵانەی دوایی شەستەکان‌دا ، کە باری سیاسی کەمێك هێمن بۆتەوە و ماوەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئـەدەبی دەسکەوتووە و گلی سەرئاوە پەنگ خواردووەکە کەمێك نەرم بۆتەوە و گۆڕانە چۆنیەتی‌یەکە دەرفەتی دەسکەوتووە و تەقینەوەکە بووە •

ئەم پێشنیازە ، هـەر بەتەواوی لەگەڵ بارە ڕامیاری‌یەکەی ئـەو سەردەمەی کوردستانیش‌دا دەگونجێ ، کە دیاردەکەی (خـــەوتن و گرمۆڵە بوونی ئەدەبی کوردە لەو ماوەیەدا)لە ئەنجامی ئەو ڕامیاری‌یەشە بۆ زیاتر ڕوون کردنەوە دەڵێم :ـ

هەر لەگەڵ بەکار هێنانی ڕەفتاری دوژمنانە بەرامبەر بە گەلی کورد لەلایەن دەسەڵاتداری‌یەتی ئەوکاتەوە ، لـە ناوەڕاست ، یان لـە کۆتایی ساڵی١٩٦٠ دا ، بارە ویژەیی‌یەکـەش بە ناچـاری تووشی خـۆ گرمۆڵە کردن بووە ، کـە بارە ڕامیاری‌یەکە ،بەرامبەر بەمافەکانی گەلی کورد ، نەختێ شل بۆتەوە و دەستی بە کرانەوە کردووە ، بارە ئەدەبی‌یەکەش وەك کانی‌یەکی پەنـگ خواردوو ، تەقیوە تەوە ، هـەر کـاتێك جۆرە

یموکراسی‌یەك هەبووبێ ، وێژەش لە ژێر سایەی دا گەشاوەتەوە و بەرخۆر داربووە .

بەلای منەوە سەرەتای ماوەی‌خەوتنی ئەدەبەکەمان ، ئەو کاتەیە کە لەسەرەوە باسم کرد . بەڵام ساڵی کۆتایی هاتنی‌ی دەکەوێتە نێوان ساڵەکانی ۹٦۷ ـ ۱۹٦۸ یان ساڵی ۱۹٦۹ ، کە ساغ کردنەوەی پێویستی بە هەندێ گەڕان و لێکۆڵینەوە هەیە هەتابزانین لە کامە ساڵیان دا بڵاوکردنەوەی بەرهەمی کوردی ، لە چەندی‌یەتی و چۆنیەتیدا بە پادەیەك بووە کەوامان لێ بکا بڵێین : ماوەی خەوتن و بێ بەرهەمی‌یەکە لەو ساڵەدا کۆتایی هاتووە . بۆ ئەو کەسەی کتێبخانەیەکی ڕێك و پێك شك بیا کە هەموو بەرهەمەکانی ئەو ساڵانەی تێدابێ ، ئەمە ئیشێکی زۆر ئاسانە . لێرەدا پێشنیازەکە ، بۆ خوێندەوار و بوێژەکان بەجێ دێڵم .

بە پێی ئەو پێشنیازەی سەرەوە ، ڕەخنەی ئەم سەر دەمەمان ، لەو ساڵەوە ، یان لەو ماوەیەوە ، دەست پێ دەکا . بێ گومان ڕەخنەی تازەمان گۆڕانێکی باشی بەسەر دا هاتووە کە سەرنج ڕاکێشەرە . ئەو هەنگاوی بەرەو پێشەوە چوونە ، لە لانەکانی قووڵ بوونەوە ، وورد بوونەوە و سەیر کردنی هەموو لایەکان لە ڕەخنە گرتن دا ، بە تایبەتی ڕەخنە گرتن لەبەر تیشك و ڕووناکی تیۆری زانستی و کۆمەڵایەتی کە ڕەخنەکەمان ناویەتی و ئەو پلەیەی پێی گەیشتووە ، لام وایە بەشە وێژەیی‌یەکانی دیکە پێی نەگەیشتبن .

بە ئاوڕ دانەوەیەکی سەر پێی بۆ ئەدەبی پێش ماوەی کپ بوونەوە ، واتە پێش ساڵی ۱۹٦۰ ، کۆمەڵێك شاعیر و جیرۆك نووسی چاکمان دێتە پێش چاو ، بەڵام بۆ ڕەخنە گر.وانی‌یە ، کە نیشانەی دوا کەوتەیی ڕەخنە کەمانە لەو سەرەدەمەدا . کەچی ئەمڕۆ ، هەر بە

سەرنج دانێکی ئاسایی و خێرا ، کۆمەڵێك ڕەخنە گری باشمان دێتــە بەر چـاو کە زۆربەی زۆریان لاون ، پێشکەوتن خوازن • ئەمە نیشانەی ئەوەیە کــە ئەم ڕەخنە گرانە لە سەردەمی کپ بوونەوە و خەفە بوونی ئەدەبەکەماندا خۆیان پەروەردە کردوە و پێ گەیشتوون •

دوو دڵی لە گوتنی ئەوە دانی‌یە کە هاتنە کایەوەی ڕەخنە گری باش، مانای وایە کە بەرهەمی ڕەخنەیی باشیان لەبەر دەستی دەر دەچێ • بــۆ بەبیرهێنانەوە دەڵێم کــە ڕەخنــەی جارانمان ، سادە و یــەك لانــە و سەرەتایی و لە پێویست زۆر کورت تر بوو • کە چی ڕەخنــەی ئەمڕۆمان ، بە تایبەتی هی ڕەخنە گرە پێشکەوتن خوازەکان ، لانــی باش و خراپی ئەو بەرهەمە ، بە بەڵگەی ڕوون و نموونە بۆ هێنانەوە شی دەکەنەوە ، کە ڕەخنەکەی لەبارەیەوە دەنووسن • بە مەبەســتی پێش خســتن و بــەرز کردنەوەی پلــەی بەرهــەمەکە و ڕۆشــنبیری خوێندەواران ، بە قووڵی ، دوور بینانە ، هەموو لایێکی بەر هــەم ، پێوەندی دیالکتیکی لەگەڵ ژیان و تێکۆشان دا ، بە شێوە و زمانێــکی جوان و خۆش دەخەنە ڕوو • ئەم هەنگاوە جوان و بەجــێ یانەیان ، هەڵبەت هەمووی بە پێی توانای ڕۆشنبیری و تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئەم پلەیەی خۆیان دەهاوێن •

بەڵام ئــەم بارە دڵ خۆشکەرەی کــە ڕەخنەکەمان هەیەتی ، دەبێ باڵمان پێوە بنێ ، بەتایبەتی ڕەخنــە گرەکــانمان ، بۆ زیاتــر کردنی ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕانە و ڕەخنە گرانەیان • بە مــانەوە لە ناو قاپێلك و قەبارەی ئەمڕۆیان دا ڕازی نەبن ، با کەڵك لە ڕەخنــە گرە بەرزەکانی گــەلان و کەلەپووری نەتەوایــەتی شۆڕشــگێڕی خۆمــان وەربگرن ، تاوەکوو بتوانن بەرەو پێشەوە هەنــگاو بنێن • ڕاوەستان لەو جێــگایەی

کەیێ‌ی گەیشتوون ، بۆ نووسەر بە گشتی وە بۆ ڕەخنە گر بەتایبەتی پەشم و نابەجێیە و مانای تەمەن بە فیڕۆدان و مردن یەتی‌ی .

لە پێش ئەوەی کۆتایی بە وەرامدانەوەی پرسیارەکە بهێنم ، ئەوە دەخەمەوە بیری ڕەخنەگرەکان و خوێنەران ، کە لە ڕەخنەگرتن‌دا هەندێ کەس دڵی هەر دەڕەنجێ ، بە تایبەتی ئەگەر پێداهەڵگووتن‌ی تێدا نەبووبێ بە بەرهەمەکەیدا ، ڕەخنە گر شایەری جاران نی‌یە ، شیعرە فۆلکلۆری و نا فۆلکلۆریەکانیان ئامادە کردبێ و لە هەمووشایی و زەماوندێکدا بیڵێتەوە و تەنیا ناوی خاوەن زەماوەندەکە (لە ڕەخنە گرتن دا ناوی بەرهەمەکە و خاوەنەکەی) بگۆڕن . لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر گوێ نەدانە دڵ ڕەنجانی خاوەن بەرهەم فرمانی سەرشانی ڕەخنە گربێ ، ئەوا پێرەوکردنی ڕێبازێکی زانستیانە و هێنانەوەی بەڵگەی ڕاست و بەکار نەهێنانی ڕق وکین و کۆنە غەرەز لە ڕەخنە گرتن دا پێویستی سەر شانی ڕەخنە گرە و زیاتریش .

وەرامی پرسیاری پێنجەم

وەکوو زانراوە ، تەم و مژ و قسەی بە توێکڵ ، لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دابێ ، شاردنەوەی مەبەستێك دەگەیەنێ کە لەبەر هۆیەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان لە ترسی زەبرو زەنگ و داپڵۆسین ، یان لەبەر هەر هۆیەکی دیکەبێ ، دەرفە تێکی گونجاو و لە باری بۆ هەڵنە کەوتووە کە بە ئاشکرا و ڕوونی دەربڕدرێ ، لە ناو مەبەستێکی دیکەی ئاشکرادا ، کە ئەمیان ئەصڵەن هەر گەرەك نی‌یە بەڵکوو ئەویان گەرەکە .

تەم و مژ و قسەی بە توێکڵ ـ بەلای منەوە ـ لە سێ حاڵان دا بەکار دەهێندرێ :ـ

١ ـ له کاتێك دا که ناکۆکی له نێوان گەل‌و دوژمنە دەسەڵاتدارەکەی دا ، دەگاتە ئەو ڕادەیەی کـە شیر و تیر لەیەك بسوون و دەستە و یەخەی یەکدی بووبن • بە ووتـە زانستی‌یەکە ، واتە دەگـاتە لووتکەی توند و تیژی و بەنەمانی لایەکیان نەبێ یەکالاَ نا بێتەوە • لەو کاتە دا ئەو بوێژەی خۆی لەڕیزی گەلەکەی دا دەبینێ و لـە ئەنجامی ئەو ناکۆکی‌یە توند و تیژ و خوێنڕێژی‌یەی کە ئەمیش لە دەستی دا بە دادە دادە ، جۆش و خرۆش و هەڵقولاَن و پەنـگ خواردنەوە تەنـگی پێ هەڵچنیێ و دەردی ووتەنی (پڕی زگی !! قـە بووبێ) و دەستی بە هیچ لایەك ڕانەگات و نە زانێ چۆن ئەو لافاوی هەستی دەروونە بە ڕۆڵەکانی گەلەکەی ڕا بگەیەنێ ، وەك بەشدار بوونێك لەوەوە ، بۆ ئەو خەبات و تێکۆشانەی ئەو گـەلە دژی دوژمنەکـەی دەیـکا و ئـەو ئەدیبە بیەوێ بۆ ئەم مەبەستە گەڵك لە هۆیەکـانی بلاَو کردنەوەی ئـەو دوژمنە وەربـگرێ ، هەڵدەسێ تـەم و مژ بەکـار دەهێنێ • بیروباوەڕ و مـەبەست و ئاراستە کردنەکانی خۆی بە داڕشتنێکی وەها ـ شیعر بێ یان شتی دیی کە توێـکڵی داربێ ، واتە مەبەستێکی ئاشکرای هەبێ (ڕووی دەرەوەی)و دوژمنەکە نە توانێ بەشتێـکی لـە دژی خـۆی لێك بداتەوە و گەلەکە ئەم مانائاشکرایە لەسەر ئەو بوێژە نە زمێرێ وە ئەو بەرهەمە لـە هەمـان کـات دا ، مـانایەك یان زیاتری شاردراوەی لێ وەربگیرێ کە ودژمنەکە پەی بـە دەرك کردنی ئەو مانایە نەبا ، یان نە توانێ بەسەر خۆی بهێنێ ، بەلاَم گـەلەکە پیان دۆزێتەوە و تێ‌یان بـگاو ، ئەو بەرهەمە ئەو مەبەستە بدا بـە دەستەوە کە بۆێژەکە بەو ناوەوە ناوکی دەبڕێ •

زۆربەی\ بەکـار هێنانی تەم و مژ لەم لانەدا ، یان لەم مەبەستەدا

بە کار دەهێندرێ ، واتە لە لایەن بویژ و شاعیری خەباتکەر دژی دوژمنێکی دەسەڵاتدار کە ناکۆکی لە نێوانیان دا بە توند و تیژی نەبێ ساغ نەبێتەوە و ماوەی دەربڕینی ئاسایی و بێ تەم و مژ و بێ پێچ و پەنای تێدا نەمابێتەوە •

٢ ـ هەندێ جار شاعیرەکانمان ، بە تایبەتی شاعیرانی قوتابخانەی کۆن لە ناو خۆیاندا یان لەگەڵ خەڵکی دیکەدا ، قسە و شیعری بە تونکڵیان بەکار هێناوە • کە ئەمەش شێوەیەکی سەرەتایی بووە لە بەکار هێنانی ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەگوترێ ویژەی تەم مژاوی • شێخ ڕەزای تاڵەبانی (١٨٣٥ ـ ١٩٠٩ـز)(٢٩) لەم تەرزە هۆنراوەیەدا دەستێکی باڵای هەبووە • چونکە لەگەڵ بەهرە و سەلیقە شیعرییە جنێو فرۆشییەکەی دا ڕێك کەوتووە و لەویشدا هەڵقوڵاوە • لە دێرە شیعرێك دا ، کە لە خوارەوە دەی بینین لە بەکار هێنانی (زاراوەی) (ئەوکەرە)دا مانایەکی ئاشکرای داوە بە دەستەوە کە (گوێ درێژەکەیە)و بەشاردراوەیش یان بە نیمچە شاردراوەیش مانایەکی دی ، یەکێکی دی مەبەست بووە • کە (شێخ حەسەن) خۆیەتی •

بۆ کەرێ ئیعلانی حەربی کرد لەگەڵمان شێخ حەسەن
سەیری کەن یاران چ گۆبەندێکی گێرا ئەوکەرە(٣٠) •

یان لە خەتە شیعرێکی دیکەی هەمان شاعیر دا کە باسی دوو ماڵ دەکا ، کەوتبوونە ئەم بەر و ئەو بەری شاری کەرکووکەوە لە دوایدا بە ڕواڵەت گۆیا شاعیر جێگەی خۆی نازانێ و دەڵێ :ـ

(ماڵی موفتی لەم) بەرە مەعلوومە قازیش لەو بەرە
پیاوی وەك من کێ دەزانێ لەم بەرم یا لەو بەرم ؟ (٣١)

کەچی مەبەستی شاعیر ، هەر چەندە شاردراوەتەوە ، بەڵام هەر ئاشکرایە ، کە شکاندنی خاوەن ماڵەکانە و بە جۆرێکیش کە ئەوان لە بەرژەوەندیان دا نەبێ یان نە توانن ئەو شکاندنە بەسەر خۆیاندا بێنن •

لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن ، ئەو دێڕە شیعرانەی شێخ ڕەزا بۆ جنێو پێدانە و بەس • من ناڵێم ئەو قسەیە ڕاستی تێدا نی‌یە • بەڵام لە هەمان کاتیشدا شاعیر ئەو دێڕانە و ئەو تەرزە نووسینەی بە مەبەستی شاردنەوەی جنێو و مەبەستی شکاندن بەکار هێناوە • کە شیعر و ئەدەبی تەم و مژاوی ئەمڕۆش هەر بۆ شکاندن و ڕیسوا کردنی ئەو لانە یا ئەوکەسەیە کە ئەدەبەکە (!) مەبەستی‌یەتی • لە وێژەی ئەمڕۆدا زۆربەی جنێو پێدان و (هجاء)لە شیعری تەم و مژاوی‌دا خۆی ئەنوێنێ • بە تایبەتی کە خوو ڕەووشت و دەم و دووی ئەم سەردەمە لە شاعیر یان لە ئەدیب قبووڵ ناکەن جنێوی ئاشکرا و بێ پێچ و پەنا ، بخەنە بەرهەمەکانیانەوە ، لە کاتێك دا کە ئەم هەموو جۆری دەربڕینەی ئەمڕۆ هەبێ ، لە ڕەخنە گرتنی زانستی‌یانە و هەڵسەنگاندنی شۆڕشگێڕانە ، لە وێژەوانی خاوەن پەیامی پێشکەوتن خواز قبووڵ ناکرێ جنێو بنووسێ • لە شاعیرانی ئەمڕۆدا ، بە تایبەتی لە چارەکە سەدەی ڕابردوو دا من لە شیعری (هەژاری موکریانی)بەو لاوە ، شیعری بەم شێوەیەم نەدیوە • دەڵێن ڕۆستەم فەتاح حەویزیش ، کە شاعیرێکی کلاسی‌یە و لە کۆیە دادەنیشێ لەم جۆرە شیعرانەی هەیە • بەڵام من هیچم لێ نەدیون •

شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، دەیتوانی جنێوی گەلێ پیس بەوانە بدا کە لەو دوو خەتە شیعرە و شیعرەکانی دیکەی لەم چەشنەی دا ناوی هێناون• بەڵام وا دیارە ، لەبەر ئەوەی ترس ، یان شەرم و شکۆیەك لە ئارا

دا هەبووە ، ئەم جۆرە شیعرەی بۆ نووسیون • کە لەکاتی لێ تۆزینەوەدا ، هەر لە پێشەوە ڕێگەی خۆ لە گلەیی و لۆمە دەرباز کردنی بۆ خۆی دیاری کردووە •

لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستی‌یە کە دەبێ بۆ گوتنی ئەدەبی ئەم و مزاوی دوو شتی ناکۆك هەبن و لە ناو شیعرەکەدا یەك بگرنەوە • ئەو شتانەش :

یەکەمیان : بوونی جۆش و خرۆش و بوونی باری سەرنج و هەست کردنێکی گەورە بە پێویستی دەربڕینیان کە کپ کردنەوەیان و نانە ژێر گلێان لە توانای ئەدیبەکە دا نەبێ •

دووەمیان : بوونی ترس و زەبر و زەنگ ، یان شەرم و شکۆیەك، یان شتێکی دی لەم ڕەنگە کە بەرهەڵستی ئەم دەربڕینە بە ئاشکرایی و بە بێ پێچ و پەنایە بکاەجا وێژەوانەکە لە هەر یەکێك لەو دوو شتە لە یەك دوورە ، تونێکڵێك دا دەتاشێ و لە یەك نزیکیان دەکاتەوە و لە دوایشدا یەك دەگرن و بەرهەمەکە بەو چەشنە لە دایك دەبێ تەنانەت «لامع = شێخ ڕەزا» خۆشی تا ڕادەیەکی باش دانی بەوەدا ناوە کە ئەگەر لە کەسێك نەترسابێ و ویستبێتی ئەو کەسە ، بشکێنێ ، شیعری ئاشکرا و ڕوون و بەبێ پێچ و پەنای بۆ داناوە • مانای وایە ، ئەو کەسانەی کە شیعرە بە تونێکڵ و دوو مانا بەخشەکانی بۆ داناون ، جۆرە ترسێك یان شەرم و چەشنە ڕێز گرتنێکی بەرامبەریان هەبووە • لە شیعرێك دا کە بۆ (بەڕێوە بەری دارایی = مال مدیری) ئەو کاتەی نووسیوە دەڵێ :

مال مودیری کە خەلکی هەولێرە
هەر وەکوو خایە ، بێ خێرە

صورەت و سیرەتی لە پیاو ناچێ
ئەو قورمساغە ، مێیە یا نێرە ؟

دوای جنێو دانێکی زۆری بە ئاشکرا ، بە ماڵ مودیری • ئەوجـــا ئەوەی دەربڕیوە کە ئێمە لەم ڕۆزگارە دا بۆی چووین ، دەڵێ :ـ

نییە باکم ئەگەر ئەو خویسە بلێ
ئەوە ئەشعاری لامعی کوێرە(*) •

وەکوو دەبینین ، بەکارهێنانی تـەم و مژ و قسەی بە توێکڵ لــە وێژەکەماندا لە پێش نزیکی سێ چارەکە سەدە لە مەوبەر لەگەڵ هـی ئەمڕۆدا ، لە شێوە و ناوەڕۆك و مەبەستیشدا ، گۆڕانێکی زۆر فرەوان و قووڵی بەسەردا هاتووە • ئەو گۆڕانە فرەوان و قووڵەی بەسەر هـەموو لانەکانی ژیاندا هـاتووە ، بـە تایبەتی لانەکانی بیروباوەڕ و زانستی و وێژە و پێویستی‌یەکانی ژیان و ئاڵۆز بوونی باری ڕامیاری و ••• هتد ، کاریان کردۆتە سـەر تەم و مژەکەش و تەقیوەتەوە و ئەو قاڵبە تەسك و نیمچە ئاشکرایەی شکاندووە و قاڵبێکی فرەوان و شاردراوە تری لــە خۆی وەرپێچاوە •

جاران دەسەڵاتداری‌یەتی ـ مەبەستم گشتی و فرەوانە ـ ئەمەندەی ئەمڕۆ بە هێز و فرەوان و وورد و خاوەن کەرەستەی دەستەڵاتی و خـۆ سەپاندن و دەزگا و دامەزراوی‌ئەمە جۆرە نەبوو • بۆیە قسە و ئەدەب و بلاوکردنەوە و جۆری نووسینی سەردەمی پێشوو تەم و مژێکی وەك‌ئەوی ئەمڕۆ خەست و توندی گەرەك نە بوو •

★ دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانـــی ـ ل ٦١ ـ چاپخـانەی مەریوان ـ بەغدا ـ ١٩٣٥ •

لێرەدا پێویستە شتێکی دیکەش بخەینە بەر چاو • ئەویش ئەوەیە کە هەندێ لە لاوە کانمان ، لە ژێر پەردەی نووسینی ئەدەبی تەماوی دا ، شتی وەها دەنووسن ، کە لەوانەیە خۆشیان نەزانن دەڵێن چی•یان چی‌یان وتووە • ئەم دیاردەیە لە ساڵی ١٩٧٠ بەم لاوە پەرەی سەند و لە شیعردا زیاتر بەدی‌ی دەکرێ •

بەرهەمی لەوبابەتە ، لە ئەدەبی هەر گەلێك دابێ ، بەوێژە نا ژمێردرێ • یەك لە بەردی بناغەی وێژە ئەوەیە کە دەبێ ڕوون و ئاشکرابێ ـ بەتایبەتی ئەدەبی شۆڕشگێڕ ـ مەبەست بدا بە دەستەوە ئەگەر ئەمە لە باری ڕامیاری ئەو وولاتە لە توانا دا نەبێ جێگەی ڕەخنە لێگرتن نی‌یە کە لە ژێر چێنێ تەم و مژ و بە پێچ و پەنا مانای مەبەست دەربرڕدرێ ، با ماناکەش هەموو کەس تێ‌ی نەگا و هەندێ کەس تێ‌ی بگا • ئەمە باشترە لە وەی هەر هیچ کەس‌نەی بینێ و لە ناو مێشك و دەروونی وێژەوانەکە دا گۆڕ بکرێ • دەردی مەسەلەی مەلای مەشوور ونەنی ، ئەوانەی تێ‌ی دەگەن ، بۆ ئەوانەی ڕوون دەکەنەوە کە تێ‌ی ناگەن • بەڵام ئەگەر هەر هیچ مانایەك دەرنەخا ، ئەوە نە ئەدەبە و نە هیچ ، بە تایبەتی لە کاتێك‌دا کە ماوەی دەربڕینی ئاشکرا هەبێ •

بۆ نمونە دەڵێم ، جار بووە لە توانا دا هەبووە ، دوور لە هەموو تەم و مژێك ، هەموو شت ، یان زۆر شت بگوترێ ، کەچی ئەو کەسانەی من لێرەدا باسیان دەکەم ، لە ژێر ناوی ئەدەبی شۆڕشبگێڕ یشدا !! هەر لەسەر ڕیز کردنی ووشە وڕستە کەس تێ نەگەیوەکانی خۆیان ڕۆیشتوون • ئەوە مانای چی لەوە بەدەر کە ئەمانە هەر لە بناغەدا هیچیان بێ نەبووە بیڵێن ؟ وا دەردەکەوێ کە تەم و مژ هەر خۆی وەك مەبەست لەلای ئەو ئەدیبە شۆڕشگێڕانە ئامانجە و مەبەستە و

هیچی‌تر !! بەرد و ترازووی شیعر و ئەدەبیان بەڕادەیەك گۆڕی بوو کە دەیان گوت : شیعر هەتا مەبەست شاردراوە تر و نا دیار تر و تەماوی تر بێ ، ئەوا باشتر و بەکەڵك تر و (ڕەسەن!!)ترە !!

٣ ـ لە بارێکی تریشدا ، بەکار هێنانی تەم و مژ لە ئەدەبدا ڕاست و بە کەڵکە ، ئەویش ئەمەیە کە لەبارێکی زۆر تایبەتی‌دا ، ئەگەر تابلۆیەکی شیعر دروست کرابێ و مانای مەبەست پێدا بەدەستەوە بـــەڵام بۆ جوانترکردن و قووڵتر کردنەوەی مانای تابلۆشیعری‌یەکە ، ئەگـەر لە هەندێ شوێنی دا ، تەنکە سێبەرێکی بخرێتە سەر ، وەك تا بلۆیەکی هونەری وێنە کێشان ، ئەوا بەکار هێنانی ئـەو تەم و مژە لەو شوێنە دا بەجێ‌یە و وەستا کاری‌یەك دەنوێنێ •

جێی دڵ خۆشی‌یە کە هەندێ لەو لاوانە ، هەستیان بە هەڵــەی خۆیان کردووە و گەڕاونەتەوە سـەر ڕێبازی ڕەسەنی ئەدەبەکەمان و هــەوڵ و تەقەڵای خۆیان بۆ ئەم ڕێبازە تەرخان کردووە و ئومێـــدی بەرهەمی باش و بە کەڵکیان لێ دەکرێ •

وەرامی پرسیاری شەشەم :

هــەتا ئێستا سێ نامیلکە و دوو کتێبی شیعرم لە چاپ داوە کە بەم جۆرەی خوارەوە بۆتان ڕوون دەکەمەوە •

١ ـ لە ساڵی ١٩٥٧ ، لە کەرکووك ، کە ئەو کاتە لە کۆمپانیای نـەوت ئیشم دەکرد ، نامیلکەیەکی هەمەجۆرەم لە چاپخانەی (ترقی!!) لە چاپدا بە ناوی (گزنگی هەتاو)ەوە • ناو ئاخنەکەی بریتی‌بوو لـە هـــەندێ ووتار و پەخشان و یـــەك دوو پارچـــە هۆنراوە و چیرۆکێکی کورت •

٢ ـ لـه ســالّی ١٩٥٨ ، سێ ، چوار مانگ له پێش شۆڕشی چواردەی تەمموز ، دوو نامیلکەی بچـووکم لـه بەغـدا ، (خوله و بله)له چاپخانەی (الوفاء) و (کەوای نەکرای)له چاپخانەی (مەعاریف)له چـاپدا •

ناوەرۆکی نامیلکەی یەکەم ، چیرۆکێکی کورتی کۆمەڵایەتی بوو ، کـه هەندێ کـەم و کوڕی کۆمەڵایەتی دەردەخست ، له قاڵبێکی پێکەنین و گاڵتەجاڕیدا • نامیلکەی (کەوای نەکرای) وانه (کەوای نەکراو) به شێوه زمانی کۆیه نووسرابوو ، چیرۆکێکی کورته ، ژیانی خێزانێکی ڕەنجدەر دەردەبڕێ ، کوڕ و دایکێك بوون ، کوڕەکه ساڵی تەنیا به سێ دینار (ـ٫٣) دینار ، ڕەنجبەری دەکرد • چـەند ساڵێ دایکەکەچاوەڕوانی هەڵێکی کردوه کـــه شتێك لـەو سێ دیناره ، لـه قەرز و قۆڵەی ساڵانەیان بمێنێتەوه و کەوایەکی بێ دروست بکا • کەچی (بلکه پیرۆز) ، ئەو هیوایەی لەگـەڵ خۆیدا بردە ژێر گڵەوه و کەوا که هەر نەکرا •••!!

ئەم چیرۆکەم به چاوی خۆم دیوه • وا دەزانم ئەمڕۆیه ، کوڕ و دایکەکه ، دوا جار له ماڵی ئێمه ، له کۆیه دانیشتبوون • ساڵەکەیم له بیرنەماوه ، بەڵام من مێر منداڵه بووم • دایك و کوڕەکه باسی دابەش کردن و خەرج کردنی سێ دینارەکـەیان دەکرد ، پارەی کەوایەکه نەمایەوه و بڕیاریان دا ـ ئینشاڵلا ـ ساڵێکی دی کەوایەکه دروست بکەن !!

٣ ـ له ساڵی ١٩٦٩ ، له چاپخانەی (دار السلام)له بەغدا ، دەستم کرد به چاپ کردنی یەکەمین کۆمەڵه شیعرم ، بەڵام لەبەرئەوەی لـــه ڕووداوێکی ئۆتۆمۆبێل لەیەك دانەدا ، ڕانم شکا و لەبەر پێکەسی و

گـەڕانەوەم بـۆ کـەرکووك ، بـۆ کۆمپانیـای نەوت و ۰۰ دەزامەت‌کەمیی ، (ئاگر و گوڵ) لە سەرەتای ١٩٧١ دا کـەوتە بازارەوە ۰ لـە (ئاگر)ەکـەدا ، مەبەست شیعرە نیشتمانی و شۆڕشگێڕەکان و لە گوڵەکەشدا مـەبەست شیعرەکانی دین پێشەکی یە کـەی مامۆستا عبدالرحمن محمـد امیـن زەبیحی نووسیویەتی‌ی (١٠٢) لاپەڕەیە ۰

٤ ـ لـە ساڵی ١٩٧٩ شدا ، دووەم کۆمەڵە شیعرم لـە چـاپدا و بڵاوکردەوە بە ناوی (بەرەو لووتکەی ئاوات)ەوە ، لە چاپخانەی زانکۆی سلێمانی دا چاپ کراوە (١١٢) لاپەڕەیە و پێشەکی‌یەکەشی خۆم نووسیومە ۰ ئەم بەرهەمەیانم ، بە تێکڕایی ، لە هەموو ئەوانی دیی خۆشتر گەرەکە ۰

وەرامی پرسیاری حەوتەم :

ئەوەی ڕاستی بێ پرۆژەی ئەدەبی و نووسینی ترم زۆرن ۰ ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن :ـ

١ ـ کۆ کردنەوە و چـاپ کردنی هـەندێ ووتار و چاوپێـکەوتنی ڕۆژنامەیی کە لە ماوەی جیا جیادا نووسراون و هەندێکیان لـە ڕۆژنامە ، یان لە گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە ۰ نەوەکـا لـە دوا ڕۆژدا هەندێکیان دەست نەکەونەوە و لە ناوبچن ۰

٢ ـ چیرۆکێکی کورتم لە ساڵی ١٩٦٥ دانووسیوە بە ناوی (خەباتێکی پیرۆز)ەوەو هەتا ئێستا بڵاونەکراوەتەوە ، دەمەوێ ، ئەم چیرۆکە، لەگەڵ دوو چیرۆکە کورتەکەی (کەوای نەکرای)و (خولەوبلە)وە

لەگەڵ ئەو شانۆ گەرییەی‌لەعەرەبی‌یەوە وەرم گێڕایە سەرکوردیی بە ناوی (هیرۆشیما)وە ، وە لە ژمارە (١٠)ی گۆڤاری کارواندا بلاو کرایەوە،ئەم چوار بەرهەمە،لەبەر گێك‌دا پێشکەش بە خوێندەواران بکەمەوە ، وەك بەرهەمی چیرۆك‌و شانۆیی •

٣ ـ لە دوا دوای ساڵی ١٩٧٣ دابوو ، کەمەسعوود محەمەد ، بەرگی یەکەمی نووسینەکەی کە لەژێر ناوی (حاجی قادری کۆیی)دا نووسی بووری ، بلاوکردەوە ، دووسێ لاپەڕەی لە ژێر ناوی (لاباسیك)دا لەو بەرگەدابلاو کردبۆوە • منیش نامیلکەیەکم لە سەرەتای مانگی (نیسان ١٩٧٤)ەوە بە ناوی (ئایدیالیزم لە بەرگی کوردی‌دا) ئامادە کردوە بۆ بەرپەرچ دانەوەی بیروباوەڕەکەی ناوبراو کە لەو لاباسەدا پوختەکەی دەربڕیبوو ، وە نیشانی (رقیب)یشم داوە ، بەلام بەداخەوە تا ئێستا چاپ نەکراوە • چاپ کردنی ئەو نامیلکەیەش وەك پڕۆژەیەك هەرماوە •

٤ ـ یەکێتی نووسەرانی کورد ، یەکەم کەس کە لە بەهاری ساڵی ١٩٥٤ دا ، پێشنیازی دامەزراندنی کردوە ، نووسەری ئەم کتێبەبووە لە مانگی شوباتی ١٩٧٠ ، واتە پاش شانزە ساڵ ، کە دامەزرا و شێوەی یاسایی تەواوی وەرگرت ، دیسان دەستی لەو دامەزراندنەداهەبووە و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر بووە • لەم بارەیەوە ، هەندێ شتم لە مێشك دایە • دەمەوێ وەك نامیلکەیەك پێشکەشی جەماوەری بکەم •

٥ ـ دوا پڕۆژەم ، نووسینی کتێبێکە ، لە بارەی ئافرەتی کوردەوە دەدوێ بە جۆرێك کە هەموولاتێکی ژیانیان بگرێتەوە و وەك بەشێك لە

ئافرەتانی هەموو جیهـــان • ئافرەتی کورد ، وەك مرۆڤ ، وەك دایك ، وەك ئیشکەر وەك (ڕەگەز = (Sex) • ئەم لانانە ، بـە بەڵگەی ڕاست و سەرژمارە (احصاء)ی باوەڕپێکراو دەست نیشان بـکا • خێزان ، ژن هێنان و شوو کردن ، لـە ناو مرۆڤدا چۆن پێك هاتووە و بە چ قۆناغێك دا تێپەڕیون لە ناو گەلانی ئەم جیهـانە فرەوانە دا ، ئایا لە کوردستانیشدا هـەر وابووە و بە هەمان قۆناغ و گۆڕاندا تێپەڕیون • ئەم مەبەست و پرسیارانە بە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرای کوردەواری خۆمان و ڕەسەن ساغ بکرێتەوە •

مەبەستی هـەرە گەورەم لە نووسینی ئـەم کتێبەدا ئەوەیە کـــە ، شتێك ، کەم یا زۆر ، لەم نەزانینەی ئافرەتی کورد ، لە بارەی خۆی و دەور و پشتی‌ی لـەم سام و ترس و لەرزەی کـە قسەی پڕ و پووچ و بێ بایەخ لـە مێشکی‌دا دروستیان کردوە ، لـەم بێ بڕوایی‌یەی ئافرەتی کورد بە تواناو دوا ڕۆژی خۆی کەم بکەمەوە و بڕەوێنمەوە و هەندێ لەم بارە گرانە ، کە هەر چەندی بڵێی بارێکی گرانە ، لە سەر شانی ئافرەتی کورد لا بەرم •

جـارێ ناوکی کتێبەکە نە بڕاوە و ناویشی نە نراوە • هەر خەریکی خوێنـدەنەوەی سـەرچاوەی بڕوایێکراوم و کۆکردنەوەی زانیـاری ڕاست و دروستم • بە تایبەتی لە ناو کەلەپووری نەتەوایەتی خۆماندا •

بەم بۆنەیەوە ، داوا لـەو خوشك و برایانە دەکەم کە مەبەستیانە ئەو کتێبە چـاوی هەڵبێنێ و بکەوێتە دەستی خوێندەوارانەوە ، یارمـەتیم بدەن ، بـە ناردنی هـەر شتێك کـە لەم فرمانەدا یارمـەتیم بدا ، وەك قسەی پێشنیان و پەند و شیعر و حیکایەت و بەڵگە و نیشانە و ئەو سەر ئەژمارانەی لـە لای خۆیان ، یان لە دەور و پشتیان دەست دەکەوێ • بە

تایبەتی هی هەرێمـەکانی کرمـانجی ژووروو و هی بەشەکانی دیـکەی کوردستان • ئەمە بۆئەوەی کتێبەکە نەبێتە تایبەتی بە ئافرەتی کرمـانجی خواروو •

تـکام وایە ، هـەر کەسێك ، تەنانەت ئەگـەر یەك پەند ، یـەك دێرە شیعر ، یەك چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیشی لـە بارەی ئەم لانانەی لەسەرەوە خستمنە بەر چـاو لەلا دەست بکەوێ ، بۆمی بنێرێ • ئەمـە خزمەتێکی گەلەکەمان و هی ڕاستی دەکا و منیش سوپاسی دەکەم •

وەرامی پرسیاری هەشتەم : **ب.ن**

هـەر وەك لـە پرسیارەکەی خۆتاندا دەردەکەوێ و هەر ئەوەش ڕاستە ، لەم سەر دەمەدا ، ئـەو ڕێبـازە ئەدەبی‌یانەی پەیدا بوون • لـە سەردەمێـکی سەرمـایەداری یـەوە هـەڵقوڵاون ئەوانەش ڕێبازی سەرمایەدارین و سەرخانی ئەو ڕژێمەن • بە تایبەتی کـە لە ئەورووپای سەرمایەدارەوە بە ووڵاتی ئێمـە گەیشتوون (تکا لە خوێنەر دەکەم خودی پرسیارە کـە بخوێنێتەوە) • بێ گومـان ڕای من لەگەڵ ئەوە دانی‌یە کە وێژەوانەکانمان کوێرانە لاسایی ئەو ڕێبازە وێژەیی‌یانە بکەنەوە •

ئەوەی لەبەر هەمەکانی من وورد بووبێتەوە بۆی ڕوون بۆتەوە کە من لەســـەر ڕای پێش خستن و گەشـــەدان و قووڵتر کردنەوەی ئەدەبەکەی خـۆمانم ، ئەمجـا موتوربە کردنی بـە ئەدەبی گـەلانی ئازادیخواز و پێشکەوتوو ، ئـەو ئەدەبانەی دانوویان لەگەڵ ئەدەبەکەی ئێمەدا دەکوڵێ • لەسـەر ڕای ئەوەم کـە هـەموو شتێکمان ، هـەموو جمو جۆڵێکمان ، بیر کردنەوە بێ ، نووسین ، یان کردەوەی دیکەبێ ، دەبێ لـە خۆمانەوە دەست پێ بکا • هیممەتێك ، تووێك ، گـەرایەك ،

یان باڵ پێوەنانێکی خۆمانی لەگەڵدابێ • ئەمە ئەگەر بە ڕاستی مەبەستمان بێ ، ئەو کارە بە خۆمان ئەنجام بدەین و بەرهەمەکەش بۆ خۆمان بێ • ئەگەر هیچی خۆمانی لەگەڵدا نەبێ ، بە چی ڕوویەك بەهی خۆمانی لەقەڵەم بدەین ؟!

تاقی کردنەوەی خەڵکی دیی ، کە بە هەوڵ و تەمەن لەپێناو دانان و ئارەقەی ناوچەوانی خەڵکی دیی هاتێتەکایەوە ، ئێمە ڕاستە و خۆ بیهێنینە ناو ماڵەکەی خۆمان و بڵێین هی خۆمانە ؟ من هەرگیز لەگەڵ ئەم دزی کردنە دانیم •

ئەگەر لێرەدا وەرامدانەوەکە ببڕینەوە کە دەتوانین ببڕینەوە بەڵام ناتەواو دەبێ و هەر وەك خۆ دزینەوە وایە لە گوتنی پاشماوەی تەواو کەری وەرامەکە ، کە ڕوونکردنەوەی هۆیەکانی ئەم جۆرە دیاردانە و دیاری کردنی چارە سەری گونجاوە بۆیان کە بەمە ئەمجا فرمانەکە تەواو دەکرێ •

هەر بە سەرنج دانێکی سەر پێیی لە باری ویژەی کوردستانەوە ، لە سەرەتای بیستەکانی ئەم سەدەیەوە تا ئەمڕۆ ، ئەم ڕاستییانەی خوارەوەمان بۆ دەردەکەوێ ، کە ئەگەر بە قووڵی تێیان ڕابمێنین ، دەرد و نەخۆشی و نووچ دان و کۆسپە ئەدەبییەکان و جۆر و چۆنیەتیچارە سەر کردنەکانیانمان بۆ دەردەکەوێ ، بۆمان ڕوون دەبێتەوە ، بارە ویژەییەکەی کوردستان ، دروست بوونی بێ بناغەی وەك (ڕوانگە) بۆچی قبووڵ دەکا و کەم تا زۆر پشتیوانی لێ دەکا ؟ ئاشکرا دەبێ بۆ چی چەپلە بۆ لاسایی کردنەوەی کوێرانەی ڕێباز و هەنگاوی ئەدەبی وولاتانی تر ، لێدەدا و ئەو جۆرە جمووجۆڵە و هی تریش بە بێ لێکدانەوە دەگرێتە باوەشەوە ؟

١ ـ سەربەستی نووسینی ئەدەبی و بڵاوکردنەوەی ، ماوە و مەودای ئەدیبان بۆ گورج و گۆڵی نواندن ، بــە زۆر بار و کاتی‌جیــا جیادا ڕەت بووە • ئــەو سەربەستی و ماوە و مــەودایە ، تەسك بۆتەوە و فرەوان بۆتەوە بە پێی ئەو بار و کاتانە • جــاری وەهــا بووە ، دوو ، سێ گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی ، یــان زیاتریش هەبووە • ماوە هەبووە هــەموو جۆرە کتێبێك چاپ بکرێ و بڵاو بکرێتەوە • بەم جۆرە ئەدیب و نووسەران تا ڕادەیەکی باش لــە پەنگ خواردنەوە و کپ بوونەوە دوور بوونە و جەماوەریش لە بارێــکی پڕ لــە تامــەزرۆیی و برسیەتی و تینوویەتی بۆ ئــەدەبی ڕاستەقینە دا نەژیاون ، جاری وەهاش هەبووە ، هــەر بە جــارێ جۆڕ بڕ کراوە • ئەوی هــەر پێی گوترابێ بەرهــەمی ئەدەبی کوردی ، ماوەی بڵاو کردنەوەی نەبووە • وەك ئەو بارەی کــە لە ساڵی (١٩٦١)ەوە دەستی پێ‌کرد و هەشت ، نۆ ساڵێك درێژەی کێشا ، کە لە وەرامی پرسیاری چوارەم و پێنجەمدا باسم کرد • ئەمە وەك کار (فعل)ێك بژمێرین کە کاردانەوەی هەبووە • (رد فعل) ، بەم شێوەیەی خوارەوە •

ئەدیبان لەو کاتانەدا ، مێشکیان ، بەوە کەوا زۆر زانیاری و باری سەرنج و لێکدانەوە و بۆ چوونی جیاجیای ، لە ئەنجامی خوێنــدنەوەی زۆر و ، وورد سەرنج داندا ، تێــدا کۆ بۆتەوە ، مێشکیان بەوانە ئــاو ساوە و پەنــگی خواردۆتەوە • ئــەو بارە ئامادەیی لــە ناو زۆربەیان دا خولقاندووە ، کــە هەر لەگەڵ لا چوون و لا دانی ئەوبارە دا ، بەرە و هــەر بیرو باوەڕ و ڕێبازێکی ئەدەبی‌دا ، دەست درێژ بکەن ، بە تایبــەتی ئەوانەی لــە بیروباوەڕا ساغ نەبوونەتەوە ، یان قووڵ تێی نەگــەیون

«کوڕە چاك نی‌یە لەم بارە ناهەموار و سستی و مەینە ڕزگارمان دەبێ » ئەمە هەموو بەڵگەیەکی زۆر بەیان بووە لەو دەست درێژ کردنەیان‌دا •

جەماوەریش ، لە پاش ئەو هەموو پرسیەتی و تینوویەتی‌یە ، شاڵاوی بۆ هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی بردوە • «هەر شتێك بێت ، کوڕە هەر کوردی بێ و بخوێنرێتەوە ، جا خوا بکەم چی دەبێ با ببێ ، خۆ بۆ دوو پیتی کوردی سۆمایی چاومان دا هات !! » ئەمەش وەرامی جەماوەر بووە ، بۆ ئەو کەسانەی ڕەخنەی قبووڵ کردنی هەموو جۆرە بەرهەمێکیان لێ گرتووە • خۆ ئەگەر ئەو بەرهەمە لە ژێر پەردەی پێشکەوتن خوازی و نوێ کردنەوەی ئەدەب و تازە پەرستی‌ی دابێ ، ئەوە هەر لێ گەڕێ !! کێ ڕایەکی دەکەوێ گلەیی‌یەکی لە بارەیەوە دەربڕێ ؟ ! ئەمەش وەك کاردانەوەی کارەکەی سەرەوە •

بێ گومان ، چ لە ناو ئەدیبەکان و چ لە ناو جەماوەری ئەدەب دۆست‌دا ، ئەو کەسانەش هەبوون ، کە بە پیر ئەو ناتەواوی و ناکامی‌یەوە نە چوونە و بیریان لەوە کردۆتەوە کە چۆن ئەو بارە نا ڕاست و ناسروشتی‌یانە چارە سەری زانستیانە و تەواوی دروست چارە سەر بکەن و گەلەکەیان لەپاش برسی‌یەتی یەکی زۆر ، لە زۆر خۆری و هەمە جۆر خۆری بپارێزن • بەڵام لە کاتی هەڵچوون و داچوون دا ئەوانەی گوێ لە ئەقڵ و ئامۆژگاری زانستیانە و ڕاستی ڕادەگرن ، هەڵبەت کەمن •

جا بۆ ئەوەی ئەدەبی کوردی دوچاری ئەو جۆرە گەند و کۆسپ و تەگەرانە نەبێ ، پێویستە هیچ کاتێ ماوەی خۆ دەرخستن و خۆ نواندنی لێ نەگیرێ و بهێڵرێ ڕێگاسروشتی‌یەکەی خۆی بگرێتەبەر •

وەرامی پرسیاری تۆیەم :

ئەگەر بمەوێ ، وەرامی پرسیارەکەتان بە ڕوونی و بە شێوەیەکی دەست گیر و ئاسان و دوور لە تێکەڵ و پێکەڵی بدەمەوە و وەکوو کە گەرەکە بیخەمە بەر دەستی خوێندەوارانەوە ، پێویستە سنوورێکی دیاری کراو هەبێت لە نێوان سێ خوشکی لەیەك چوودا ، مەبەستم ، پەخشان ، پەخشانە شیعروە لە نێوان شیعری تازەدا . چونکە وەك ئاشکرایە جیاوازی کردن لە نێوانیان دا و نا سینەوەیان بۆ زووربەی خەڵك ، بەشێکی زۆر لە خوێندەوارا نیشیان لەگەڵدایێ ، ئیشێکی گرانە ، چ جای خەڵکی لە خوێندەواری داکلۆڵ . بەتایبەتی کە هەر یەکەیان بەپێی چۆنیەتی و خودی خۆی ، هەڵدەکشێ و دادەکشێ ، بۆ ڕیزی ئەو چەشنەی سەرەوەی ، یان خوارەوەی خۆی .

ئەوەی کە من ئاگاداربم ، نەم دیوە و نەشم بیستووە کە هەتا نووسینی ئەم دێڕانە ، لێکۆڵەرەوەیەکی ویژەیی کورد خۆی لە هەورازە دابێ و هەندێکیان لەبارەیەوە دوابێ و دیاری کردبێ کە سنووری هەر یەکەیان لە کوێی ئەوی دیدا دە گەڕێتەوە ؟ دوورنیە ئەم پرسیارە لە وولاتێکی دیی ، یا زیاتریش وەرامی درابێتەوە ، من نەم بیستووە ئەو وەرامەش بە ئێمە گەیشتبێ ، هەتا یارمەتی‌یەکی ئێمە لەم ڕووەوە بدا .

جا با وەك پرسیارە دێرینەکەی (ئایا هێلکە لە پێش مریشك ، یان بە پێچەوانەوە مریشك لە پێش هێلکە پەیدا بووە ؟) منیش بپرسم و بڵێم : (ئایا شیعر زادەی پەخشانە • یان بەرەوازەکەی ڕاستە ، پەخشان کچی شیعرە ؟) •

من ئەم جیا کردنەوەیەم بۆ یەکەم جار دێتە خەیاڵ و ئەمڕۆ نەبێ بیرم لێ نەکردۆتەوە و تەنانەت لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتاییشم لێ نەکردوە ، نەك هەر ئەم بەشەی پرسیارەکە ، بەڵکوو ئەم باکانە کردنە بۆ هەموو پرسیارەکە ، یا بۆ زۆربەی لایەنەکانی پرسیارەکەیە وەرامدانەوەی پرسیارەکەش ئەوە هەڵناگرێ بخرێتە پاش ئەو لێکۆڵینەوەیەوە هەتا ئەگەر زۆر سەرەتایی و سەر پێیش بێ ، بۆیە هەر چۆنێك بێ لە و ڕایانەی لەم بارەیەوە دەریان دەبڕم ، خۆم بە دوور لە هەڵە نازانم • کە وەرامیش دەدەمەوە • بۆ ئەوەنییە ئەرکەکە لەسەر شانم لا بدەم ، بەڵکوو بەو مەبەستە خۆم داوێمە ئەو تۆڕەوە • بە هیوای ئەوەی کە وەرامدانەوەکەم ببێ بە هاندەرێك بۆ یەکێکی دیی کە لەم مەیدانەدا سوار چاکی بکا و بەلێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە هەڵسێت و بەفریامان بکەوێ ، خەڵکی دیی و منیش لەم تۆڕە ڕزگار بکا • ئەمە کەوا دابنێین ئەگەر هاتو (دووربێ!!) لە ئەنجامی وەرامدانەوەکەی من هەموومان تێی کەوتین !!

وورد بوونەوەیەکی ئاسایی و سەرنج دانێکی سادە بۆ هێنانە بەر چاوی ئەو قۆناغە سەرەتاییەی ژیانی مرۆڤ بە خۆیەوەدیوە و زۆر لە زاناکانیش ، بەبێ ئەوەی ڕا و تەگبیر کردنیان لە بەیندا بووبێ ، هەر کەسە لەلای خۆیەوە بە تاقی کردنە وە و لێکۆڵینەوەی خۆی هەڵساوە و بە بەڵگەی زانستی گومان لێ نەکراو ، ساغیان کردۆتەوە

کە مرۆڤ لە سەرەتای ژیانیدا ، ژیانێکی زۆر سادە و سەرەتایی ژیاوە ، لە هەموولانێکی ژیانەوە • زمانێکی نەبووە ، کە لە ووشە و زاراوە و ڕستە و ••• هتدیێك هاتبێ و قسەی پێ بکا • لەپاش تێپەڕینی زۆر گۆڕان و پێشکەوتن بە سەریدا ، گەیشتوونەتە ئەوەی کە زمان لە ناویاندا بێتە کایەوە و پاشی ئەوە ، ئەو جا خەت و نووسین بە وێنە و بە جۆرە نووسینی زۆر سەرەتایی ئەو سەردەمە ، چاوی لە جیهانی بووندا هەڵهێناوە • لە پاش پاراو بوونی زمان و ڕوون بوونەوەی ووشە و زاراوە و ڕستەکانی و ڕوودانی گەلێ پێشکەوتنی دیی لە هەموولانێکی ژیانیدا ، وێژەش دەستی کردوە بە ڕەگ دروست کردن و پەل و پۆ هاویشتن و بەژن و باڵا دەرخستن و خۆ نواندن •

بە زانینی ئەو ڕاستییەی سەرەوە ، پرسیارە سەرەکییەکە بە جۆرێکی دیی دەکەمەوە و دەڵێم :ــ

ئایا لە توانا دا هەبووە ، هەر لەو هیچەی ، کە ئەدەب و شیعریشی لەگەڵدایێ هیچ بووە و نەبووە ، لەو هیچەی کە هێنامانە بەرچاو ، شیعر هاتبێتە کایەوە !؟ یەکسەر و ڕاستە و خۆ ، لە نەبوونی هیچ جۆرە داڕشتن و پەخشان و پێڕەوکە بوون و بە هێز بوونیاندا ، یەکسەر شیعر لە هیچەوە ، زۆر لەوەش سەیر تر کە لە چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا هاتووە ، تاڵە مووی بۆ هەڵکوڕوزێنرابێ ، بە جۆرە کێش و سەروا (قافیە) و مۆسیقەی شیعرییەوە ، با ئەو مەرجانە زۆر سادە و سەرەتاییش بووبن ، هەر لە بڕێ بووبێ بە کوڕێ و هاتبێتە کایەوە ؟! بێ گومان •••• نا •

کەوایە ئەو باڵاخانەیە دەبێ بناغە و دیوارەکانی ژێرەوەی هەبووبێ و لە کەرەستەی زمان و ئەدەب پێك هاتبێ • هەروەها دەبێ ئەو

کەرەستەیەش لە شیعری ساوای ئەو سەردەمە ، ساواتر و سادە تر بووبێ •

دەبێ بە پێی هەست و زەوق و تێگەیشتن و بۆ چوونی خەڵکی ئەو سەردەمە ، لە سەرەتادا ، لە ووشەی جوانەوە دەستی پێ کردبێ کە جۆرە سۆز و هەستێکی دەربڕیبێ • لەمەوە لەگەڵ گۆڕانی لانەکانی ژیانی ئابووری و بەرهەم هێنان و ئاژەڵداری و کشت و کاڵ کردن و نیشتەجێ بوون و ••• هتد و لەپاش ئەمانەشدا خۆشتر بوونی جۆری ژیانی مرۆڤ ، ئەو ووشانە بەرەبەرە بووبن بە دوان و سێیان و بووبن بەڕستە و ، پتەو تر و چڕتر و داڕژراو تر بووبن و ئەمجا سەروا و کێشیان تێ کەوتبێ و لەپاش کرانەوەی سەر و دڵ و سەلیقەیان ، مۆسیقە و (ئەزمگر = ایقاع) خۆی خزاندبێتە ناویەوە و بووبێ بە پەخشان • ئەمجا دەستێکی دیی بەو پەخشانەدا هێنابێ و هەندێ گۆڕانی تێدا کردبێ و لەچڕیەکەی خەستیی و لە سەرواکەی جوانیی و لەمۆسیقەکەی ڕێك و پێکی و خۆشی لێزیادکردبێ و بە شێوەی شیعر،بە بوونێکی تازەوە دەرکەوتبێ ، کە لەگەڵ پەخشان دا جیاوازی هەبووبێ •

لێرەدا ، بە پێی ڕوونکردنەوەی سەرەوە ، ئەگەر لانەکانی ئەو پرۆژەیەی ئێمە لێی دەدوێین لە کێوێك دا کۆ بکەینەوە و ئەو کێوە بهێنینە بەر چاومان دەڵێم : «شیعر لووتکەی جوانی و پوختی و کاریگەری هەموو جۆرە داڕشتەکانی هەست و نەست و بیرو و هەڵوێست و مەبەست و ڕاز و نیاز و دەربڕینیانە لە ناو ووتەی مانا لێك دراو و خاوەن کێش و ئەزمگر و مۆسیقە و سەروادا • شیعر لووتکەی کێوەکەیە •

بەو ناساندنەی سەرەوە ، کە شیعرمان پێ ناساند ، دەمێنێتەوە وێنەی پەخشان و پەخشانە شیعریش لە ناو ئەو تێکەڵ و پێکەڵەی وەهایان لێ کردوە هەتا ئێستا ڕوخساری ڕاستەقینەیان دەر نەکەوێ ، دەربهێنین و بیان خەینە چوار چێوەی خۆیانەوە و جێگەی شیاوی خۆیان ، لە تا بلۆخانەی وێژەی کوردی دا هەڵیان واسین •

هەر بۆ ئەم مەبەستە ، وا چاکە کە بگەڕێینەوە سەر ئەو کێوەی هێنامانە بەر چاومان • با جارێکی دیکەش بیهێنینەوە بەر چاومان و دەڵێم :
لەسەرەوە شیعرمان ناساند بە لووتکەی هەرە بەرزی کێوی ئەم بەشەی وێژە • جا بۆ ئەوەی وێنەکە بە جوانی نیشانی خوێندەوار بدەم و وا بکەم بە ئاسانی تێی بگا ، چاك وایە ئەمجا دامێنی کێوە کە باس بکەم کە پەخشانە •

پەخشان ئەو پارچە نووسینە پاك و پوخت و دوور لە هەڵەی زمانەوانی و ڕاست و دروستە ، ناوەڕۆك تێر و تەسەل و چڕ و پڕەیە کە مەبەستێك دەدا بە دەستەوە و بە ووشەی جوان و ڕەسەن و پڕاوپڕی مانای مەبەست و ناسك و ڕەوان نووسراوە و نەزمگری هەیە •

لە نووسینی پەخشان دا ، پێویستە حسابێکی باش بۆ شێوە و فۆرم بکرێ بە پلەی یەکەم ئەم لانە ، پەخشان لە نووسینی ئاسایی جیا دەکاتەوە هەتا ڕێك و پێك تر بێ ، لە پەخشانە شیعر نزیك دەبێتەوە و ئەگەر بەرەوائژیش بێ ، ئەوادەبێتە نووسینێکی ئاسایی و لەویش کەمتر ، با هەر ناویشی پەخشان بێ !! کەممان خەڵك نەدیوە ناوە جوان و خۆشەکانیان خەسار کردووە !!

نووسینی پەخشان ئاسانترە ، لە نووسینی پەخشانە شیعر • نووسەری پەخشان کەلەبچەو پێوەندی کەمتر لە دەست و قاچ دایە • بۆیە ئەو

باس و باری سەرنج و مەسەلانەی فوول و وورد و فرەوانن و مـــاوەی پەل هاویشتنیان بۆ ئـــەم لاو ئەولا تێدا کەمە ، ئەگـــەر بە پەخشان بنووسرێن ، باشتر و خێرا تر دەکەنە مەبەستی خۆیان ٠

بۆ نموونە ، وا لـە خوارەوە ، پارچـەیەك پەخشانی فۆلـکلۆری دەخەمە بەر چاو ، کە دانانەکەی بەلاێ کەمی لە پەنجا ساڵ کـەمتر نیە و لە یەکێك لە «حەیران»ەکان وەرم گرتووە ٠ دانەری پەخشانە کـە ، وەك دەردەکەوێ ، لە چوار چێـوە و لە ناو کەرەستەی دروست کردنی کەپرێك دا بۆ خۆشەویستەکەی خولاوەتەوە و بە پێی توواناێ ئەو سەردەمە ، خۆی و یارەکەی وەکوو دووباڵندەی جوان هاتووەتە بەر چاو کە دەبێ هێـلانەی ئەوانیش لـە جوانترین و بۆن خۆشترین گوڵ و گـەڵا دروست بـکرێ ، وەنەشی توانیوە زۆر ئـەم لاو ئەو لا بـکا و دوو باڵ و چوار باڵ بە خەیاڵەکەیەوە بنووسێنێت و مەودا بۆ خـــۆی فرەوان و بەرین بـکا و پەخشانەکە بـکا بە پەخشانە شیعر ، یان بـــە شیعر ٠ بۆیە بەم پەخشانە جوانــە ، کـە لەبلەی پەخشـانە شیعردایە ، کەپرەکەی بۆ نازدارەکەی دروست کردووە بەم جۆرەی خوارەوە :ـ

ـ سێبەری سەفینی بەسەر ماڵە دیانان (٣٢)دا دەڕۆیی ٠
ـ دەمکۆتەوە بەژنێ باریك ٠
ـ دەوەرە ، ئەو سارەکە هاوینە ، گەلەك گەرمە
ـ ئەمن کەپرەکی لەبۆ تو دەکەم لە سەری سەفینیی
ـ بناغەی ئەوێ کەپرێ دادەنێم لە سۆتکەی
ـ دیواری دەکەم بە قەنەفلێ
ـ کاریتەی داوێمێ لە داری سۆر گولێ
ـ هەڵاشی دەکەم بە ڕەشە ڕەیحانیی

ـ خۆرەبانی دەکەم بە کلێ
ـ سواغی دەکەم بە خەنەی
ـ ماڵنجی دەکەم بە خاسە ڕەنگێ
ـ دەیڕشێنم بە گوڵاوێ
ـ شەوێ لە سێباری نیوە شەوێ
ـ دەستی بەژنێ نەرمۆکە دەگرم
ـ دەینمە ناو ئەوێ شانە شینێ
ـ شەوبای شەوی لێبدا
ـ بۆنی بڕوا بەسەر ماڵە جیرانان •

لەو کیوەی بە خەیاڵ هێناومانەتە بەر چاوی خۆمانەوە ، جێگەی پەخشانە شیعر ، لە سەرەوەی جێ و ڕێی پەخشانەوە دەست پێ دەکا • لە قەد پاڵە ، پاڵە کانەوە ، تا دەگاتە داینێی لوتکەوە ، ئەوە هەمووی کۆڕی ئەوە •

پەخشانە شیعر ، جگە لەوەی کە دەبێ هەموو مەرج و کەرەستە و ڕەنگ و بۆنەکانی پەخشانی تێدابێ کە لەسەرەوە باسمان کرد ، دەبێ مۆسیقەی هەبێ و جار و بار سەرواشی تێدابێ • هەتا ڕێك و پێکتر و جوانتر بێ ، لە شیعر ، وە هەتا پێچەوانەبێ لە پەخشان نزیکتر دەبێتەوە •

هەموو شتێك لە پلەی ژێرەوە بەرەو بەرزی دەچێ ، بۆیە بە کار ئەمیان لە سەرەوە بەرە و خوارەوەی دەهێنێ •
هێنانی زاراوەی (پەخشانە شیعر)، بە جوانتر دەزانم لە (شیعری پەخشان)

پەخشانە شیعر ، خوشکی ناوەنجی (پەخشان) و (شیعر)ە • ئەگەر زیر و لێ هاتووبێ ، لە زۆر جاران دا جێگەی خوشکی گەورەی پێ پڕ

دەکرێتەوە ، ئەگەرنا ... ئەوەنا . لێرەش‌دا بە کەڵکی و لێوەشاوەیی و لێ هاتوویی مەبەستە ، نەوەك تەمەن‌و و پلە . ئـەم بەشــە گرنگەی ئەدەبەکەمان ، وەك کچێکی قۆزی خێزانی ئەدەب ، جێگەی دیاری خۆی هەیە . هــەر چەندە ئێستا دەورێکی ئەوەندە کاری گەری نیە لە ئاستی شیعر و چیرۆك و ڕەخنە و ... هتد . بەڵام پاشە ڕۆژی ڕوونە ، لــە دوا ڕۆژدا چاوەڕوانی هەڵسووڕاندنی دەوری گرنگتری لێ دەکرێ .

شیعری تازەش ، کــە لەســەر پەخشــان و پەخشانە شــیعردا ڕا دەوەستێ ، بوونی سەروا ، بوونی کێش ، بوونی مۆسیقەیەکی خۆشی زرینگەدار تێیدا ، لە ئەوانیشی بەرز تر دەکــاتەوە بۆیە شیعری تازە ، ئەگــەر هــەر یەکێك لە کێش ، مۆسیقە ، سەروا ، لە دانانی‌دا ڕەچــاو نەکرابێ و پشت گوێ خرابێ ، جا بە هەر بیانوویەك دەبێ با ببێ لــە لووتکەی دەهێنێتە خوارەوە و دەیخاتە ســەر پاڵەکانی پەخشانە شیعر و پەخشانەوە و لە باران و بەفرباریین و هــەرەس ڕماندا دەکەوێتە ژێر با ماڵی شیعرەوە ، بەڵای منــەوە ، دەبێ ئەمــە مەرج و نەریت و سنووری شیعری تازە بێ . جا هەر کەسە تا چ ڕادەیەك ڕەفتاریان پێ دەکــا یا نای‌کا ، ئەمەش وەك هەموو یاسا و نەریت و داب و دەستوورێکی دیی ، ئارەزووی خۆیەتی . نابێ هەرگیز بوونی ئەزمکر و مۆسیقە و کێشێکی تایبەتی لە شیعری تازەدا بخرێتە پشت گوێوە ، مــەرج نی‌یە هــەر نیو دێرە ، بڕگەکانی وەك ئەوانی دیی‌بن . وە مەرجیش نی‌یە بۆ ســـەروا مانا و ناوەڕۆك سەرِ ببڕدرێ ، بەڵام ناش بێ بــە جارێ بخرێتە پشت گوێوە . دەبێ لە هەڵسەنگاندن و ڕەخنە گرتن دا ئەم ڕاستی‌یانە لەبەر چــاوبن .

ئـەو داڕشتنە ویژەیی‌یە ، پلە بەرزەی گـەیشتووەتە لووتکە و تا ئێستا پێمان گوتووە ، شیعری تازە ، کـە ئەمـە ناو لێنانێکی‌هەڵەیە ، یان ناومان ناوە بە شیعری سەربەست ، یان شیعری شێوە نوێ ، کە ئەم دوو ناوەی دوایی‌یان لە ڕاستی نزیکترن ، زۆر لـە دەمێکەوە هەیە • هەموو گۆرانیـە ڕەسەنەکـان و حەیران و لاوك و زۆربەی ئـەو بـەند و داستان و ئەفسانە دێرینانەی بۆمان ماونەتەوە ، بەم داڕشتنە لووتـکەیە نووسراون و سەر جەمی مەرجەکانی ئەو شیعرانەیان تێدایە کـە ئەمڕۆ پێیان دەنووسرێن • وەکووساغیـان لەلانی زمـانەوانی‌ی ، جـوانی و خۆشی و ڕەسەنی سەلیقەی دارشتنەکانیان ، بوونی ئەزمگر و کێش و مۆسیقە و سەروا ••• هتد ، لەناویاندا •

لـە خوارەوە بۆ نموونە ، چـەند پارچەیەکیـان لێ دەخـەمە بەرچاو ، کە هـەر نەبێ تەمەنی هیچ کامێکیان لە شەصت ، حەفتا سـاڵ کەمترنی‌یە ، ئەگەر زۆر زیاتر نەبێ ، بە تایبەتی ئەو یەك دوو کۆپلەیەی لـە گۆرانیەکانی سێوەی هونەرمەند وەرم گرتوون کە بەلانی کەمی‌ی دوو سێ پشت لە پێش سێوەوە هەبوون و تەمەنیان لە سەدەیەکی تـەواو کەمترنی‌یە • من لێرە دا هـەر بەمـەندە واز دێنم کـە وەبیر خەڵکیان دەهێنمەوە ونیشانی خوێنەوارانیان دەدەمـەوە ، لەبەر کەم دەرفـەتی ، خۆم لەو لێ گـەڕان و لێکۆڵینەوەیە بـە شـوێن مێژووی دانانیـان‌دا دە دزمەوە •

لە یەکێك لە گۆرانیەکانی سێوە دا کە لە ساڵی ١٩٥٢ لە ئێستگەی بەغدا ـ بـەشی کوردی تۆماری کردوە ، ئـەم دوو کۆپلەیە دەخـەمە بەرچـاو •

- ١ -

ـ ئەرێ گوڵێ ، گوڵە جوانێ
ـ سنگ سپی‌نێ ، مەمك فنجانێ
ـ داك حدودێ ، باب شاسەیوانێ
ـ ئەرێ خواکەی گوڵێ ، ئەگەر جەللادان لەمن دەگرن چــوار گوشەی مەیدانێ
ـ چەرخەچی[٣٣] شا میسرییان[٣٤] دەر دێنن لە کالانێ
ـ تو عەشقی خودای بەوێ ڕۆژی جومعەیە ، شەمووی بەسەردا دێ ٠
ـ ئەوان گرتیان بەردەوە لە بەندیخانێ ٠

- ٢ -

ـ ئەرێ گوڵێ ، ئامان گوڵەسمەرێ[٣٥]
ـ کەزی زەرد ، چاو سەقەرێ
ـ خواکەی سەرت بێنە دەرێ
ـ لە تاقان ، لە پەنجەران
ـ لە چوار کناران ، (بەکە ٠٠٠ بیم) جگەرێ[٣٦]
ـ ئەی برادەرینە
ـ وە من چەندی حەکیم و لوقمانم هاتیە سەرێ
ـ ئەگەر حەکیم و لوقمان دەرێن
ـ برینداری گورێیە و پێی نابەین زەفەرێ

له بەیتی شیخ فەرخیدا ، ئەو کاتەی فەرخۆکە ، بە قیڵ و تەڵە کە بازیی ، خۆی دەبن کەڵەکە بەردی داویێ ، تا کوڵو کانی لە کچۆڵان و لە خاتوو ئەستێ بکا بە قورپێوان و هەموو لەش و قاچ و قولۆکەی خۆی ، شین و مۆر دەکاتەوە و خۆی دەمرێنێ !! خاتوو ، دەنگی بە « ووسوی موغانیی » ئەبێ بە کەسی دیی ڕا ناگا « هەر چەندە ڕقی هەموو دونیاشی لێیە ، بەڵانەکێنێ ، بەناحیلاجی ئەم چەند بەندەی داوێتێ !!

- ئەرێ هۆ کەوڵ سووری لەسەربانیی
- بە تۆ دەڵێن «ووسووی موغانیی»(٢٧)
- ئەتۆ خۆشەویستی دە ماڵی میرانیی
- تو خوا بە دەستەکی دەست و برد
- هەر بەبێیەکی ڕەوانیی
- خەبەرەکیم لە بۆ بدەوە ماڵی میرانیی
- ڕەبی خاتوو کوێر بێ لە چاوان
- لاڵ بێ لە زوبانی
- ئەوە فەرخی ئامۆزام
- لێرە کەوتووە ، بەبێ زوبانیی

ئەگەر ئەم زاو و زێیەی لەسەرەوە باسمان کرد ڕاست بێ کە بەخشان لە جۆرە داڕشتنێکی سەرەتایی و بەخشانە شیعر لە بەخشان و شیعری شێوە تازە

وەرامی پرسیاری دەیەم :

بەشێکی وەرامی ئەم پرسیارە ، لە وەرامی پرسیارەکانی ژمـــارە (٦) و (٧) دا وەرام دراوەتەوە • تـکام وایە خوێنەری بەرێز ئەگـــەر مەبەستی بوو ، پێیدا بچێتەوە • بۆ بە شەکەی دیشی‌ی دەڵێم :

من لەمنداڵی‌یەوە حـەز بە سروود و گۆرانی دەکەم و گۆرانی و سـروودیش دەڵێـم و دەیان نووسم و دایان دەنێـم • تا ئێستـا ئاوازی (٢٨ یان ٣٠) سروود و گۆرانیم داناوە لەگەڵ شیعرەکانیشیاندا ، شیعری دوو گۆرانیان نەبێ کـە هی خۆم نین • یەکێکیان هی «گۆران»ە بە ناوی «بۆ جوانی سەرەڕێ» دووەمیشیان شیعری «نالی» یە **(کـە توی قیبلـە دمعت سا بێنە ، قوربان ـ لەسەر قوبلە دلم مەشکێنە ، قوربان)** • خۆم بە قەرزاری حاجی قادری کۆیی دەزانم کە تا ئێستا شیعرێکی ئەویشم نـە کردووەتە گۆرانی‌ی •

لە ناوەڕاستی مانـگی مارتی ١٩٥٧ ، بۆ یەکەم جار گۆرانیم لـە ئێستگەی بێ تەلی بەغدا بەشی‌ی کوردی‌دا تۆمار کرد • هەتا ساڵی ١٩٥٩ جار و بار ، بەتایبـەتی لە ناوەڕاستی مانـگی مـارتی ئەو ساڵانەدا ، بۆ تۆمار کردنی سروود و گۆرانی ، دەچوومـە ئێستـگەی ناو براو • ئێستا هەندێ لەو سروود و گۆرانیانەی هەمن،بە دەنگی خۆم لەو ئێستگەیە هەیە و بڕێکیان لە ئاهەنگە گشتی‌یە نیشتمانی و نەتەوەیی‌یەکاندا خۆم پێشکەشم کردوونە و تۆمـار کراون و هەندێکیشیان بە دەنگی هونەرمەندەکانی دی تۆمار کراون و بڵاون • بەشێکیش لەو سروود و گۆرانیانە تا ئێستا بڵاو نەکراونەتەوە ، چـۆن لە کـاتی خۆیاندا ئامـادە کراون ـ شیعر و ئاوازەکانیان ـ هەروەها ماونەتەوە و تۆمار نەکراون و تەنانەت لـە هیچ ئاهەنگێکیش‌دا پێشکەش بە جەماوەر نەکراون •

گلەیم لە بارەی چۆنیەتی تۆمارکردنی سروود و گۆرانیەکانی ئیستگەی بەشی کوردی‌یەوە زۆر هەیە . هەتا بلێی خراپ تۆمار کراون . پیاو پێی شەرمە خۆیان لێ بە خاوەن بکا .

ئەگەر بۆم بگونجێ ، ئەو سروود و گۆرانیانە ، هەموویان ، لە شێوەی کتێبێکی گۆرانی‌دا بلاو دەکەمەوە . کە هەر گۆرانیە ، یان هەر سروودە ، دەقی هۆنراوەکەی ودەقی ئاوازەکەی کە بە نۆتە نووسرابێتەوە ، لەگەڵدابێ .

لە بەیانی ڕۆژی (١٢ـ١٠ـ٩٨٢) کاك لەتیف هەڵمەتی شـاعیر ، ناردراوی دەزگای (ڕۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردی) هـــەندێ پرسیاری بۆ هێنام بۆ وەرام دانەوەیان ، پشت ئەستوور بەو بەڵێنانەی بە خۆیان دابوو ، بەڵێنی دامی کە وەرامەکانم وەکوو خۆیان بڵاو بکرێنەوە.

لەم چەند لاپەڕەیەی داهـاتوودا ، دەقی پرسیار و وەرامەکانیـان دەخەمە بەرچاو .

پ١ ـ ئەم ـ ١٢ ـ ساڵەی چاپەمەنی کوردی دەزگاکەمان بە گشتی چۆن هەڵدەسەنگێنن ؟

پ٢ : دەوری بەیان لە بواری خزمەتکردنی ئەدەبی کوردی دا چـۆن ئەبینن ؟

پ٣ : ئایا گۆڤاری بەیان توانیویەتی لـەم ـ ١٢ ـ ساڵەی تەمـەنی‌دا بەشداری لە مەسەلە هەڵایساوەکانی نێو کۆڕی ڕۆشنبیری ئەدەبی کوردی بکات ... چۆن ؟

پ٤ : لە بواری خزمەتکردنی ئەدەبی و کەلەپووری کوردی دا ئایا ئەم گۆڤارە توانیویەتی شتێ بە شتێ بکات ... چۆن ؟

پ٥ : بەیانت چۆن ئەوێ لە دەرهێنانی هونەری و ناوەرۆك و بەرگ دا ؟

پ٦ : بەشداری کردنی بەیان لە بزووتنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دا چۆن دەستنیشان ئەکەیت ؟

وەرامی پرسیاری یەکەم

١ ـ ئەوەی ڕاستی بێ ، دەزگاکەتان کە ناوی (دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردی)یە ، تا ئێستا ، لە هەموو زیانی نەتەوەی کورد دا ، بە ڕواڵـەت و بە دیمـەن ، گـەورە ترین دەزگایەکی بڵاوکردنەوە و نووسینە ، کە خەریـکی وێژە و زمـانی کوردی بووبێ • بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ، دەزگاکـەتان هێشتا هـەموو پێویستییەکانی ئەدەبی کوردی پڕ ناکاتەوە • لە کاتێك دا کـە بڵاوکردنەوە و نووسینی عەرەبی بە دەیان دەزگای ، لە دەزگاکەی تێوە گـەورە تر و فرەوانتر و دەستـەڵات دارتر و بـە توانا تری هەیە ، بڵاوکردنەوە و نووسینی کوردی هەر دەزگاکەی ئێوەیە کە بۆ ئەم مەبەستە بە ئاشکرا تەرخان کرابێ و ئەمیش بە نیوە چڵیی •

ڕاستی ئـەم قسەیەمان لە یارمەتی نـە دان و چاپ نە کردنی زۆر لە کتێبی وێژەوانەکان و نووسەرانی دیدا بۆ دەر دەکەوێ، کە ئەمە وا دەکا ، ئەو وێژەوان و نووسەرانە ، بە قەرد و قەرد بە چاپ کردنی کتێبەکانیان هەڵبستن • چاپ کردنی کتێبیش بـەم هەرزانی یە !!

٢ ـ دەز گاکەتان بە گشتی، ڕووە بڵاو کردنەوەکەی ئاشکرا و ڕووتر پێوە دیارە هەتا ڕووە ڕۆشنبیرییەکەی ، واتە بڵاوکەرەوەیە زیاتر لەوەی کە خەریکی ڕۆشنبیری کوردی بێ • بۆیە بەلای منەوە دەسکاری کردنێکی بچووکی ناوەکەی پێویستە •

٣ ـ •

وەرامی پرسیاری دووەم

لە دوانزە ساڵی ڕابردوودا ، لە خزمەت کردنی وێژەی کوردی دا ، بەیان دەوری هەبووە • ئەو دەورە بەلای منەوە لە خزمەت کردنی زمانی کوردی‌دا ، وەك زمان باشتر دیارە لە ناو بڵاوکراوە جۆر بە جۆرەکانی دا زۆر ووشە و زاراوە و ئیدیۆمی کۆن و شاردراوەی ژیاندۆتەوە و هێناوەتەوە ڕوو ئەمە هەتا ئەمڕۆ • بەڵام لەوانەیە هیچ حیسابێکی نە کردبێ بۆ ئەو مەترسی‌یەی ئەمڕۆ و بەیانی لەسەر زمانی کوردی هەیە • مەترسی‌یەکەش لە بە عەرەبی ناو لێنانی ئەو دەزگا ئابووری و تەندروستی و کۆمەڵایەتی و خزمەت گوزاری یانەدا دەردەکەوێ کە لە کوردستان دا دامەزراون و دادەمەزرێن • وەك : (من ناوەکانیان وەکوو ووتنی خەڵك دەنووسم) (قرای عصری) ، (منشەی فلان شت ـ ناوەکەشی هەر بە عەرەبی) ، (عیادەی ـ فلان شت ـ بە عەرەبی) یان (صیدلیەی ئیستیشاری اولی)و بە دەیان ناوی دیی • ئەمە وەها بڕوا وای لێ دێ زۆربەی ئەو دەزگایانەی پێوەندی‌یان ڕاستە و خۆ بە ژیانی خەڵکەوە هەیە ، ناوی کوردی‌یان نابێ • شەپۆلێك لە ناوی عەرەبی دەڕژێتە ناو زمانە کەمانەوە • بە پێویستی دەزانم لەگەڵ کۆڕی زانیاری دا بیرێك لەمە بکەنەوە و چارەیەکی بۆ دابنێن •

وەرامی پرسیاری سێیەم

گۆڤاری (بەیان) ، لە بەرنەوەی ڕاستە و خۆ ، ڕێ نیشان دەر و ئاراستە کەری وێژەوان و ڕۆشنبیرانی کوردستان نی‌یە ، دەوری هەر بڵاوکردنەوەی ئەو بەر هەمانە بووە کە بە پێی بۆ چوون و لێ زانینی لیرسراو ، یان لیرسراوانی سەردەم ، هەر سەردەمێك بێ ، باش و بە کەڵك بوون ، نەیتوانیوە دەورێکی کاریگەر و بریار لەسەر دراو و

پەسندکراو بۆ هیچ مەسەلەیەکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی بنوێنێ •

بەڵێ بەشداری کردوە لە هەڵایسانی ئـەو مەسەلانەدا • ئـەو بەشدارییانەش لەوە دا خۆیان نوواندوە کە مەسەلەکانی خستۆتە ناو کۆڕی گوفت و گۆ لەسـەر کـردن و نووسین و بڵاوکردنەوە ، بـەڵام نەیتوانیوە ساغیان بـکاتەوە و دوا بڕیاریان لەسـەر بدا • جـگە لەمـە ، هەندێ مەسـەلەی ویژەیی زۆر گرنـگ هەنە ، وەك مەسەلەی (التزام) ، (بەیان) نەك هەر نەیتوانیوە ساغیان بکاتەوە و بەس ، بەڵـکوو نەیتوانیوە هەر باس کردن و گوفت و گۆ لەسـەر کردنیشیان بخاتە کایەوە •

وەرامی پرسیاری چوارەم

ئەوەی (بەیان) بۆ خزمەت کردنی ئەدەبی کوردی کردوویەتی لە بواری بڵاوکردنەوە و زیاندنـەوە و سـاغ کردنـەوەی کـەلەپووری کوردی دا ، لە بارەی گرنگی و نرخ لێ نانیەوە بە لای منەوە لە پلەی دووەمی خزمەتە گرنگەکانی دا دێ لە پاش خـزمەت کـردنی زمـانی کوردی وەك زمان ،کە لەمەوبەریش باسم کرد •

لەبەر ئەوەی زۆربەی کەلەپووری نەتەوایەتی کورد ، کۆمەڵایەتی‌و ئابووری و شتی دیی وەهایە کە زۆر پەیوەندی ڕاستە و خۆی بە باری ڕامیاری ئەم سەردەمەوە نی‌یە ، گۆڤاری بەیان لە خزمـەت کردنی‌دا درێغی کەمە ، دەقی زۆر لە بەندەکانی بـڵاوکردۆتـەوە ، لەسـەریان دواوە و هەنگاوێشی ناوە بۆ ساغ کردنەوەیان • خۆزیا ئەو بەندانە شیان لە (بەندنامە) یەكدا کـۆ کردبایەوە و هـەر هەمان خۆزیام هـەیە بۆ کۆ کردنەوەی هەموو بابەتە کەلەپووری‌یەکانی دیکەش هەر بابـەتەی بەجیا • ئەمانە دەبوون بە توومارێ زۆر بە نرخ بۆ زانینی زۆر شـــتی شاردراوەی گەلەکەمان •

وەرامی پرسیاری پێنجەم

لە پێش هەمـوو شتێکدا ، بەیانم دەوێ ، گۆڤارێکی کوردی ناوەرۆك پوخت و بە پێزو شۆڕشگێڕانە و پڕ لە شتی بە کەڵك و جوان و خۆش بێ . بەشەکانی لە لایەن شارەزاو نێ زانەکانەوە هەڵبژێردرابن . هیچ بەشێك لـە هیـچ ژمارەیەکدا نە خرابێتـە پشت گوێوە ، بـەشـی زانیـاری ، گۆشەی منداڵان ، گوڵستانی‌شیعر ، بەشی چیرۆك ، ڕەخنە گرتن و ...... هتد . هـەتا وای لێ دێ زۆربەی خەڵك بە گۆڤاری خۆی بزانێ . ئەمجـا دەر هێنانێکی هونەری جوان . هەر بەشە بە پێی بەشەکە و ناوەرۆکەکەی . بەرگیشی بە تۆفسێت ، هەر جـارە بـەرگی پێنەوەی ، وێنەیەکی ڕوونی شاعیرێك ، وێژە وانێك ، هونەرمەندێك ، پیـاو چاکێـکی ناوداری کورد و بەرگی دواوەشی ، نیگارێـکی جوانی سروشتی کوردستانی پێوە بێ .

وەرامی پرسیاری شەشەم :

گۆڤاری (بەیان) ، بەشداری یەکی باشی کردوە لە بڵاوکردنەوەی زۆر لە ڕەخنەی ڕەخنە گرەکانمان . بەمە ، یارمەتی ڕەخنە لێگیراوەکانی داوە بە تیەڕ کردنیان و زاڵ بوونیان بەسەر کەم و کوڕی‌یەکانیاندا و یارمـەتی ڕەخنە گر و نیمچە ڕەخنە گرەکانیشی داوە بۆ گەشە کردن و پێگەیشتن و کـامڵ بوون و یارمـەتی خوێنەری داوە لـە ڕووی بەرز کردنەوەی زانیاری گشتی‌یانەوە و لە دوایشدا یارمەتی وێژەی کوردی داوە کە بووە بە خاوەنی ڕەخنەیەکی ئەو تۆ کە دەتوانێ بڵێ ڕەخنـە و ڕەخنـە گرم‌هـەیە .

با ئافرەتێکی پیرۆزی وون بوون کورد به بیر خۆمان بهێنینەوه

بێوەژنێکی(٣٨) دەشتەکی ، لەپاش مردنی مێردەکەی تاکە کوڕێکی بۆ بەجێ دەمێنێ ، بەبێ سەردار و بێ کەس ، کە وادیارە لەو دێیەدا کە لەگەڵ مێردەکەی دا تێیداژیاوە ، لەپاش کۆچ کردنی ئەو ، لەبەر هەر هۆیەك بووبێ ژیانی بۆ هەڵنەسووڕابێ ، لە دەور و بەری سەد و شەست ساڵێك لەمەو بەردا ، ئەگەر کەل و پەلێکی ژیانی سادەی ئەو سەردەمەی ژیانی لادێی هەبووبێ ، شتێکی کەمی لەو شتە کەمە بۆ دەرچووبێیان‌نا ، کۆی دەکاتەوە و بەلی کوڕەکەی دەگرێ و ڕوو لە شاری کۆیە دەکا •

ناوەرۆکی ئەو بەڕێکرافەی سەرەوە بوختەی هەموو ئەوزانیارییەیە کەلەبارەی «فاتێ»ی تۆمەر گومبەتییەوە بۆ ئێمە بەجێ مابێ و زۆربەی ئەو سەرچاوانەی لە بارەیەوە نووسیویانە یەکدی گرن ، کە چۆن ئەوئافرەتە لە پاش مردنی مێردەکەی لە دێی • گۆڕ قەرەج »ی سەر بە ناحیەی «تەق تەق»ی ئێستاکەوە ، دەستی کوڕەکەی دەگرێ و لە کۆیە دەگیرسێتەوە •

هەر وەك ووتم ئەو ژنە ناوی «فاتێ» دەبێ و کوڕەکەشی • ئەو کەرەستە خاو و پاك و سادە بێ خەوشە دەبێ کە پاش ئەوەی دەستی

باش وەستای قارەمان دروست کەری کۆمەڵ و سروشت و ڕۆژگار ، بە هەموو لانەکانیەوە ، ئەرك و ئازاری چەوساندنەوە و زۆری لێ کردن ، بە هەموو شێوە کانیەوە ، دەیگانێ و لەباش تێپەڕ بوونی ماوەیەك تەمەنی پڕ لە کوێرەوەری‌یە سەری‌دا (حاجی قادری کۆیی) شاعیری یەکجار گەورەی کوردستانی لێ دروست دەکرێ • ئەو حاجی قادرەی کە بەسەربەرزی‌یەوە ، لەسەر کورسی یەکەمین شاعیری شۆڕشگێڕی نەتەوایەتی کورد ، لە ڕیزی هەرە پێشەوەی کەڵە شاعیرەکانی کوردستاندا ، دا دەنیشێ و هەموو شاعیر و بوێژ و خەباتکەرانی ئەم ڕێبازە ، سەری ڕێز گرتنی بۆ دا دەنەوێنن •

لەوانەی ئەو ئافرەتەیان بە بیردا هاتووە ، نە کەس دەزانێ ئەو «فاتێ» یە باوك و دایکی کێن • چۆن بە باوکی حاجی قادربڕاوە ؟ چەند منداڵی دیکەی بووە ؟ چۆن و بۆچی و لە کوێ مردوە ؟ لە کوێ نێژراوە ؟ لانەکانی دیکەی ژیانی چۆن بوون ؟

لە ناوەکەی «فاتێ = فاتم»ی دایکی حاجی قادری کۆیی ، کە لە نیوەی نیو دێڕی ، شیعری حاجی خۆی دا ناوی هاتووە و لەوە خەڵکی (ئۆمەرمەندان = ئۆمەر گومبەت)ە کە ئەمەش دەماو دەم هاتووە ، تا ئێستا دەرنەکەوتووە کەس هیچی دیکەی لە بارەیەوە بزانێ •

باوکم ئەحمەد بوو ، ناوی فکرم دێ
خەڵکی لادێ بوو ، دایکی من (فاتێ)(*)

من کە لەبارەی ئەم ئافرەتەوە دەنووسم ، بێ گومان تەنیا لەبەر ئەوە نی‌یە کە دایکی حاجی قادرە و وەکوو دایکێك هۆیەکی گرنگە لە بوونی حاجی قادر دا • ئەمە ئەگەر هەر لەبەر ئەم هۆیە بوایە ، دەبوو ئەم نووسینە «ئەحمەد»ی باوکی حاجی قادریش‌ی شان بە شانی

(*) دیوانی حاجی قادری کۆیی ــ چاپی هەولێر ١٩٦٩

ئەو بگرتایەتەوە • چونکە ئەویش هەر بەو بەرد و ترازووە ، لە بوونی حاجی‌دا ، ئەگەر یەکەم کەسی دەست دار نەبووبێ ، دووەم کەس هەر بووە • یان بە تایبەتی لەبەر ئەوەنی‌یە کە دەستێکی باڵای هەبووە لە ڕاست و چاك پەروەردە کردنی حاجی و پاراستنی لە پێوە نووسانی دڕکی خوو ڕەوشتی بێ کەڵك و ئازار بەخش ، لەگەڵ هەموو گرنگی‌یەکی ئەم لایەنەشەوە ، لە داڕشتنی کەسایەتی حاجی قادر دا ، ئەمە بە پێی ئەو قسەیەی کە باوە و دەڵێ : « دایك یەکەمین قوتابخانەی مرۆڤە » • ئەگەر تەنیا بۆ ئەم هۆیەش بێ ، دیسان باوکی حاجیش مافی باس کردنی هەیە و نابێ بخرێتە پشت گوێ‌وە • چونکە باوکی حاجی ، وەك لە دێڕە شیعرەکەی سەرەوەی دا دەر دەکەوێ ، تا ئەو تەمەنەی حاجی ژیاوە ، کە حاجی تێیدا گەیشتووەتە ڕادەیەکی وەها کە شتی لەبیربمێنێ ، پاش ئەوە ئەو جا مردووە • مانای وایە لە داڕشتنی بەردی بناغەی کەسایەتی و پتەوی و توند و تۆڵی حاجی دا ، لەلایەن خوو ڕەووشتەوە ، دەستێکی هەر هەبووە •

ئەگەر هەر بۆ ئەم دوو هۆیەبێ ، بۆ چی زیاد لە دایکی هەموو شاعیرە مەزنەکانی دیکەی کوردستان ، دەبێ دایکی حاجی هەڵبژێرم و لەسەری بنووسم • خۆ دایکی ئەوانیش ، لەوانەیە بە هەمان فەرمانی سروشتی و کۆمەڵایەتی هەڵساون ، یاهەڵسابن •

بەر لەوەی ئەو هۆیە دەربڕم کە هەر نەبێ ، بەلای منەوە گرنگە و پێویست دەکا سەرنجی خەڵك و تەتەوەی کوردی بۆ ڕابکێشرێ ، با جارێ پرسیارێك لە خۆمان بکەین و لە دووایشدا هەوڵ بدەین هەر خۆمان وەرامی خۆمان بدەینەوە • پرسیارەکەش ئەمەیە :-

چی دەبوو ، ئەگەر فاتمی دایکی حاجی ، حاجی قادری کۆیی

نەخستبایە بەر خوێندن ؟ وا بزانم کەس نەبێ لەسەر ڕەوایی و بەجێیی ئەم پرسیارەگلەیی هەبێ ، بە تایبەتی ئەگەر باری دارایی و کۆمەڵایەتی دایکی حاجی ، بە تێڕوانینێکی ئاسایی ، نەك بە ووردی بهێنینە بەرچاوە

بێوەژنێکی دەشتەکی ، تاکە کوڕیکی هەبووبێ و لەبەر هەر هۆیەك بووبێ ، سەدو شەست ساڵ لەمەوبەر دێیەکەی ماڵ و مێردی بەجێ هێشتبێ و ڕووی لە شار کردبێ ٠ زۆر ئاسایی و سروشتی دەبوو ، کە هەر پاش ئەوەی جێی تێدا ستار بوونی لە شارەکەدا دەست کەوتبێ،ڕۆژی دوایی ، دەستی کوڕەکەی گرتبایە و چارشەوی(٣٩) بە خۆی دا بدایا و بەسەر گوزەرە پیشەسازییە جیا جیاکانی بازاری کۆیەدا بسووڕابایەوە و لەلای وەستا کارێك‌دا بیکر دبایە شاگرد ٠ لە سەرێکەوە بۆ یارمەتی دانێکی خۆی کە ژیانی ڕۆژانەی خۆی و کوڕەکەی وە دەست بهێنێ ، لە سەریکی دیکەشەوە بۆ دابین کردنی دوا ڕۆژێکی وەك خەڵکی ئەو سەردەمە بۆ کوڕەکەی ٠ کوڕ لەو سەردەمەش دا یان دەبوو سنعەتکاری فێر ببێ ، کە ئەمەیان ئاسایی تر بوو ، ئەو کاتە ووتراوە ، (سنعەتکار بازنی زێڕی لە دەست دایە)(٤٠) وانە هەرگیز داماوی و پەك کەوتەیی و نەبوونی بە چاوی خۆی نابینێ٠ یان دەبوو بخرێتە حوجرە و بخوێنێ کە ئەمەیان کەمتر و دەگمەن بووە٠

ئەگەر ئەمە وەهابایە ، تیمەی نەوە و پیاوی ئەم سەردەمە ، لەگەڵ حیساب کردنێکیش دا بۆ زیرەکی حاجی قادر ، کە وەها دابنێین لە کۆڕی پیشە سازیدا هەر زیرەك‌بوایە ، ناوی (وەستا حاجی قادری دارتاش) یان (وەستا حاجی قادری باش جۆلاّ) یان ٠٠٠٠ هتد مان بۆ بەجێ دەما ٠ وە لەبەر کۆنتریەکەی ، وەستا حاجی قادر هەندێ لە (وەستا ڕەجەبی تۆپچی ڕەواندزی)بە ناو بانگتر دەبوو ٠ وە بۆ

مۆزەخانەی یەکێك لە شارەکانمان ، کۆنە داس ، کۆنە گاسێکی دەسکردی وەستا حاجی قادری ئاسنگەر ، یان خەنجەرێکی جەوهەر داری زەنگاوی لە دەسکردی وەستا حاجی قادری شیرگەرمان بۆ دەمایەوە .

بۆ ساغ کردنەوەی ئەو ڕاستییەش کە « فاتم » ی دایکی حاجی قادر هەژار و نە دارا بووە ، ئەم دوو سێ خەتەهۆنراوەیەی حاجی خۆی بەسن کە بکرێن بە بەڵگە ، کە لە پاش ئەوەی بووە بە پیاو و بووزاوەتەوە ووتوونی . بێ گومان هەر چۆنی لێك بدەینەوە ، هەر دەبێ ژیانی ئەو کاتەی حاجی قادری پیاو و شاعیر خۆشتر بووبێ ، لە ژیانی حاجی بە منداڵی و لە ژیانی دایکی لە کاتێکدا دایکی حاجی خۆی و حاجی بە خێوکردووە وە دەبێ حاجیش لە دایکی دارا تر و دەست ڕۆیشوو تر بووبێ .

حاجی لە نامەیەکیدا ، کە بۆ دۆستێکی نووسیوە و بۆ کۆیەی ناردوە . بە دۆستەکەی دەڵێ :ـ

وە بیرت دێ زەمانێ چوینە باڵەك .
بەپێ خاوسی ، نە کەوشم بوو ، نە کاڵەك ؟(٤١)

بە فەقێیەتی ، هەر لە کۆیەوە هەتا باڵەکایەتی کە ناوچەیەکە لە نێوان ڕەواندزو حاجی ئۆمەراندایە ، بەبێ پێلاو ڕۆیشتووە کە بە حیسابی جاران سێ ڕۆژ ڕێیە و بایی کڕینی جووتێ پێلاوی لە دەست دا نەبووە . لە جێگایەکی دیکەدا دەڵێ

هەر منم ئێستا وارثی عیسا
بێ کوڕ و ماڵ و بێژن و مەئوا(٤٢)

دوا نموونەم لەسەر هەژاری حاجی قادری شاعیر و پیاو لە ناو شیعرەکانی دیکەیدا ئەمەیە

سەعدی ایبامی خۆی نەبوو نانی
وەکوو من بوو ، گەڕۆك و بێ خانی(٤٣)

جا ئەگەر حاجی بە گەورەیی و بە شاعیری ئەمە باری ئابووری و ژیانی دارایی بووبێ ، ئەدی دەبێ بە هەتیوی ، یان دەبێ دایکی حالی چۆن بووبێ ؟

یەکێك لە نووسەرەکان(٤٤) کە زۆر خۆی بە حاجی قادرەوە ماندوو کردووە ـ وەك لە بیرم مابێ ـ شتێکی وەهای لە بارەیەوە گوتووە ، کە حاجی قادر لەسەر دەمی فەقێیەتیدا ، شاگردیی کەوش دوورویی کردبێت و ئەم ئیش‌کردنە وای لە حاجی کردبێ هەندێ لە خوێندن دوابکەوێ . کە ئەمە بە شێوەیەکی نا ڕاستە و خۆ بەڵگەیە لەسەر نە دارایی دایکی حاجیی ، کە ئەمەندەی نەبووە کوڕەکەی پێی بخوێنێ ، ئەمە لەسەر دەمی ژیانی دا ، وە ئەمەندەی نەبووە بۆ کوڕەکەی بەجێ هێشتبێ کە خوێندنەکەی پێ تەواو بکا . ئەگەر لە کاتی ئیش کردنی حاجیدا ، دایکی نەمابێ .

با لێرەدا بەشی دووەی وەرامەکە بدەمەوە . یان با بڵێم وەرامدانەوەی پرسیارەکە کۆتایی پێ بێنم :

ئەگەر (فاتێ)ی دایکی حاجی قادری کۆیی ، بە منداڵی حاجی قادری بخستبایە بەر فێر بوونی پیشە سازی و کاسبی پێ بکردایە و حاجی فێری خوێندەواری نەبایە ، ئێمە ئیمڕۆ (باش وەستا حاجی قادر)مان دەبوو .

زۆربەی ئەمەن و ژیانی لە دروست کردنی ئەو بەرهەمـە دا بـە سەر دەبرد کە بەپێی شارەزایی ئەو سەردەمە ، حاجی پسپۆڕیی تێدا پەیدا دەکرد • بە فرۆشتنی ئەو بەرهـەمە ، بە کڕینی کەرەستەکانی کە لە دروست کردنی ئەو بەرهەمەدا بە کار دەهێنران • ئەگەر دەرفەتێکیشی دەست بـکەوتایە ، خەریکی ماڵ پێـکەوەنان و منداڵ پەروەردە کردن دەبوو • وەك هەزاران باش وەستای ئەو سەردەمە ، ئاگای لـە ژیانی نا لەباری گەلەکەی و باری ژێردەستی و دوواکەوتەیی نیشتمانەکەی نە دەبوو • بەم جۆرە دەژیا ، هەتا بۆ دواجار سەری دەنایەوە •

ئەگـەر کەسانێك هەبن و بڵێن کـە تەنانەت لەوبارەشدا ، لەوانە بوو کـە حاجی شتێك لە وورییایی و ڕووناکی بـکەوتایەتە مێشکـەوە و ئێمەش ئەمەیان بۆ بسەلمێنین کە وەهایە ، دیسان دەڵێم :

هەر چۆنێ با ، ئێمـە ئیمرۆ ، حاجی قادری کۆیی ، کەڵە شاعیری پێشەوا و مامۆستای شاعیرانی شۆڕشگێری نەتەوایەتیمان نە دەبوو • وە لە جیاتی ئەو سەدان گلۆپە گەشەی لە میراتی ئەوەوە بۆمان بەجێ ماوە ، کـە هەر دێڕە هۆنراوەیەکی یەکێکە لەو گلۆپانە و ژیانی سـەردەمی خـۆی و ڕێبـازی نەتەوایەتی و شۆڕشگێڕیەتی و بـگرە تا ڕادەیەکی باشیش ڕێبـازی ئەوەی پێشـان داوین کـە پشت بە شوان و گاوان و سەپان و ئیشکەران ببەستین ، دەڵێم لە جیـاتی ئەوانە ، ئێستە پارچـە ئاسنێك یان بێشکەیەکی جوان ، یان تۆپێکی کە بە پەڕۆبتەقێندرێ ، یان هـەر شتێکی دیکەی لەم چەشنەمان ، لە یەکێك لە مۆزەخانەکاندا لـە حاجی یەوە بۆ دەمایەوە • ئەمەش ئەگـەر بمابایەوە •

لەو سێ چاکە یە گەورەیەی «فاتم» ی دایکی حاجی کـە بەسەر حاجی کوڕی یەوە هەیەتی ، یان هەی بووە ، (دایکایەتی ی — پەروەردە

کردنی بە خوو ڕەووشتی باش و بەکەڵك و جوان ـ خستنە بەر خوێندنی) ، ئەمەی دوایی یان ، هەر چەندە بە پلە و بە قۆناغ لەپاش دوو پلەکەی پێش خۆی دادێ ، بەڵام لە گرنگی دا تا ئەو ڕادەیەی پێوەندی بە گەل و نیشتمانی کورد و بە حاجی خۆشیەوە هەیە ، ئەم چاکەیەیان پێش ئەوانی دیی دەکەوێتەوە .

ڕاستە وەکوو هەموو ئەو ئافرەتانەی دیکەی گێتی «فاتم»ی دایکی وەکوو دەڵێن «حاجی بە چەرمی زگ هەڵگرتووە» و پەروەردەیەکی باش و ڕاست و بە کەلکیشی کردووە ، ئەگەر نەیخستبایە بەر خوێندنەوە ، بەرهەمی ئەو دوو چاکەیە ، ئەم بەرهەمە بە پیت و بە پێز و فەڕ نەدەبوو . ئەم هەنگاوەی «فاتێ»ی دایکی حاجی قادر ، هۆیەکەی ئایا دوور بینی ئەو ئافرەتە بووبێ ، یان بێ تەماحی و لە خۆ بووردوویی ، یان لەوەوە هاتبێ کە حەزی کرد بێ کوڕەکەی لە جیاتی خۆی فێری خوێندنی ئاینی و دونیایی بێ ، یان هەر هۆیەکی دیی بووبێ . لە ناو هەموو ئەو شتانەی بوونەتەهۆی پێگەیاندن و گەیشتنی حاجی قادر بەو پلەیەی کە پێی گەیشت ، باشترین و بە کەڵك ترین و پیرۆز ترین شت بووە . ئەمە نەبایە ، حاجی قادری کۆیی هەرگیز نە دەبوو بەو کەڵە ، نەمرە ، قارەمانە ، ڕاست گۆیە شاعیرە .

ئەو نووسەرەی لەمەو بەر پەنجەم بۆ یەکێك لە ووتەکانی درێژ کرد (٤٩) هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی کە هۆی سەرەکیی لە درووست بوونی حاجی قادری کۆییدا ، بەو چۆنیەتییەی کە هەیە ، بداتە پاڵ چاکە لەگەڵ کردن و یارمەتی دانی باپیرانی و بنەماڵەی خۆیان بۆ حاجی قادر .

ئەو نووسەرە بەو لایە دا هەر نەچووە کە « فاتم »ی دایکی حاجی قادر هەر نەبێ دوو هەنگاوی هەوەڵی و سەرەتایی کە گرنگترین هەنگاون لە دروست بوونی حاجی دا ، ئەو هاویشتوونی کە یەکەمیان پەروەردە کردنی حاجی بووە بەو خوو ڕەووشتە بەرز و پیرۆزە قووڵ و پڕ لە خۆ بەخت کردن و ئازایەتی‌یە کە لە ناوەرۆکی هۆنراوەکانی دا دەی بینین و هەستی پێ دەکەین و دووەمیشیان حاجی‌خستنە بەر خوێندن و بە حاجی خوێندنە ، کە بەبێ هاویشتنی ئەم دوو هەنگاوە ، کە ئەمە تەنیا هەر بەو ئافرەتە دەکرا و کردوویەتی ، بە تایبەتی هەنگاوی دوایی یان ، حاجی نەدەبوو بەم حاجی‌یە مرۆڤ و هەستیار و شاعیر و زیر و شۆڕشگێڕە .

قسەی ئەو نووسەرە ، بۆ گەڕانەوەی هۆی سەرەکی لە پێگەیشتنی حاجی قارد دا بۆ بنەماڵەی خۆی ، قسە و بۆچوونەکانی ، وانەبن ، یان وەهابن ، کە تیرە جێگەی ساغ کردنەوەی ئەم چەند و چوونە نی‌یە،بەڵام با تەنیا بۆ خاتری ئەو بڵێین وایە و کراوە و تەواوە ، لەگەڵ ئەمەشدا ، گرنگی ئەو یارمەتی و چاکی‌یە ، لە گرنگی و کاریگەری دا لە دوای ئەم هەنگاوەی دوایی « فاتم »ی دایکی حاجی قادر دا دێ .

وە نەبێ تەنیا هەر ئەو نووسەرە لەم مافەی « فاتێ »ی دایکی حاجی قادری چاو پۆشی کردبێ . بەڵکوو هیچ نووسەرێکی دیکەش بەلای دا نەچووە . بەڵام ئەمیان لەبەرئەوەی نووسینەکەی لەسەر حاجی زۆر دور و درێژە ، لەم لایەنەوە زیاتر شایانی گلەیی لێ کردنە . چونکە گەلێ شتی زۆر وورد و تا گرنگی شی‌ی کردۆتەوە و دوو بارە و چەند بارەی کردونەتەوە . کەچی بۆ باس کردنی مافی ئەم ئافرەتە و ڕۆڵە مێژوویی‌یەکەی لە دروست بوونی حاجی قادر دا ، هەر وەك ئەوە کە نەبووبێ و سفری لە دوای فاریزە بووبێ ، خۆی لێ بێ دەنگ کردووە .

« فاتیح » جگە لەوەی کە دایکی حاجی بووە ، ماوەیەکی باشیش لە جێگەی باوکیشی بووە ، لەم ڕووەشەوە جاکی یەکەی بە سەرمانــەوە زیاتر بووە لەوەی کە لەمەوبەر ووتمان •

تا ئەمڕۆ ، تا بڵاو کردنەوەی ئەم ووتارە کورتە ، هەموولایەکمان ، بە گشتی کەمتەر خەمیمان کردوە لەوە دا کە ئەو ئافرەتە پیرۆزە مافی خۆی نە دراوەتێ • هیوادارم ئەم چەند دێڕە ، یەکەم ڕێز لێنانی بێ و دوایی نەبێ وە لە دوا ڕۆژدا لە ناو ئافرەتانی کوردستان دا ، جێـگەیەکی دیار و بەرز و شیاوی بۆ تەرخان بکرێ و لە ڕۆژە مـێژوویی‌یەکانی ئەدەبی کوردیشدا بەشی‌ی خـۆی بدرێتێ •

سلێمانی ٨ / ئادار / ١٩٨٤

پەراوێزەکان :

١ ـ (پێشنیاز) ڕاستە • (نیاز) دەخرێتە پێشەوە •

٢ ـ (وێژە) ڕاستە •

٣ ـ عبدالرزاق بیمار

٤ ـ قوتابخانەی سەرەتایی •

٥ ـ زمان ••• جاران (زوبان)یش بەکار دەهات [زوبانی حاڵی ئەحمەد هەر ئەڵێ ووریا بە ئـەی میللەت ـ بزانن بەردی ئـەم شاخانە ئەڵماس‌و گوهەرتانە] ـ ئەحمەد بەگی صاحبقران

٦ ـ هەش = خوم •

٧ ـ گزنگی هەتاو ـ خالید دلێر ـ ١٩٥٧ ـ چاپخانەی ترقی ـ کەرکووک•

٨ ـ نشرت الجزء الاعظم من هذا الفصل من القصـيدة ضمن مجموعـتي الشعرية الثانية المسماة (بەرەو لووتکەی ئاوات ـ نحو قمة الاماني ـ ١٩٧٩ ـ مطبعة جامعة السليمانية •

٩ ـ هەتا پەراوێزی ژمارە (١٩)ەش ـ قسەی پێشینانن

٢٠ـ قراءة في ـ بەرەو لووتکەی ئاوات ـ نحو قمة الاماني ـ كمال غمبار ـ جريدة العراق ـ العدد/ ١٠٨٥ ـ الصفحة الثالثة ـ يوم الخميس ـ ٢٠ / ايلول / ١٩٧٩ •

٢١ـ شیعری تاهیر بەگی جاف •

٢٢ـساڵی لە دایك بوونی [دیوانی حاجی قادری کۆیی ـچاپی سێیەمین ـ چاپخانەی کوردستان ـ هەولێر ـ ١٩٦٩ ـ ل ٣
ساڵی کۆچ کردنی [تێگەیشتنی ڕاستی ـ شوێنی لە ڕۆژنامە نووسی کوردیدا ـ د • کەمال مەزهەر ـ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغدا / ١٩٧٨]

٢٣ـ دیوانی حاجی قادری کۆیی ـ ل ٨٢ ـ سەرچاوەی پێشوو

٢٤ـ بەرەواژ = کورت کراوەی (بەرە و ئاوەژوو)ە •

٢٥ـ ئەنجومەنی ئەدیبان ـ ل ٢٣ ـ ئەمینی فەیضی ـ چاپخانەی کـۆڕی

زانیاری عیراق ـ بەغدا / ۱۹۸۳

٢٦ـ تێگەیشتنی ڕاستی ـ سەرچاوەی پێشوو ـ ل(١٠٨)

٢٧ـ گۆڤاری شەفەق ـ ژمارەیەك ـ سالی یەکەم ـ ١٥ی کانوونی دووەم / ١٩٥٨ کە لە کەرکووك دەردەچوو ٠

٢٨ـ گۆڤاری شەفەق ـ ژمارە پێنج و شەش ـ سالی یەکەم ـ مایس و حەزیران / ١٩٥٨

٢٩ـ مێژووی ئەدەبی کوردی ـ ل ٣٧٤ ـ چاپی دووەم ـ علاء الدین سجادی ـ بەغدا / ١٩٧١ ٠

٣٠ـ مێژووی ئەدەبی کوردی ـ چاپی دووەم ـ علا الدین سجادی بەغدا / ١٩٧١ ٠

٣١ـ دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ـ چاپخانەی مەریوان ـ بەغدا / ١٩٣٥

٣٢ـ دیان = مەسیحی ، (ئاسوری) یەکان یا خود (تیاری) یەکان کە بەشێکن لە دیانەکان (فەلە) شیان پێ دەڵێن

٣٣ـ پاسەوانی شەوان

٣٤ـ جاران شیری میسرێ بە ناو بانگ بووە ـ ووتراوە زمانی دەڵێی شیری میسرە ناچێتەوە کالانێ٠ئەو جا گۆرانیە کە لە (شا میسری) مەبەستی شای ئەو شمشێرانەبووە بەم بۆنەیەوە با لێرەدا ئەم تێبینییەش بخەمە بەر چاو :ـ جاران کە بە هۆی کەمی تێگەیشتنی خەڵك و قۆناغی مێژوویی دەرەبەگایەتی و نیمچە دەرەبەگایەتی ئەو سەردەمەی کوردستان ـ (شایەتی) (سوڵتانیەتی) کە لووتکەی دەسەڵات داری‌یەتی و چەوساندنەوەی خەڵك بوون لە کوردستان دا باویان هەبووەو بە چاوی گەورەیی ئەو سەردەمەوە سەیریان کراوەو ئەمە لە ئەدەبەکەشمان دا بەم شێوەیە باس کراوە لەم ڕۆژگارەدا (سوڵتانیەتی)یەکە نەماوە بەلام (شایەتی) یەکە لەم سەردەمەشدا ، سەردەمی ڕاپەڕینی گەلانی ئازادیخواز و بەرەوهەڵدێر ڕۆیشتنی ئیمپریالیزم ، جار و بار لە وێژەکەمان دا هەر سەر بەرز دەکاتەوە!٠

٣٥ـ گوڵە سمەر = کورتکراوەی (کوڵ ئەسمەر)٠

٣٦ـ ئەوی نێوان کەوانەکە ، لە شریتە تۆمارکراوەکەی لێم وەرگرتووە بۆم ساغ نەبۆوە کەچییە ٠

٣٧ـ وەکوو لە بەیتەکەدا دەر دەکەوێ ، دەبێ ئەو (ووسووی مووغانیی)یە جوولەکە بووبێ و کابرایە کی دەوڵەمەند بووبێ و یەکێك بووبێ لە دەستەڵات دارەکانی دارایی ئەو میرنشینە ، یان ئەو ناوچەیە ، ئەمە ئەگەر ئەفسانە کە هیچ پەیوەندیەکی بە ڕاستییەوە بووبێ

٣٨ـ بۆچی «بێوە مێرد» نەبێ کە لە «بێمێرد»ەوە نزیکە و پیاوی ژن مردووش «بێوە ژن» نەبێ ، کە لە «بێژن» ەوە نزیکە ؟! پرسیارێکە ئاراستەی ئەو کەسانەی دەکەم کە پسپۆڕی زمانەوانی کوردین

٣٩ـ چار شەو = چار شێو = قوماشێکی ئەستووری ڕەش ، لە جیاتی عەبا ، جاران ، ژنە کۆیی‌و ... هتد بۆ خۆ داپۆشین بەکاریان دەهێنا .

٤٠ـ قسەیەکی پێشینانی ناوچەی کۆیەیە .

٤١ـ کارەك ـ بە شێوە زمانی کۆیە ، جەشنە پێلاوێکە لە پێستی ئەستوور و دەزو و ئاوریشم دروست دەکرێ . جاران یەکێك بوو لەو پیشە سازی‌یانەی کە لە کۆیە پێشکەوتوو بوو . پیاوان بۆ دەرەوەی ماڵ لە پێیان دەکرد . ئێستا زۆر کەم بووەتەوە . شیعرە کە لە دیوانی حاجی قادری کۆیی ـ چاپخانەی کوردستان ـ هەولێر ١٩٦٩

٤٢ـ سەرچاوەی پێشوو

٤٣ـ سەرچاوەی پێشوو

٤٤ـ مەبەستم (مەسعود محەمەد)ە

« سوپاس »

کاك (حەویز بەکر ئەمین چاوشین) ی خاڵۆزام
بە دەست قەرز پارەی چاپکردنی ئەم کتێبەی
داوەتێ ، سوپاسی دەکەم •

لە کتێبخانەی نیشتمانیدا ژمارە (١٤٣٩)ی ساڵی
(١٩٨٥)ی دراوەتێ